ENDESE

# من أەمەم

## لۆنا دڵشاد مەریوانی



238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

**پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚**

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

# Ktebi_PDF





# من ئەمەم

## لۆنا دڵشاد مەریوانی

ENDESE

ناوی کتێب: من ئەمەم

ناوی نووسەر: لۆنا دڵشاد مەریوانی

بابەت: ئەدەبی

نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٨

چاپخانە: ئەندێشە

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٤٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٩٧٩)ـی ساڵی (٢٠١٨)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

Scanned with CamScanner

# پێڕست


پێشەکی.................................................. ١١
ئاوێنەکەت.................................................. ١٥
ماسیی بێ پاسکیل.................................................. ١٧
نەفرەتێک.................................................. ٢٠
ژیانێک.................................................. ٢٤
نەبوونی ئاسمان.................................................. ٢٦
ژنی جوانی.................................................. ٢٩
سوالکەر.................................................. ٣٢
هاورێیەتیی تایبەت.................................................. ٣٥
ناشکێت!.................................................. ٣٩
دیدارێکی نوێ.................................................. ٤٠
لێدانی "ئیحتیادی".................................................. ٤٣
لەخۆیەوە ڕقی لێتە.................................................. ٤٦
پێناسە.................................................. ٤٩
سوپاسنامە.................................................. ٥١
دلشکان.................................................. ٥٥
بە خەونیش.................................................. ٥٨
پیاوت بۆ دەکوژم!.................................................. ٦١
بەیانی چی لەبەر بکەم؟.................................................. ٦٣
نیو مێینە.................................................. ٦٥
تەنیا لەبەر ئەوەی.................................................. ٦٧
ژووانی سێقۆلی.................................................. ٦٩
کێ تێدەگات؟.................................................. ٧٢
تاقیکردنەوە.................................................. ٧٥
کچان!.................................................. ٧٧


Scanned with CamScanner

پێکەوەخەوتن یان ئەتککردن؟.......................... ٧٩
نیـو......................................................... ٨٢
سەروو جوانی............................................ ٨٤
چـاوەڕێ مەبـە!............................................ ٨٧
زانیارییـەک................................................. ٨٩
شـاردراوە.................................................. ٩١
نیوە باشەکە................................................ ٩٣
کەواتە بۆ هەیت؟.......................................... ٩٦
من ئەمەم!.................................................. ٩٨
ئاشـتبوونەوە.............................................. ١٠١
هونەری وەڵامدانەوە بۆ کاتی پێویست!....... ١٠٤
ئیشت چی بوو؟........................................... ١٠٩
ماڵـەوە..................................................... ١١٣
تۆ تاوانباریت.............................................. ١٢٠
گـورگ...................................................... ١٢٧
بازنـە....................................................... ١٢٨
بەهای تەنیایی............................................ ١٣١
کرپـار...................................................... ١٣٣
ئازادتـر..................................................... ١٣٩
نەخۆشـی.................................................. ١٤٢
بۆ خۆتان جوان نییە!.................................. ١٤٤
بۆشـایی.................................................... ١٤٦
نامـۆ........................................................ ١٥٠
فزووڵ....................................................... ١٥١
بەهـرە...................................................... ١٥٤
هەڵە گەورەکە............................................. ١٥٦
ئەزمـوون.................................................. ١٥٩
لە کۆتاییدا................................................ ١٦٢


Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە شیرین ک.ی دایکم
ئەو ژنەی بە ژیان و پەروەردەکەی فێری کردم مرۆڤبوونم،
نەک ڕەگەزەکەم ناسنامەم بێت.

Scanned with CamScanner

”من ئەو کەسەم هەر لە سەرەتاوە ئەوەم هەڵبژارد
بە هیوای بردنەوەی خۆم
هەموو جیهان بدۆڕێنم.“

– غادە سەمان

Scanned with CamScanner

# پێشەکی

دڵنیام یەکەم پرسیار هەر خوێنەرێک لەسەر ئەم کتێبە لەلای دروست دەبێت ئەوەیە ئەم کتێبە چییە؟ باسی چی دەکات؟ چیرۆکە؟ خەیاڵە؟ کۆمەڵە وتارە یان چی؟ لە ڕاستیدا نازانم چۆن بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بۆیە دەڵێم هیچیانە و هەمووشیان، ئەم کتێبە تێکەڵەیەکە لە چیرۆک و وتار و بەسەرهاتی ڕاستەقینە لە بەرگێکی ئەدەبیدا و شیعر، ئەزموون، هەست، خەیاڵ، خەون، ئاوات، ترس، نائومێدی، گلەیی و دەردەدڵێ و... هتد کۆکردنەوەی هەموو ئەمانەش لە یەک کتێبدا بانگێشتنامەیەکە بۆ ناو جیهان و هەست و دەروونی ئەم بوونەوەرە هەمیشە نامۆیەی پێی دەگوترێت ژن، بوونەوەرێک کە هەمیشە لەبەر ئەوەی پلەیەک لە خوار مرۆڤەوە یان لە سەروو مرۆڤەوە دەبینرێت - بەڵام هەرگیز وەک مرۆڤی تەواو نا - ستەمی لێ دەکرێت. بەمەش ئازادیی سنووردارە، بڕیاری پێشوەخت بەسەریدا زیاترە، هەڵەکانی ئەو زەقتر دەر دەکەون، پێشبینییەکان بۆی یان گەورەترن یان کەمترن و سزاکانی توندترن و چانسی لێخۆشبوونیشی کەمترە.

بەڵام من هیوادارم وشەکانی ناو ئەم کتێبە، ئەگەر تا ڕادەیەکی زۆر کەمیش بێت، بتوانن کەمێک لە پیاوان و لە خودی ژنانیش بەم مرۆڤە ئاشنا بکەنەوە و یارمەتییان بدەن، کە تێبگەن لەوەی ژن نە فریشتەیە و نە ئەهریمەن، نە بوونەوەرێکی پایە بەرز و پاک و بێگەردە و نە بوونەوەرێکیشە لە ئاستی ڕەفتار و تێگەیشتنی ئاژەڵێکی شیردەردا! تێبگەن کە ژن نە گوڵدانێکی



Scanned with CamScanner

شووشـەیە کە درزی تێ بوو بە هیچ چاک نەبێتـەوە، نـە بەڵایـە، نە زەعیفەیـە، نـە کەمئەقڵـە و نـە بوونەوەرێکی ئاڵۆزە لـە سـەروو تێگەیشـتنەوە، بەڵکـو ژن مرۆڤـە بـە هەمـوو باشـی و خراپـی و جوانی و ناشیرینییەکانییەوە و ئەوەی لەو چاوەڕوان دەکرێت هەر ئەوەیە کە دەبێت بە گشـتی لـە مـرۆڤ چاوەڕوان بکرێت. هـەر کاتێکیش ئـەم جۆرە تێڕوانینـە بۆ ژن دروسـت بـوو و چەسپا - هەڵبەت ئەمـە بەم کتێبەی من ناکرێت بەڵکو شۆڕشێکی گـەورەی دەوێت - ئیدی کێشـەکانی ژن وەکو کێشـەکانی مرۆڤ بـە گشـتی دەبینرێن و بەجییدیتر هـەوڵ بۆ چارەسـەرکردنیان دەدرێت.

هەندێک لـە نووسـینەکانی نـاو ئـەم کتێبـە، بـە تایبـەت نووسـینە کورتـەکان، پێشـتر لـە ڕێـی پەیجەکەمـەوە لـە فەیسـبووک بـڵاوم کردوونەتـەوە، بـەڵام دووبـارە بڵاوکردنەوەیـان لێرەدا دەرفەتێکـە بـۆ ئـەو پاڵەوانانـەی - ئەمـە لـەم سـەردەمەدا پاڵەوانییـە - کـە ژەهـری فەیسـبووک و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ژیانـی داگیـر نەکردوون تـا لێرە لە ڕێگەی ئەم کتێبـەوە بتوانن ئـەو نووسـینانە بخوێننـەوە.

وەک ناوەڕۆک، بەشێکی زۆری نووسینەکانی ئەم کتێبە بەرهەمی خەیاڵ و چاودێریکردن و وردبوونەوە لە ژیانی مێینەکانی چواردەورم و کۆمەڵگە و جیهانن، چەند دەقێکی کەمی لێ دەر چێت، کە بەڕوونی دیارن، ئەوانی دیکە هیچی باسی خۆم و ژیانی تایبەتی خۆم نین - جارێ زۆر زووە بۆ نووسینەوەی یادداشتنامەکانم - بەڵام زۆریش لە دەقەکان شتێک لە چیرۆکی ڕاستیی کەسانی نزیک و هاوڕێ و ناسیاومی تێدایە، بەڵام بێگومان بە دەستکاری و شتێکی زۆر لە خەیاڵی خۆمەوە.

لـە کۆتاییشـدا، ڕەنگە هەندێک بابەتەکانـی ئەم کتێبەیان تەواو لا لاواز و هەرزەکارانـە بێت، ڕەنگـە هەندێکیش تـەواو لایـان ئیشـێکی پێشـکەوتوو و گرنگ بێت و پێی سـەرسـام بن، نازانم تا چ ڕادەیەک ئـەو دوو تێڕوانینـە ڕاسـتن، بـەڵام ئـەوەی دەیزانـم ئەوەیـە شـتێکی زۆر لـە سـادەیی و ڕاسـتگۆییم لـە هەمـوو نووسـینەکاندا بـەکار

هێناوە بە جۆرێک کە دڵنیام ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ دڵ و ڕۆحی هەندێک کەسدا دەکەن، ئەو کەسانە ژمارەیان چەندە گرنگ نییە بۆ من، گرنگ ئەوەیە کە توانیومە وشەکانم بگەیەنمە ئەوان و وایان لێ بکەم کەمێک کەمتر لە جەنگە کەسییەکانیاندا هەست بە تەنیایی بکەن، دواجار ڕاستە ئەم کتێبە لەپێناو خزمەتکردنی هاوڕەگەزەکانمدایە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ هەموو ئەوانەیە کە پێویستیان بەو وشانەیە، بۆیە ئەو کەسانە هەر کێ بن و لە هەر کوێ، ئازیز و خۆشەویستی منن.

**لۆنا دڵشاد مەریوانی**

Scanned with CamScanner

# ئاوێنەکەت

دڵت ئاوێنەیەکی زیوی بێ خەوش بوو، هەمیشە بەسەرسامییەوە لە بەردەمیدا دەوەستایت و لە خۆت دەڕوانی و دەتگوت، "ئای خوایە گیان، چەند جوان دروستت کردووم!"

بەڵام ڕۆژێک یەکێک هات، وشەیەکی بە دەستەوە بوو، پارچە ئاسنێکی تیژ بوو، لەگەڵ تێپەڕینی بەلای ئاوێنەکەتدا جوان لە ڕووی ئاوێنەکەی خشاند و ڕووشاندی، ئیدی تۆش هەرچەند لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆت دەکرد، وەک جاران دڵخۆش نەدەبوویت، چونکە ئەو ڕووشاوییەت بە ڕوخساری خۆتەوە دەبینی، بەڵام هێشتا هەر سوپاسگوزار بوویت، هێشتا زەردەخەنەت بۆ خۆت دەکرد و دەتگوت، "خۆ منیش ئەو خراپە نیم، بەشی خۆم جوانم!"

بەڵام ڕۆژێک کەسێک، دەستەکانی پیس بە بیرکردنەوەکانی، هات جوان جوان هەردوو دەستی خستە سەر ڕووی ئاوێنەکە و دوو پەڵەی گەورەی پێوە جێ هێشت، ئیدی تۆش کە لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆت دەکرد، نەتدەتوانی وەک جاران زەردەخەنە بۆ خۆت بکەیت، چونکە دوو پەڵەی گەورە، شێوەی تۆیان شێواندبوو، ئیدی بەخەمباری دەتگوت، "ئای، خۆ من هیچ جوان نیم!"

بەڵام شتەکە لێرەدا نەوەستا، ڕۆژێک کەسێکی تر هات، گەرووی پڕ لە ڕق و سووکایەتی و تۆمەت و بوختان، زۆر بێشەرمانە قرخەقرخێکی کرد و یەک تۆپەڵ تفی گرتە ئاوێنەکە و ڕۆیشت، ئیدی تۆش قێزت دەهاتەوە لە سەیرکردنی خۆت،

چونکە ئەو تفەت بە ڕوخساری خۆتەوە دەدی و شەرم و ڕق دای دەگرتیت و دەتگوت، "ئای، من چەند پیس و قێزەونم!"

لە کۆتاییشدا ڕۆژێک کەسێک هات، گیرفانی قورس بە نائومێدی و شکست، زۆر بەڕقەوە بەردێکی لە گیرفانی دەر هێنا و گرتییە ئاوێنەکە، ئەویش هەر لە جێی خۆیدا دەیان درزی بچووک و گەورەی تێ بوو، ئیدی تۆش تەنانەت نەتدەوێرا لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆت بکەیت و دەتگوت، "ئای خوایە گیان، ئەو شتە ترسناکە منم؟"

نا تۆ نیت، گیانەکەم ئەوە ئەوانن، خاوەن قسە و بیر و کردارە ناشیرین و ڕووخێنەر و پیس و قێزەونەکانن، نەک تۆ، ئەوە ئەوان بوون بەرگەی بینینی ڕوخساری پیس و ناشیرین و ترسناکی خۆیان لە ئاوێنە ڕوون و بێخەوشەکەی دڵی تۆدا نەدەگرت بۆیە شێواندیان، بەڵام گەر جوان سەیر بکەیت، دەبینیت لە ڕاستیدا ئاوێنەکەی تۆ دوو دیوی هەیە، دیوەکەی خۆت هێشتا ئاوێنە زیوە بێخەوشەکەی جارانە و ئەوەی شکاو و پیس بووە تەنیا دیوەکەی ئەوانە.

# ماسیی بێ پاسکیل

**"ژن بەبێ پیاو، وەک ماسیی بێ پاسکیل وایە."**
**- گلۆریا ستاینەم**

ڕەنگە تۆی پیاو و تەنانەت تۆی ژنیش ئەم وتەیەی سەرەوە ڕات چلەکێنێت و بە سووکایەتی دابنێیت، یان ڕەنگە هەست بکەیت چانسێکی ئاڵتوونیت دەست کەوتووە تا گومان بخەیتە سەر ژیری و تێگەیشتنم و بڵێیت، "ئەی ئەگەر وایە بۆچی خۆت هاوسەرگیریت کردووە؟ ئەی تۆ ناڵێیت ژن بەبێ پیاو وەک ماسییە بەبێ پاسکیل؟" ئەو پرسیارە ڕاستە و زۆر لە جێی خۆیدایە، دانیش بەوەدا دەنێم کە من بەبێ هاوسەرەکەم ماسییەکی بێ پاسکیل نیم، بەڵکو ماسییەکی نێو پەرداخێکی بچووک ئاوم، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی من لاواز و بێدەسەڵاتم یان لەبەر ئەوەی من مێینەم – ئەوەی لای خۆمان پێی دەڵێن زەعیفە – بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو هاوڕێ و خۆشەویست و هاوژینی منە و هەمیشە زۆر باش لێم تێگەیشتووە و پشتگیریی کردووم و هانی داوم، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی پیاوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مرۆڤە و مرۆڤێکی زۆ باشە.

هەڵبژاردنم بۆ ئەو وتەیەی ژنە فیمینیست و میدیاکار و چالاکوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی *گلۆریا ستاینەم*، لەبەر ئەوە نییە حەز دەکەم دژایەتیی پیاو بکەم، وەک چۆن زۆر پیاو ئەو گلەییە لە ژنە فیمینیستەکان دەکەن – هەڵبەت من خۆم بە



Scanned with CamScanner

فێمینیست ناو نابەم - یان بمەوێت ڕۆڵی پیاو لە کۆمەڵگە و ژیانی ژناندا بێنرخ بکەم و لە هاوکێشەکە دەریان بکەم، بەڵکو هەڵبژاردنم بۆی لە لێکدانەوەی پشت ئەو وتەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەویش ئەوەیە ژنانیش وەک پیاوان مرۆڤن و چۆن مرۆڤ دەتوانێت بە تەنیا بژی و پشت بە خۆی ببەستێت، ژنانیش دەتوانن ئەوە بکەن، بەو مانایەش، ئەوەی وا دەکات ژن پیاوێک لە ژیانیدا هەبێت، نابێت لە لاوازییەوە بێت، بەڵکو دەبێت لەوەوە بێت کە ئەو وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەم گەشتەی ژیاندا دەشێت پێویستی بە هاوڕێ و هاوسەفەرێک هەبێت.

ئەم وتەیە کاتی خۆی لە جیهاندا هەرایەکی زۆری نایەوە، بەڵام ئێستا لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا کەم تا زۆر پەیڕەو دەکرێت و دەبینین زۆر بە ئاسانی ژنان لە هەژدە ساڵییەوە ئیتر تەواو پشت بە خۆیان دەبەستن و بە تەنیا دەژین و دەخوێنن و کار دەکەن و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان دەدەن، بەڵام لەلای ئێمە هێشتا ئەمە لای زۆرێک بە عەیبە و بێڕەوشتی دادەنرێت و هێشتا ژن بێ پیاو وەک ماسی ناو بیابان وایە! ئەمەش چونکە زۆر جار وەک مرۆڤ سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی لاواز و بێدەسەڵات کە هەمیشە لە مەترسی ئەوەدایە هەڵە بکات و تووشی کێشە ببێت و بۆ پاراستنی لە خودی خۆی باشتر وایە کۆت و بەند بکرێت، هەر بە هۆی ئەمەشەوەیە کە تا ئێستا ژنان کەم تا زۆر ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارییان بایی ئەوەندە نزمە، کە تەنانەت کاتێک ئازادیشیان دەدرێتێ نازانن ئەو ئازادییە بە دروستی بەکار بهێنن و سوود لە تواناکانیان وەر بگرن، لەبەر هەموو ئەمانە ژنی ئێمە بەبێ بوونی پیاو لە ژیانیدا، ماسی بێ پاسکیل نییە، چونکە کۆمەڵگەکە لەوە داخراوترە ئەو ئازادییەی بداتێ کە بەو شێوە ناتەندروست و بێدەسەڵاتانەیە پێویستیی بە پیاو نەبێت و پشتی پێ نەبەستێت، بەڵام ژیانی ژنان هەرگیز باشتر نابێت تا ئەو کاتەی ژنی

کوردیش بەبێ پیاو وەک ماسی بێ پاسکیلی لێ دێت، ئەمەش نەک بۆ دژیاتیکردنی پیاو یان بچووکردنەوە و بێزرخکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە، بە پێچەوانەوە، هەرکاتێک ژن ئیدی پیاوی وەک پێویستییەک نەویست، بەڵکو وەک هاوڕێ و هاودەمێک، وەک ئەو مرۆڤەی کە بە ویستی خۆی و لەبەر کەسایەتیی خۆی دەیەوێت ژیانی لەگەڵدا بەش بکات، نەک لەبەر هەر مەرامێکی دیکە، ئیتر پەیوەندییەکانی نێوان هاوسەر و خۆشەویستەکان ڕاستگۆیانەتر، مرۆڤانەتر، قووڵتر و سەرکەوتووتر دەبن و کەسەکان بێ دەمامک، بێ درۆ و نواندن لە یەک نزیک دەبنەوە و یەکتر دەناسن، ئیدی ژنانیش لەبەر پڕکردنەوەی پێویستییەک یان لەبەر بێدەسەڵاتی و ترس و بێپشتوپەنایی هاوسەرگیری ناکەن و هەڵبژاردنیان بۆ هاوسەرەکانیان چاوچنۆکی و خۆویستی بەسەردا زاڵ نابێت – وەک داواکردنی ئاڵتوون و پارە و سەیارەی مۆدێل بەرز و خانوو و ناوماڵی گرانبەها، بۆیە پێم وا بێت ئەم گۆڕانکارییە هێندەی لە بەرژەوەندیی ژنانداپە دوو ئەوەندە لە بەرژەوەندیی پیاواندایە، دواجار ژیان زۆر جوانترە کاتێک لەبریی ئەوەی ژن ماسی بێت و پیاو ئاو، هەردووکیان دوو ماسی بن و ئەم ژیانەش دەریایەکی فراوان بێت، کە ئازادانە پێکەوە گەشتێکی درێژ و پڕ فێربوون و سەرکێشیی بەناودا بکەن.

Scanned with CamScanner

# نەفرەتێك

من بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرام لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، ئیشێکی زۆر باشم هەیە کە پارەیەکی باشم لێوەی دەست دەکەوێت و هەرچیم بوێت بۆم دابین دەکات، ئۆتومبێلێکی باش و مۆدێل بەرز و خانوویەکی گرانبەهاشم هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە تەنیا بە شەقامێکی قەرەباڵغدا بڕۆم، پیاوان سەیرم دەکەن و تانەم لێ دەدەن و هەندێکیان هەر بە نیگا برسییەکانیان لەویادا ڕووتم دەکەنەوە و ئەتکم دەکەن، ئەمەش چونکە مێینەم و بە مێینەبوونم کۆمەڵێک باجی قورس هەن دەبێت بیاندەم، ڕەنگە بڵێیت باجی چی؟ ئێوەی ژن کەی هێندەی ئێمە هیلاکی دەچێژن؟ ئەمەش چونکە تۆی پیاو لەو بەرەنگارییە قورسانە تێناگەیت کە ڕۆژانە لە شتە زۆر سادەکانی ژیاندا تووشی ئێمەی ژنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبن، هەر وەک چوون بۆ بازاڕ – چی لەبەر بکەم و چۆن سەرنج ڕانەکێشم و بە کوێدا بڕۆم سەلامەتە؟ یان سواربوونی پاس یان تەکسی – ژمارەی تەکسییەکە بگرم، خوایە زۆربڵێ و چاوباشقاڵ نەبێت و داوای ژمارەم لێ نەکات، ڕێگەکە دوورە، خوا ڕەحم کات! لای کێوە دانیشم؟ ئەو پیاوە بۆ وا ناوگەڵی کردووەتەوە؟ یان وەڵامدانەوەی تەلەفۆن کاتێک ژمارەکە نەناسراوە – قسە ناکەم تا ئەو قسە نەکات، تۆ بڵێیت ناسیاو نەبێت وا هەر واز ناهێنێت؟ یان کردنەوەی ئەکاونتێک لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی – وێنەی خۆم دابنێم یان نا؟ کامە باشە دای نێم و کامە سەلامەتە و خراپ بەکار ناهێنرێت؟ یان

کردنەوەی نامەیەک یان وەرگرتنی هاوڕێیەک لەو تۆڕانە، یان کۆمێنت نووسین کە هەزار داوای هاوڕێیەتی لە پیاوی نەناسەوە و هەزار نامەی "سڵاو، دەتوانم بتناسم"ی بەدوادا دێت، یان چوون بۆ لای پزیشکێک بە تەنیا – ئایا جێی متمانەیە بە تەنیا بم لەگەڵی؟ یان چوون بۆ دوکانێک بە تەنیا – بوێرم جلەکە تاقی بکەمەوە یان چاوەڕێی کریاری تر بم، یان هەر تاقی نەکەمەوە نەوەک کامێرا دانرابێت؟ یان قسەکردن بۆ کۆمەڵێک خەڵک – چۆن وشەکانم هەڵبژێرم تا ئەودیو مێینەبوونم ببینن؟ چۆن بێئابڕوو و هار و دەمدرێژ دەر نەکەوم؟ یان قسەکردن و ڕەفتارکردن لەگەڵ پیاواندا – چۆن وا نەبم هەست بکات ڕووی دەدەمێ و ئاماژەی هەڵەم لێ وەر نەگرێت؟ لیستەکە درێژە و کۆتاییی نایەت، گرنگیش نییە کێیت و چیت، بەوەی مێینە بوویت، ئەمانە ئیتر بەشێک دەبن لە ژیانت، بۆ نموونە من پێم وا بوو ئەگەر هاوسەرگیری بکەم و ئەڵقەم لە دەستدا بێت، ئیدی ئەو جۆرە پیاوانە بەو شێوەیە ڕەفتارم لەگەڵدا ناکەن و سەیرم ناکەن و تانەم لێ نادەن، بۆیە کە هاوسەرگیریم کرد، ئەڵقەیەکی زۆر پان و زەقم هەڵبژارد و لەو دەستەمدا لەو ئەڵقەیە زیاتر هیچی دیکەم لە دەست نەدەکرد تا تەواو ڕوون و ئاشکرا بێت کە من هاوسەرم هەیە، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هیچ نەگۆڕاوە و ئەو جۆرە پیاوانە هەر وەک جاران ڕەفتار دەکەن، یان پێم وا بوو ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بگەڕێم، ئیدی ناوێرن سەیرم بکەن – دواجار دەبێت قبوڵی ئەوە بکەم کە ئەمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە – بەلام زۆر سەیرە ئاواش هەر سەیرم دەکەن، بەتایبەت ئەوانەیان کە لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیاندان!

ئەگەر تۆ ئەو کەسەی ئەمە دەخوێنیتەوە نێرینە بیت یان تەنانەت مێینەش، ڕەنگە خەیاڵت بۆ ئەوە بچێت، کە من جلوبەرگی شیاو ناپۆشم – جا شیاو لای تۆ چییە، نازانم – بۆیە پیاوان سەیرم دەکەن و ڕەنگە وا بزانیت زۆریش خۆم دەڕازێنمەوە و ماکیاژی زەق دەکەم، تۆ سەیری ئەم بیانووە

جوان و لۆژیکییە بۆ تانەدان و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان، بەلام نا، تۆ زۆر هەڵەیت، ڕەنگە لات سەیر بێت ئەگەر بڵێم من جلی زۆر پۆشتە لەبەر دەکەم و هەرگیز شتی تەسک یان کورت یان قوڵڕووت یان سنگکراوە لەبەر ناکەم، چونکە یەکەم: لەگەڵ تەمەن و پێگەی کۆمەلایەتیمدا نایەتەوە، دووەم: چونکە من بەو شێوەیە لە خۆم ڕازیترم، بۆیە ئەو پاساوە کە تا سەر ئێسقان پاساوێکی زۆر نەشیاوە و لەگەڵیدا نییم – من ناگرێتەوە.

هەندێک جار ئەو پیاوانە پەیوەندیم پێوە دەکەن کە حەز دەکەن "کاتێکی خۆش" لەسەر تەلەفۆن لەگەڵ کچاندا بەسەر بەرن، ئەمەش چونکە ژمارەکەم جوانە! بەڵێ، بۆ ژنان تەنانەت ژمارەی جوان کێشەیە! هەمیشە بەسەر ئەم جۆرانەدا هاوار دەکەم و دەیانشکێنم و پێیان دەڵێم جارێکی دیکە پەیوەندیم پێوە نەکەنەوە، بەلام تا پیاوێک وەلامی پەیوەندییەکە نەداتەوە، کۆڵ نادەن.

یان یەکێک لە خەونەکانم ئەوەیە لە داهاتوودا پۆستێکی سیاسی وەر گرم، بەلام دەزانم نەفرەتی ژنبوون – ئەگەرچی خۆی نەفرەت نییە – بەدوامەوە دەبێت و کێشەکانم قووڵتر دەبنەوە و ئەوسا پێیەک خوار دابنێم هێرش دەکرێتە سەر شەرەف و ئابڕووی خۆم و بنەماڵەکەم و لەبریی دە چاو، هەزار چاو تەنیا لەسەر من دەبێت و پێش هەموو کەس هەڵەی من دیار دەبێت و تا ئەو کاتەش، هەر لە پاسەوانی بەردەرگاوە تا گەورترین کاربەدەست و بەرپرس، دەکرێت تیایاندا بێت کە پێش هەموو شتێک جەستەم ببینێت و ئەگەر دەرفەت هەڵکەوێت، مافی ئەوە بدات بە خۆی کە قسەی نەشیاو یان ڕەفتاری نەشیاوم لەگەڵدا بنوێنێت، وەک ئەو ناسیاوە ئەندام پەرلەمانەم، کە بێوەژنێکە لە پەنجاکانی تەمەنیدا، ڕۆژێک پیاوێک پەیوەندیی پێوە دەکات، پیاوەکە خۆی دەناسێنێت و بە شێوەیەکی گوماناوی و نەشیاو قسەی لەگەڵ دەکات و دەڵێت حەز بە "بینین"ی دەکات، هاوڕێکەشم دەمێکە پیاوی لە مێشکی خۆی دەر کردووە و هەر

Scanned with CamScanner

دڵسۆزە بۆ یادگاریی هاوسەرە کۆچکردووەکەی کە زۆری خۆش ویستووە، بۆیە کاتێک بە خۆی زانیبوو لە تەلەفۆنەکەدا بەسەر کابرادا هاواری کردبوو و دوای کۆمەڵێک قسەی مزر پێی گوتبوو، "بەخوا وازم لی نەهێنیت بە براکانم دەڵێم." هاورێکەم پێی گوتم باوەڕی بە خۆی نەکردبوو کە دوای ئەو هەموو ساڵە لە پشتبەستن بە خۆی و ئەندام پەرلەمانی و هەموو ئەو شتانە، هێشتا ناچار بوو بە براکانی هەڕەشە لە پیاوێک بکات، گوتی زۆر شەرمی لە خۆی کردبوو و هەستی کردبوو چی لەسەر ئازادیی ژنان و پشتبەستن بە خۆیان گوتبووی درۆ بووبوو، بەڵام من لێی تێدەگەم، ئەو دواجار ناچار بووبوو بەو زمانە قسە لەگەڵ پیاوێکی بێڕەوشتی نەفامدا بکات، کە ئەوە تاکە زمانە ئەو لێی تێدەگات چونکە لای ئەو جۆرە پیاوانە ژن هەرچییەک بێت، هەر "ژن"ە!

Scanned with CamScanner

# ژیانێك

ژیانێک هەیە هەمیشە بەدوایدا ڕادەکەیت و هەر نایگەیتێ،

ژیانێکیش هەیە بەردەوام لە دەستی ڕادەکەیت و ئەو هەر پێت دەگاتەوە،

ژیانێک هەیە تێیدا دەژیت، بەڵام ناتوانیت بە ڕاستی ئەزموونی بکەیت و هەموو شتێکی نامۆیە پێت،

ژیانێکیش هەیە تەنیا خەونێکی دوورە، بەڵام وەک ئەوەی هەمیشە تێیدا ژیابیت، زۆر ئاشنایت پێی،

ژیانێک هەیە ڕاستییەکی سادە و ساکارە، بەڵام تۆ لێی تێناگەیت،

ژیانێکیش هەیە تەنیا وەهمێکی ئاڵۆزە، بەڵام هەست دەکەیت لەگەڵ ڕۆحتدا قسە دەکات،

ژیانێک هەیە هەموو شتێکی بەو جۆرەیە کە تۆ دەتەوێت و ئامادەیت هەمووتی پێ ببەخشیت، بەڵام ئەو تۆی ناوێت،

ژیانێکیش هەیە بەشێکی زۆر بچووکی لە تۆ دەوێت، بەڵام تۆ ئەوت بە هەموو شتێکییەوە لا ناپەسەندە و ناتەوێت،

ژیانێک هەیە دوورترین و جوانترین خەونەکانت تێیدا دەبن بە واقیع،

ژیانێکیش هەیە واقیعت تێیدا هێندە تاڵە، لە خەونێکی ناخۆش دەچێت،

ژیانێک هەیە تێیدا خۆتت بە هەموو شتێکتەوە خۆش دەوێت و ناشرینییەکانت تێیدا جوان دەنوێنن،

ژیانێکیش هەیە تێیدا خۆتت بە هەموو شتێکتەوە لا بێزراوە



Scanned with CamScanner

و جوانییەکانیشت تێیدا دەبن بە ناشیرینی،
ژیانێک هەیە تۆ خۆت تێیدا خواوەندی ئەم بوونەیت و هێندە جوان و پاکیت وەک ئەوەی هەرگیز لە عەدەن دەر نەکرابیت،
ژیانێکیش هەیە تێیدا پیسترین و و ناشیرینترین بوونەوەری ئەم زەویەیت وەک ئەوەی خودا پەنجەیەکیشی لێت نەدابێت،
ژیانێک هەیە بۆی دەگریت و لە تامەزرۆییی گەیشتن پێی شەو تا بەیانی خەوت لێ ناکەوێت،
ژیانێکیش هەیە خەمەکانی دەتگریەنن و شەو تا بەیانی ناهێڵن بخەویت،
ژیانێک هەیە ئەگەرەکان تێیدا هێندە زۆرن هەر ڕۆژە و بۆ خۆی ژیانێکە،
ژیانێکیش هەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی یەک ئەگەر و یەک چارەنووسە،
لەنێوان ئەم ژیان و ئەو ژیانیشدا تۆ تەنیا یەک ژیان دەژیت، کە هەموو شتێکە ژیان نەبێت!

٢٠١٦/٠٥/١٩

# نەبوونی ئاسمان

ڕۆژێک لە ڕۆژان باڵەکانم لێ دەکەمەوە و لە بەردەمتدا
فڕێیان دەدەم،
پاشان بێباکانە دەرگاکە دەکەمەوە و پێش ڕۆیشتنم ئاوڕ
دەدەمەوە و دەڵێم:
باڵ؟ لە وڵاتێکدا کە باڵندەکانیشی نافڕن، باڵم پێ دەبەخشیت؟
سوپاس بۆ هیچ،
بیاندە بە یەکێکی تر، تازەن، بەکار نەهاتوون.

گەورەترین زوڵم گەردوون بەرامبەر مێینەی ئەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە و هەموو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی بکات ئەوەیە خولیای فڕینی لا دروست بکات، کەڵکەڵەی سەرکێشیی گەورە و دەستکەوتی گەورە بخاتە مێشکیەوە و وای لێ بکات حەز بەو شتانە بکات کە مرۆڤی ئاسایی و تەندروست حەزیان لێ دەکات، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بیرۆکەی داهێنەرانە، ڕاوبۆچوونی بوێرانە، حەزکردن بە ئەزموونکردنی شتی نوێ و جیاواز و دەیان شتی چاوقایمانەی لەو جۆرە! نییە لەو مێینەیە نەگبەتتر کە خەونێکی گەورەی هەیە، ئەو مێینەیەی کە دەڵێت من نامەوێت وەک مێینەی دیکە بم، نامەوێت دواوێستگەی ژیانم ماڵ و مێرد و منداڵ بێت و هیچی تر، ئەو مێینەیەی بەڕاستگۆیی دەڵێت من دەمەوێت شتێکی جیاواز بکەم، ژیانێکی جیاواز و

ڕێگایەکی جیاواز لەوەی هەموو ئەوانەی پێش خۆم پێیدا ڕۆیشتوون هەڵبژێرم. بەلای منەوە ئەو ژنانەی کە وا گەورە دەبن حەز لەو شتە پووچ و سادانە نەکەن کە هاوڕەگەزەکانی هاوڕێیان حەزییان پێ دەکەن، گەردوون ڕقێکی گەورە و نەخۆشانەی لێیانە، دەنا وەک ئەوانی دیکە دروستی دەکردن، نا، با نەڵێین ڕق، بەڵام گەردوون هەندێک جار سوعبەتچییە و حەز دەکات لە بێتاقەتیی خۆیدا کاتێکی خۆش بەوەوە بەسەر بەرێت کە هەر لە منداڵییەوە دوو باڵی گەورە بە کچێکی یەکێک لەم وڵاتە نەگبەتانە بدات، وای لێ بکات پێی وا بێت ئەم بۆ شتێکی جیاواز دروست بووە، پەیامێکی جیاوازی پێیە و چارەنووسێکی جیاواز چاوەڕێیەتی، ئیتر ئەم کچە داماوە لەگەڵ ئەم بیرۆکە و خەون و خەیاڵانەدا گەورە دەبێت و هەموو ژیانی بە ئاراستەی ئەوەدا ئامادە دەکات بگات بەو ڕۆژەی دەیداتە شەقەی باڵ و بە ئاسمانێکی ساف و شینی بەریندا دەفڕێت، بەڵام دواتر کە دەگاتە ئەو تەمەنەی کە دەبێت تێیدا بفڕێت و باڵەکانی بەکار بهێنێت، دەبینێت ئەو لە وڵاتێک و کۆمەڵگە و کلتوورێکدایە، کە نەک باڵ، بەڵکو بۆی نییە قاچ، دەست، چاو، دەم، زمان و هەموو شوێنێکی دیکەی بەئازادی بەکار بهێنێت، ئەو لە وڵاتێکدایە کە هەر ئاسمانیشی نییە تا تێیدا بفڕێت، لە جیهانێکدایە کە ئەگەر درەختەکانیش زۆر بەرز ببنەوە، ڕەشەبا یان هەورە بروسکە یان تەورێک لە بندا دەیانبڕێتەوە، جیهانێک هیچ شتێکی موڵکی خۆی نییە و هەستەکانی ناو دڵیشی سانسۆریان لەسەرە. ئەو کاتە ئەو کچە خۆی لە دۆخێکی کۆمیدیی زۆر بێمانادا دەبینێتەوە، وا هەست دەکات کامێرای شاراوەی لەگەڵ دەکەن و چاوەڕێیە یەکێک بێت و کامێراکەی پیشان بدات، بەڵام ئەو کەسە هەر ناکاتەوە، ئەو داماوە دەبێت بە دوو کەرتەوە و هیچ شتێک چاکی ناکاتەوە، تازە نەدەتوانێت بەرگەی قورسیی باڵەکانی بگرێت کە تەمەنێکە بەدوای خۆیدا ڕایان دەکێشێت، نە دەشتوانێت ئیتر باڵەکانی فڕێ بدات و ببێت بە کەسە ئاساییەکەی ئەو جیهانەی

خۆی و دەست و پەنجەی وەک ئەوانی تر بەباشیی بەکار بهێنێت، ئەو کچە وەک چۆلەکەیەکە کە تازە باڵی دەر کردبێت، ئەگەر بفرێت زۆر نابات دەکەوێتەوە خوارەوە، ئەگەر لەسەر زەوییش بمێنێتەوە پشیلە دەیخوات، ئێ باشە ئەم نەگبەتە ئێستا چی لەم باڵانە بکات؟ دەبێت یان هەڵیان بکەنێت – ئەمەش برینێک جێ دەهێڵێت کە هەموو تەمەن هەر دەکولێتەوە، یان هەر هەوڵ بدات و تەمەنێک دانێت لە هیوای ئەوەدا پارچەیەک ئاسمان بدۆزێتەوە بۆ فڕین، دەیدۆزێتەوە یان نا، ئەمەیان بڕیاری کەس نییە ئەو گەردوونە گاڵتەچییە نەبێت کە ئەو یارییە بێ مانایەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام من پێی دەڵێم ئەگەر دۆزیتەوە، هێندە بەرز و بۆ دوور بفڕە، هەرگیز ڕێت نەکەوێتەوە ئەم مەملەکەتە بێ ئاسمانە.

٢٠١٦/٠٧/٢٠

Scanned with CamScanner

# ژنی جوان

زۆر شت بۆ تۆ جوان نین:
زۆر جار کە ژنێکی جوان بوویت زۆر شت بۆ تۆ جوان نین:
جوان نییە بۆ ژنێکی جوان لە مەجلیسی پیاواندا قسە بکات و ئەگەر لەگەڵ شتێکدا هاوڕا نەبوو بەڕاشکاوانە ڕای خۆی دەر بڕێت و بەرگری لە بۆچوونەکانی بکات، هەروەها جوان نییە ئەگەر پیاوێک زانیارییەکی هەڵەی پێ بوو ئەو خۆی بۆ نەگرێت و بۆی ڕاست بکاتەوە، دواجار جوان بە بێدەنگییەوە جوانە.

جوان نییە بۆ جوانێک بیرکردنەوە یان فەلسەفە یان ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی هەبێت بۆ ژیانی خۆی و بانگەشەی بۆ بکات و بەرگری لێ بکات، جوان هەر دەبێت لەگەڵ ئەو زۆرینەیەدا بێت کە ئەمیان لا جوانە.

بۆ جوانێک جوان نییە متمانەی بە خۆی هێندە گەورە بێت، گرنگی بەوە نەدات کە جوانە و خەڵک پێی دەڵێن جوان، بە پێچەوانەوە، کە وایان گوت، دەبێت شەرم دای گرێت و هەزار ڕەنگ بگۆڕێت، یان لەوە باشتر، ئەگەر قسەکەرەکە نێر بوو، خۆی تووڕە بکات و پۆرتی بشکێنێت.

جوان نییە کاتێک جوانەکان خەون و خولیا و بەرنامە و ئامانجی گەورەی تایبەت بە ژیانی خۆیان هەیە و هەوڵی بۆ دەدەن و بۆی دەجەنگێن، بۆ جوانێک ئەوەندە بەسە وەک گوڵەباخێک

چاوەڕێ بێت یەکێک لە باخچەی ماڵی باوکی بیخوازێت و بیبات بە گوڵی ناو گوڵدانی ماڵی کەسێک و جوانی دیکەی بۆ بخاتەوە.

جوان نییە بۆ جوانەکان بگەڕێن و شتی زیاتر بزانن و زیاتر و زیاتر لەسەر جیهان فێر ببن، ئەو ڕوخسارە جوانە پێویستی بە ئەقڵێکی هێندە گەورە نییە. جوان گوڵێکە و لەسەر چڵی خۆی جوانە، مەلێک نییە هەر وەرزەو لە جێیەک بێت و هەر جارەو هێلانەیەکی هەبێت.

کتێب و بڕوانامە و زانست و زانین بۆ جوانەکان پێویست نین، جوانەکان جوانییەکەیان سەرمایەی گەورەیانە و ئەگەر لەگەڵیدا بە ڕەوشت بن، بەهایان هەرگیز تەواو نابێت، بگرە زۆر جار ئەم شتانەی تر ڕەوشتی جوانەکان دەخەنە مەترسییەوە، چونکە جوانەکان چاویان لەسەرە و تا کەمتر دەر بکەون و کەمتر بزانن باشترە.

ئیش و چوونە ناو خەڵک بۆ جوانەکان جوان نییە، جوان نییە جوانێک لەناو پیاواندا ئیش بکات یان پلەی بە دەست بێت، جوانەکان وەک زێڕ و گەوهەر دەبێت لە شوێنێکی باشدا بپارێزرێن و هەرچییەکیان ویست بهێنرێتە بەردەمیان، ئەوە ناشیرین و ئاساییەکانن کە پێویستییان بە ئیش و پارە پەیداکردنە.

ژنی جوان دەبێت وەک قوتوویەکی زێڕی بەگەوهەرداپۆشراو وا بێت، لە دەرەوە جێی سەرنج و سەرسووڕمانی هەموو کەس بێت، مەتەڵێک بێت و هەموو کەس بپرسێت ئەمە چییە و چیی تێدایە، لە شووشەی پێشەوەی پێشەنگایەکدا دانرابێت و هەموو خەڵک بەسەرسامییەوە سەیری بکەن و دواجار بۆ ئەو کەسە ببێت کە بەرزترین نرخی پێ دەدات. ئەوسا ئەو قوتووە

دەدرێت بە خاوەنەکەی و لەبەر ئەوەی تەنیا قوتوویەکی بەتاڵە، خاوەنەکەی بەخۆشحاڵییەوە پڕی دەکات لەو شتانەی کە خۆی دەیەوێت، چونکە جوانەکان بە بەتاڵییانەوە جوانن.

٢٠١٦/٠٥/٢٣

# سواڵکەر

لەوسەری جیهانێکی چۆڵ و کشوماتەوە بانگت دەکەن، کوێریت، کوێرییەکی سپی، هەموو شتێک سپییە، دەنگێک کز و خنکاو بانگت دەکات، سەرت ڕادەوەشێنیت و گوێکانت لەو دەنگە خاڵی دەکەیتەوە و دێیتە دەرەوە، دەگەڕێیتەوە بۆ دونیای جەنجاڵ و پڕ لە ڕەنگی زەق و ناساز، دووبارە کوێریت، بەڵام کوێرییەکی هەزار ڕەنگ، ئەم جارە دەنگێکی گڕ و توورە لەوسەری ڕەنگە زەقەکانەوە بانگت دەکات و بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵ دەبێت، "ڕاکە! کچێ بەشت نەما!" هاوار دەکات و چەندین دەست ڕات دەکێشن، "نایەم، نا، بوەستن." کەس گوێت لێ ناگرێت، مل دەنێیت، دۆش داماو، نازانیت بۆ کوێت دەبەن، ئەو دەنگە کزە کێ بوو ئەوسا بانگی کرد، "من هێشتا لێرەم؟" دەتەوێت بڕۆیتەوە و سەرچاوەکەی بدۆزیتەوە، ڕۆحت بێمانا بەتاڵە و هەست دەکەیت ئەوەی دەتەوێت لای ئەوە.

بۆ ساتێک خۆت دەدزیتەوە و دەگەڕێیتەوە شوێنە چۆڵە سپییەکە، بەچپە دەڵێیت، "وا هاتم، کاتم نییە، چیت پێیە بیڵێ."

لەپشت گوێتەوە دەنگە کزەکە دەڵێت، "ئەوە تۆیت؟ هاتیت؟"

"وتم کاتم نییە، زوو بکە، دەبێت بگەڕێمەوە."

"وا نابێت ئەزیزم، لێرە کات نییە، کات هەر ئێستایە، ئێرە شوێنی تۆیە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟"

وەڵامت پێ نییە، کە ئێرە شوێنی خۆتە بۆچی مانەوە لێی هێندە قورسە و ئەگەر ئەو جیهانەی دیکە جیهانی تۆ نییە،

بۆچی گەڕانەوە بۆی هێندە ئاسانە؟

دواجار بەشەرمەزارییەوە دەڵێیت، "نازانم، بە دەست خۆم نییە، ناتوانم بمێنمەوە."

دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی زیقن و بەتووڕەیی هاوار دەکات، "ئەی بە دەست کێیە؟ دە کەواتە بڕۆ، بەتەما نەبیت وەک سواڵکەر بێیتە ئێرە و کەی ئەوەی ویستت دەستت کەوت، بڕۆیت. ئەگەر نەهاتوویت بمێنیتەوە هەر ئێستا بڕۆ، شاژنی وەک تۆمان هەر نەویست... ها ئەمە بگرە ئەی سواڵکەر."

"شاژن؟ من شاژنی...؟"

پێش ئەوەی قسەکەت تەواو بکەیت دووبارە لە جیهانەکەی پێشوو خۆت دەبینیتەوە، غەڵبەغەڵب مێشکت کاس دەکات و دەنگە گڕەکەش هەر هاوارییەتی، "فریا بکەوە، بە خوا ئاوا هیچ ناکەیت بە هیچ!"

بەڵام سەیری دەستت دەکەیت و دەبینیت سەبەتەیەکت پێیە، کە بە پەڕۆیەکی سپی داپۆشراوە، پەڕۆکە لا دەبەیت و دەبینیت پڕە لە سێو، سێوی سووری ئاڵ و بۆنە خۆشەکەیان لووتت پڕ دەکات، دیسان سەدان دەست دێن تا دووبارە ڕات کێشن، بەڵام کە نزیک سێوەکان دەبنەوە دەسڵەمێنەوە و دەنگە گڕەکە هاوار دەکات، "ئەمە چییە پێت؟ ئەمە هیی ئەم جیهانە نییە؟ بەکەڵکی هیچت نایەت، نەگبەت، فڕێیان بدە، ڕەنگە ژەهراویی بن."

تۆش گوێی لێ ناگریت و دانەیەک هەڵدەگریت و دەیگریت بە لووتتەوە و تێر بۆنی دەکەیت، ئینجا قەپێکی گەورەی لێ دەگریت، ئای لەو تامە! هەرگیز تامی شتی وا خۆشت نەکردووە، مزر و شیرین، سێوی سوور کەی ئێجگار وا بەتام بووە؟ بەدەم خرمەخرمی سێوەکەی ناو دەمتەوە دەڵێیت "ژەهراویی... نین، سێوی مەملەکەتەکەی خۆمن."

بەڵام هێشتا دڵت زۆر خۆش نییە، چونکە دەزانیت تۆ بە

Scanned with CamScanner

ڕەچەڵەک شاژنی مەملەکەتێکیت کە ئێستا تێیدا بوویت بە سواڵکەر و نازانیت کەی دەتوانیت بەتەواویی بگەڕێیتەوە سەر عەرشەکەی خۆت و ئیدی جارێکی تر کۆیلەی ئەم جیهانە ناشیرینە نەبیت.

٢٠١٦/٦/٢

Scanned with CamScanner

# هاوڕێیەتیی تایبەت

لە بەردەممدا وەک شەقشەقە دەلەرزێت و لەسەریەک لەسەریەک ناوچەوانی بە دەسەسڕ دەسڕێت، ڕاستە ڕۆژەکەی گەرمە، بەڵام بەو ڕادەیەش نا کە بەو جۆرە هەموو گیانی بنیشێتە سەر ئاو، دەڵێم با گومانی خراپی پێ نەبەم و وای دانێم خۆی لەو کەسانەیە کە زۆر ئارەق دەکەنەوە.

قسەکانی ناڕوونن و بەگرێ دەدوێت، نموونەی سەیر و دوور لە یەک دەهێنێتەوە تا تێم بگەیەنێت دەیەوێت چی بڵێت، بەڵام من دەمێکە تێگەیشتووم و لەبەر شکۆی ئەو و لە شەرم و ڕەوشتی خۆمدا خۆم وا دەر دەخەم تێناگەم، بەشکم ئەمە خوایە لە مەبەستەکەی پەشیمان ببێتەوە، بەڵام لە ناخەوە سوور دەزانم وەک هەموو جارێکی دیکە ئەمە سوودی نابێت، دواجار ئەمە یەکەم و دوایین جار نییە خۆم لە دۆخێکی وادا ببینمەوە.

زۆر نادادپەروەرانە یاری دەکات، دەیەوێت پێش ئەوەی قسەی دڵی خۆی بکات، وشەیەک یان بەڵێنێک وەر گرێت کە دوای زانینی ڕاستییەکان نائومێدی ناکەم، بەڵام ئەم شتە هەمووی لە سەرەتاوە هەڵەیە و تا بڵێیت ناشیرینە، چونکە بریقەی ئەڵقەی هاوسەرگیرییە زیوەکەی دەستی وەک دڕندەیەک ددانم لێ جیڕ دەکاتەوە، هەست دەکەم ئەڵقەکەی خۆشم تەواو لە پەنجەمدا توند بووە، بەشێکی بچووکی من دەیزانی شتەکان چۆن دەبن، بەڵام بۆیە هاتم چونکە هیوایەکی درۆم بە خۆم دا کە ڕەنگە ئەم جارە جیاواز بێت، ڕەنگە ئەمە هەر بە ڕاستی پیاوێکی پێشکەوتووخواز و تێگەیشتوو بێت کە لە هاوڕێیەتییەکی جوانی



Scanned with CamScanner

مرۆڤانە زیاتر هیچی نەوێت، هاوڕێیەتییەک کە ژیان و ئەزموونی مرۆڤانەمان دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام هەر زوو دەستە لەرزیو و دڵۆپە ئارەقەکانی ناوچەوانی هیواکانیان تێک شکاندم.

من ئاسایی ڕەفتار دەکەم، هێشتا خۆم تێنەگەیاندووە، دەمەوێت دەرفەتێکی بدەمێ خۆی لە هەڵوێستی من تێبگات و ئیدی زیاتر نەڵێت، چونکە ڕووخاندنی ئومێدی مرۆڤێکی هێندە تێکشکاو و تەنیا و ڕۆحبریندار ئیشێکی خۆش نییە، بەڵام بەداخەوە، نموونەکانی ئەو بەردەوامن، بە زمانی شیعر و گوڵ و پەپوولە قسە دەکات و باس لە جیهانێکی فەنتازی زۆر جوان دەکات، باس لە گرنگی و بەرزی و پاکی مرۆڤ دەکات، کە ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک شتن، کە من دەمێکە بڕوام پێیان نەماوە، هەموو ئەمانەش پێشەکین بۆ شتێکی دیکە، پێشەکیی باسکردنی ئەو "هاوڕێیەتییە تایبەت"ەی دەیەوێت پێکەوە دروستی بکەین، هاوڕێیەتییەک کە دەشێت ببێت بە ئەوین، بەڵام نا، هەڵە تێمەگەن، مەبەستی سێکس نییە، ئەوەیان ڕۆژگار بڕیاری لێ دەدات، چونکە ئەم کێشەیەکی لەوە قووڵتری هەیە، ئەم کەسێکی زۆر تەنیا و بێکەس و ناخبەتاڵە، هێشتا بەڕاشکاوانە هیچ کامێک لەو قسانەی نەکردووە، بەڵام خۆم تێگەیشتووم و دەزانم کاتی ئەوە هاتووە جوان سنوورەکان دیاری بکەین و جیاوازیی نێوان هاوڕێیەتی و ناپاکیی هاوسەرگیری بەجوانی بۆ ڕوون بکەمەوە تا بزانێت چەند سەرلێشێواوە، بەڵام چۆن ئەمە بە کەمترین زیان و بێ ڕووشاندنی کەسایەتیی ئەو بکەم؟ حەز دەکەم زۆر سادە و "پیاوانە" قسە بکەم، دەمەوێت بیهێنمەوە هۆش خۆی، حەز دەکەم پێی بڵێم من فریشتەی خەیاڵی ئەو نیم و ئەو ژنە دەگمەنە تایبەتە نیم کە پێی وایە ژیانی سەد و هەشتا پلە دەگۆڕێت و لە تەنیایی و پووچیی ناو ڕۆحی ڕزگاری دەکات، دەمەوێت بزانێت کە منیش کەم تا زۆر هەر وەک ئەو ژنەم کە ئێستا لەماڵەوە چاوەڕێیەتی، لە پشت ئەم قژە خاو و چاوە گەش و ڕوومەتە ئاڵ و زەردەخەنە شەرمنانەیەوە، منیش ئەو ژنەم کە لە ماڵەوە زوو زوو بۆڵەی دێت و وەک منداڵ لەسەر بڵاوکردنەوەی شتەکانی بە ماڵەکەدا سەرزەنشتی

هاوسەرەکەی دەکات، ئەو ژنەم کە دەشێت یەک کاتژمێری دیکە لە سەر زەوی مەتبەخ دانیشتبم و بەدەم زەمکردنی ماڵە خەزوورانەوە لەگەڵ خوشکەکەمدا یاپراخ بپێچینەوە، من ئەو ژنەم کە ڕۆژی وا هەیە بە درێژاییی ڕۆژەکە سەیری ئاوێنە ناکەم و شانەیەک بە قژمدا ناهێنم، من ئەو ژنەم کە دەکرێت لە تەمبەڵیدا قاپەکانی سێ ژەم پێکەوە بشۆم، ئەو ژنەی دەکرێت دڵپیسی بنوێنێت، یان کە پەست و تووڕە بوو زۆر دڵڕەقانە وەڵامی جوانترین و ناسکترین وشەکانی هاوسەرەکەی بداتەوە، من جیهانێکم لە هەموو جوانی، میهرەبانی، ناسکی، ناشرینی، زبری و دڵڕەقییەکان، چونکە هەر وەک ئەو و هاوسەرەکەی مرۆڤم و هیچی تر، بەڵام ئەوانە هیچی ناڵێم و هێشتا گوێم گرتووە و تەواو بەزەییم بە حاڵیدا دێتەوە، چونکە دەردەکەی زۆر سەختە، چونکە دەزانم ئەو جەستەمی ناوێت و دوای حەز نەکەوتووە – هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا، ئەگەر تەنیا ئەوەی بویستایە دەمێک بوو لە من تێگەیشتبوو، هەروەها بۆ منیش شکاندن و سنووربۆدانانی ئاسان بوو، بەڵام بەداخەوە شتەکە لەوە ئاڵۆزترە، ئەویش ئەو نەخۆشییە مۆدێرنەی گرتووە کە لایەکی پیاوان و ژنانی ئەم نیشتمانە بە دەستییەوە دەناڵێنن، ڕەنگە هاوسەرکەی خۆی زۆر لە من جواتر و سەرنجڕاکێشتر بێت، بەڵام ئەوەی ئەوی هێناوەتە ئەم دۆخەوە بەتاڵیی دەروونیەتی، بەتاڵیی ئەوەی وەک هەر گەنجێکی ئەم وڵاتە حەزی لە کچێک کردووە و پاشان خۆشی ویستووە و دوای ئەوە بە پێی دابونەریت هێناویەتی و لەبەر ئەوەی بە درێژاییی پەیوەندییەکە لە باسی گوڵ و پەپوولە و داهاتوویەکی پەمەیی زیاتر هیچی دیکەیان نەگوتووە، ئێستا هەست دەکەن بە یەکتر نامۆن و هەردووکیان دوای دامرکاندنەوەی حەزەکانیان تەواو هەست بە بەتاڵی دەکەن، بۆیە ئێستا ئەم لە خەیاڵیدا ژنێکی دروست کردووە، کە هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە لە هاوسەرەکەی خۆیدا نەیدۆزیونەتەوە، کە منیشی ناسیوە و پێم سەرسام بووە، خێرا ناو و ڕوخساری منی بەو ژنە خەیاڵییە داوە و ئێستا دەیەوێت بمکات بە هاوڕێی "تایبەت"ی خۆی و لە خەیاڵییدا

ئەمە دەبێت بە سەرەتای ڕۆمانێکی جوان لە بابەتی ڕۆمانەکانی مارکیز!

ئای چەند گەنجێکی داماوە! بریا ئەوەی لە ژیانی ئەم پیاوەدا ونە، لە ناخی خۆیدا بۆی بگەڕایە نەک لای من، بریا تێگەیشتبایە کە لە خۆی زیاتر کەسی دیکە ناتوانێت بە تاڵییەکانی پڕ بکاتەوە، خۆزگە تێدەگەیشت کە تا لە دەرەوەی خۆی بۆ مانایەک بۆ ژیانی بگەڕێت دەستی ناکەوێت و هەزار هاوسەر بگۆڕێت هەر نائومێد دەبێت، بریا ئەو کاتەی دەیەوێت لەگەڵ مندا و بۆ ناسینی من تەرخانی بکات، بۆ ناسینی خۆی و نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە هاوسەرکەی دای بنایە، کە دەشێت لە زۆر ڕووەوە ژنێکی لە من باشتر و میهرەبانتر و تێگەیشتووتر بێت و پاڵەوانی ڕۆمانێکی زۆر جوانتر و ناوازەتر بێت.

کاتەکەمان بەرەو تەواو بوون دەڕوات و منیش دواجار بە چەند وشەیەک تێی دەگەیەنم کە ئەوەی بۆی دەگەڕێت لای من نییە و من بە مەبەستێکی دیکە هاتووم و ئەوەی لە خەیاڵی ئەودایە هەرگیز ڕوو نادات، ئینجا بەڕەوشتەوە ماڵئاواییی دەکەم و بەدڵشکاویی شوێنەکە جێ دەهێڵم، دڵشکاوی ئەو هاوڕێیەتییەی بۆی هاتم و وەک هەموو جارێکی دیکە سەری نەگرت، چونکە وەک سوعاد ئەلسەباح دەڵێت:

چەند جوان دەبوو وەک هاوڕێ بماینایەتەوە،
بەڵام پیاوی خۆرهەڵاتی
بە هیچ ڕۆڵێک قاییل نابێت
ڕۆڵی پاڵەوان نەبێت.

٢٠١٦/٠٧/٢٥

Scanned with CamScanner

## ناشکێت!

لە جێی خۆم ڕاوەستابووم و هەڵدەلەرزیم، بێ ئەوەی باوەڕ بکەم، چاوم بڕیبووە زەوییەکە و سەیری ئەو هەزار پارچەیەی ئەو خۆشەویستییەمانم دەکرد کە هەمیشە پێت دەگوتم، "هیچ شتێک نایشکێنێت." پارچەکان زۆر و ورد بوون، هەر لەبەر خۆمەوە دەمگوت، "ئای خوایە، ئەمە بە چی کۆ دەبێتەوە؟" بەڵام هێشتا متمانەم بە قسەکەی تۆ مابوو، بۆیە دانەویمەوە و کەوتمە کۆکردنەوەیان، قەراغە تیژەکانیان پەنجەکانمیان دەبڕی و خوێنیان لێ دەهێنان، بەڵام من گوێم بەو خوێن و ئازارە نەدەدا و لە کۆکردنەوەی پارچەکان بەردەوام بووم، چاوەڕوان بووم تۆش بێیت و یارمەتیم بدەیت، بەڵام لەپڕ دەنگێک گوتی، "واز بێنە، تازە هیچ شتێک چاکی ناکاتەوە." ئەوە تۆ بوویت وات گوت یان گوێچکەم زرینگایەوە؟ سەرم هەڵبڕی و بینیم بەسەر سەرمەوە وەستاویت و نیگاکانت سارد هەر وەک ئەوەی ئەو پارچانە بەشێک نەبن لە ڕۆحی من و تۆ، هەر وەک ئەوەی ئەوە چەندین ساڵی تەمەن و گەنجیی ئێمە نەبێت لەسەر ئەو زەوییە ڕژابێت، زۆر بە ڕەقی گوتت، "شێت بوویت؟ وازی لێ بێنە! تازە بە هیچ چاک نابێتەوە." دەمم تەتەڵە و پەتەڵەی کرد، ویستم شتێک بڵێم و وشەکان پشتیان بەر دام، تۆش گوێت نەدا و بێ ئەوەی یەک جاری تر سەیرم بکەیت، پشتت تێ کردم و ڕۆیشتیت، ڕۆیشتیت و منت لەگەڵ پارچە شکاوەکانی ئەو خۆشەویستییەدا جێ هێشت کە هەمیشە پێت دەگوتم، "هیچ شتێک نایشکێنێت."

# دیدارێکی نوێ

دووباره یەکمان بینییەوە، گریان و کەمخەویی چاوەکانی منیان ئاوساندبوو، تۆش هیچ هەستێک لە چاوە خۆڵەمێشییەکانت و نیگاکانتدا نەدەخوێندرایەوە، سڵاومان لە یەکتر کرد، هەواڵمت پرسی، منیش گوتم، "کە تۆ لێرە بیت، ئیتر من چۆن باش دەبم؟" داتە قاقای پێکەنین، هەمان پێکەنینە بەرز و ساختەکەی خۆت، بە زەردەخەنەیەکی ناحازانەوە پێت گوتم، "بڵێم چی؟ نەمگوت من و تۆ هەرگیز بۆ هەتاهەتایە لێک دانابڕێین؟"

منیش گوتم، "بەڵام من وام زانی هەرگیز چاوم پێت ناکەوێتەوە."

تۆش بەگاڵتەپێکردنەوە گوتت، "بە ڕاست؟" ئینجا بە هەمان ئاواز و هەمان زەردەخەنەی سەر لێوتەوە سەرێکت هەڵبڕی و گوتت، "خۆ ئاسمان لە جێی خۆیەتی و کۆڵەکەی ناوێت تا شتی وا ڕوو بدات!"

منیش ئاهێکم هەڵکێشا و سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد و گوتم، "شەکەتم."

تۆش بزەیەکی پڕ بەزەییت خستە سەر لێوت و سەرێکت بۆ لەقاندم.

پێکەوە دەستمان کرد بە پیاسە، شەقامەکان بە بارانی دوێنێ شەو تەڕ بووبوون، هەنگاوەکانمان لەسەر شۆستەکە بە کپی دەنگیان دەدایەوە، تۆ بێدەنگ بوویت و چاوت لە ئاسۆ بڕیبوو، سەیرێکی قاتە ڕەشەکەتم کرد و گوتم، "بۆچی تۆ هەمیشە جلی ڕەش دەپۆشیت؟ ئەمە بەرگی فەرمی تۆیە یان دەتەوێت کارم



Scanned with CamScanner

تێ بکەیت؟ هەست ناکەیت ئەم نەریتە تۆزێک سواو بێت؟"

تۆش وەک چۆن هەمیشە بە چەند وشەیەکی کەم وەڵام دەدەیتەوە، گوتت "من کۆنەپارێزم و حەزم لە گۆڕان نییە."

منیش بەگاڵتەجارییەوە پێم گوتیت، "وایە، وەک دەبینم، جاری پێشوو چۆن جێم هێشتیت هەر وایت و نەگۆڕاویت."

"بەڵێ، تاکە کەس کە دوای هەر یەکتربینینەوەیەکمان گۆڕاوە، تۆیت."

پرسیم، "بیرت دەکردم؟"

"هیچ بژاردەیەکی دیکەم هەیە؟"

سەیری ناو چاوتم کرد و گوتم، "پێت خۆشە گەڕاویتەتەوە؟"

دەمت کردەوە وەک ئەوەی بتەوێت شتێک بڵێیت، بەڵام لەپڕ پەشیمان بوویتەوە، ڕووت تێ کردم و بەتوندی هەردوو شانمت گرت، دیار بوو ئیدی ئارامیت لەدەست دابوو، بەپەرۆشەوە چاوت بڕییە ناو چاوم و گوتت، "سەیر کە، تازە ئەوەی ڕووی دا ڕووی دا و ئەوەتا من ئێستا لێرەم، تۆ هیچ ناتوانیت ئەمە بگۆڕیت، ناتوانیت کات بگەڕێنیتەوە، بۆیە بەرگری مەکە، ئەمە یەکەم جارمان نییە، پێم وا بێت ئێستا دەبێت باش لەوە تێگەیشتبیت کە پێداگریکردن هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، دەبێت گەڕانەوەی من بۆ ناو ژیانت قبوڵ بکەیت، وازی لێ بێنە، هەموو شتێک باش دەبێت، تۆ هێشتا لێرەیت، من هەرگیز ناتوانم تۆ بڕووخێنم و چۆکت پێ دا بدەم مەگەر خۆت بتەوێت و ڕێگەم پێ بدەیت، بۆیە ئارام بە، هەموو شتێک باشە."

من ئیتر لێرەدا کۆنترۆڵم بەسەر خۆمدا نەما و دامە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ، بە ئاستەم هەناسەم بۆ دەدرا و بەدەم هەنسکی گریانەوە دەمگوت، "من... زۆر... هی...لاکم، ن...نازا...نم... چ...چی... بکەم. و...ونم." تۆش منت گرتە باوەش و هێشتت لە باوەشتدا بۆ ماوەیەکی باش تێر بە دڵی خۆم بگریم، دواجار سەرم هەڵبڕی، هێشتا هەر فرمێسکم دەڕشت و بەدەم گریانەوە پرسیم، "ئەم جارە بۆ هەتا هەتایە لێرە دەبیت؟" تۆش زەردەخەنەیەکت کرد

Scanned with CamScanner

و گوتت، "دوای هەموو ئەوەی بە ژیانتدا تێپەڕیوە هێشتا لەو باوەڕەدایت هیچ شتێک بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە؟" منیش بە نەخێر سەرم لەقاند، ئینجا دەستمت گرت و گوتت، "کەواتە با بڕۆین، هەر دەبێت ئەم گەشتە بکەین."

دەستمانکردەوە بە پیاسە، سنگم هێشتا قورس بوو - هەستێک تایبەت بە ئامادەبوونی تۆ - بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە کەمێک ئارامی دەکرد، ئارامیی ئەوەی دەمزانی ئەمەش دیدارێکی دیکەیە لەگەڵ تۆدا و دوای ئەوە سەرلەنوێ ماڵئاوایی لە یەک دەکەینەوە، بەڵام ئەم جارە هیوادارم ماڵئاواییەکە زیاتر بخایەنێت، بۆیە تا ئەو کاتە بە شێوازی خۆم چێژ و سوود لە ئامادەبوونت وەر دەگرم - یان با بڵێم، بە شێوازی خۆت - ئەی هاوڕێی کۆنم: خەم.

# لێدانی "ئیحتیادی"

وەرگێڕانی ڕاستەو خۆ ئیشێکی بێتام و تاقەتپڕووکێنە، زۆر جار خۆت لێ دەبێت بە ئامێر یان ڕۆبۆتێک و هەست دەکەیت خۆت دەنگ و زمانت نییە و لە قسەی ئەوانی دیکە دەر چێت، هیچت پێ نییە بیڵێیت، بۆیە تا ئێستا یەک جار ئەو ئیشەم کردووە، بەڵام ئەوەی ئەو تەنیا جارەش پێیدا تێپەڕیم ڕەنگە خۆی هۆکار بوو بێت کە دووبارەی نەکەمەوە!

چەند ساڵێک لەمەوبەر من دەنگی *کارا* و دوو کچی هاوڕێی بووم، کە سێ کچی گەنجی جوانی ئەمریکی، سەر بە ڕێکخراوێکی ئەمەریکی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بوون، هەروەها دەنگی هەموو ئەو ژنانەش بووم کە توندوتیژیی خێزانییان بەرامبەر کرابوو یان ژیانیان لە مەترسیدا بوو و ئەو کچە ئەمەریکییانە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکردن.

ئەو ڕۆژەی چووین بۆ گەرمیان، ژنێک هاتبوو، کە زۆر پەلەی بوو بڕوات، پێشتر لە مێردەکەی تۆرابوو و تازە ئاشت کرابوونەوە، ژنێکی بچکۆلەی ئەسمەری شەرمن بوو، کە لەگەڵ ئەوەی بە ڕوخسار لە من زۆر گەورەتر دیار بوو، بەڵام جیاوازیی تەمەنمان چەند ساڵێکی کەم بوو، لە ژنەکەمان پرسی لەسەر چی لە مێردەکەی تۆرابوو، ئەویش لە وەڵامدا گوتی، "لێی دام، مێردەکەم لێی دام و باوکم پێی زانی و گوتی ئیتر نابێت لەگەڵیدا بمێنیتەوە."

"بۆ لێی دایت؟"

"هەموو ڕۆژ دەچوو بۆ ڕاوە ماسی و من و منداڵەکانی جێ دەهێشت و تا درەنگ نەدەهاتەوە، منیش کە دەهاتەوە دەمبۆڵاند، ئیتر ئەویش ڕۆژێک پەست بوو و یەک بۆکسی لە چاوم دا و شینی کردەوە."

"ئەی تۆ چیت کرد؟"

"منیش چەند ڕۆژ دەرگام لە خۆم داخست بۆ ئەوەی ماڵی باوکم نەیبینن و نەبێت بە کێشە، بەڵام بە هۆی ئەوەی دراوسێین و بەرامبەر یەکین، دواتر هەر بینییان و باوکم پەلی گرتم و گوتی ئیتر نابێت لای بمێنیتەوە و بردمییەوە ماڵی خۆیان."

"ئەی ئێستا چۆن گەڕانەوە بۆ لای یەکتر؟"

"ئەو پەشیمان بووەوە و داوای دەکردمەوە، منیش حەزم دەکرد بگەڕێمەوە، بەڵام باوکم ڕازی نەدەبوو، ئیتر دوایی سوڵح کرا و وەرەقەی پۆلیسیان پێ ئیمزا کرد کە جارێکی دیکە لێم نەدات."

"ئەی لەو باوەڕەدایت جارێکی دیکە لێت بداتەوە؟"

"بەڵێ."

"ئەی ئەم جارە لێت بدات قسە دەکەیت؟"

"نەخێر، چونکە تاقەتی کێشەم نییە."

"ئەی بۆ بەرگەی ئەمە دەگریت، بۆ جیا نابیتەوە؟"

"لەبەر منداڵەکانم، با کە ئەو ژنی هێنایەوە نەکەونە بەر ڕەحمەتی باوەژن."

(بێگومان بەمە تێگەیشتم لەلای ئەو جۆرە خێزانانە منداڵ نادرێتەوە بە دایک و یاسای عەشرەت و خێزان چی بڵێت ئەوەیە.)

"باشە پێشتر لێی داویت؟"

"بەڵێ، بەڵام لێدانی ئاسایی."

(بە وشەی خۆی، "لێدانی ئیحتیادی.")

چوار ساڵ بوو ئینگلیزیم خوێندبوو و ئەو هەموو کتێبەم خوێندبووەوە و نەمدیبوو وشەی لێدان و ئاسایی پێکەوە بەکار

بێن، باشە من ئێستا چی بەو کچە ناسک و نازدارانە بڵێم؟ ئەمە بکەم بە چی تا مێشکە جوانەکانی ئەوان وەری بگرێت و تووشی شۆک نەبن؟ هەر چۆنێک بێت داهێنانێکی گەورەم لە زمانی ئینگلیزیدا کرد، بۆ ئەوەی واتای قسەکە لەو کچە نازدارانە بگەیەنم دوو وشەی پێکەوە نەگونجاوم دا لە یەک، کە تا ئەو کاتە هەرگیز لە ژیانیاندا گوێیان لێ نەبووبوو ئەو دوو وشەیە پێکەوە بەکار بێن (لێدان+ئاسایی). بە ڕوخساری *کارادا*، ئەو کچەیان کە چاوپێکەوتنەکەی دەکرد، وا دەر کەوت پێی وا بێت سوعبەت دەکەم، بۆیە خێرا تێم گەیاند کە قسەکە خۆی نائاساییە و لای منیش شۆکە، گوتی بپرسە، "ئاسایی" مەبەستی چییە؟

"ئێ، زللەیەک، بۆکسێک، لێدانێک کە جێگەی دیار نەبێت."

بەشەرمەزارییەوە ئەو وشانەشم کرد بە ئینگلیزی.

ئینجا ژنەکە گوتی، "قوربانە، زۆر پەلەمە و دەمێکە چاوەڕێم، بزانە ئەگەر ئیشییان پێم نەماوە با بڕۆم."

بەم جۆرە ژنە گوێڕایەڵەکە خێرا ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ لای ئەو مێردەی کە بەئاسایی لێی دەدات، منیش بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا خۆزگەم خوارد ئینگلیزیم نەزانیایە.

Scanned with CamScanner

# لەخۆیەوە ڕقی لێتە

ژنێک هەر لە خۆیەوە ڕقی لێتە، کە بەلایدا تێدەپەڕیت لووت هەڵەقرچێنێت و لە نووکی پێتەوە تا تەوقی سەرت سەیرت دەکات، وەک ئەوەی شاخ و گوێت لێ ڕوابێت، یان زۆر جار ئاگات لێیە چرپەچرپ لەگەڵ خەڵکی تردا باست دەکات و کە سەیریان دەکەیت، یان بەلایاندا تێدەپەڕیت خۆی لە گێلی دەدات و ڕوو دەکات بەو لاوە، یان ڕەنگە تۆ بەخۆشییەوە سڵاوی لێ بکەیت و بتەوێت بیدوێنیت، کەچی ئەو سارده و بەلالووت وەڵامت دەداتەوە، یان لەوانەشە لەو جۆرانە بێت کە زیانی بۆت هەیە و لەسەر شتی بچووک لەگەڵتدا دەیکات بە شەڕ و دەمەدەمێ و کێشەت بۆ دەنێتەوە، تۆش هەر نازانیت چی بووە و بۆ وا دەکات و بۆ شەڕت پێ دەفرۆشێت. بەڵێ، زۆربەی کەس دەڵێن هیی ئەوەیە ئیرەییت پێ دەبات، ڕاستە، بەڵام مەرجییش نییە، ئەو لەبەر زۆر شت ڕقی لێتە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی تۆ ئەو کۆپییەی ئەوێت کە هەرگیز ناتوانێت پێی بگات، یان ئەو کۆپییەیت کە لە ناخیدا شاردویەتییەوە و ناوێرێت یان بۆی نییە یان شەرم دەکات دەری بخات، یان کۆپیەکیت کە لە دەستی داوە و ناتوانێت بە دەستی بهێنێتەوە یان کۆپییەک کە لێی ڕادەکات و نایەوێت بیری بکەوێتەوە کە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک تۆ بووە. واتا بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ژنە لە تۆدا شتێک لە خۆی دەبینێت، خۆیەک کە ڕەنگە خۆشی نەوێت، یان ڕەنگە ئەو خۆیەی لە تۆدا دەیبینێت ئازاری بدات و برینی بکولێنێتەوە، یان وای لێ بکات هەست بە کەمی بکات، یان ڕەنگە بیترسێنێت



Scanned with CamScanner

یان ئیرەیی پێ ببات، بەڵام هەمووی دواجار زۆر بێ مانایە و ئەوپەڕی گەمژەییە، چونکە دەکرا ئەو تۆ بێت و تۆ ئەو بیت، ئەگەر هەر لە لەدایکبوونەوە بگۆڕدرانایەتەوە، زۆر ڕێی تێ دەچوو ئێستا تۆ ڕقت لەو بووایە، ئەویش سەرسام بوەستایە و بیگوتایە باشە ئەم ژنە بۆ ڕقی لە منە؟

منیش وا بووم، بەڵێ ڕقم لێت بوو، ئەی ئەو کچە گەنجە جرپنە پڕ لە متمانەبەخۆبوونەی سەرت دەکرد بە هەموو کونێکدا، لە هیچ نەدەترسایت و گوێت بە کەس نەدەدا و ڕاشکاوانە قسەی دڵی خۆتت دەکرد و حەزت لە چی بووایە بێ ترس و شەرم تاقیت دەکردەوە، ڕقم لێت بوو ئەی ئەو هاوسەر و بووکە نموونەییەی هاوسەرت و کەسوکار و ماڵە خەزووران هەموو لێت ڕازیی بوون، چونکە سادە بوویت و لە منداڵییەوە بۆ ئەو ڕۆڵە ئامادە کرابوویت و هەموو نەریت و ئەتەکێتێکی کۆمەڵایەتیی کوردانەت دەزانی، ڕقم لێت بوو ئەی ئەو کچە خانەدانەی دایک و باوکێکی باشی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیرت هەبوو، منداڵییەکی زۆر ئارام ژیابوویت و چیت بویستایە بۆت کرابوو و لە ژیانتدا هیچ ناخۆشییەکت نەدیبوو، ڕقم لێت بوو ئەی ئەو ژنەی منداڵی جوانی ئاقڵ و ژیرت هەبوو، کە زۆر جوان پەروەردە کرابوون و توانا و پشوودرێژییەکی بێوێنەت لەگەڵیاندا هەبوو، ڕقم لێت بوو ئەی ئەو کچە گەنجە نووسەرەی لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنتەوە کتێبی چاپکراوت هەبوو و ناوێکی گەورەت بۆ خۆت لە جیهاندا دروست کردبوو، ڕقم لێت بوو ئەی ئەو هاوپۆلەی کە لە کاتێکدا من لۆش لۆش بۆ کوردستانێکی قەیراناوی دەگەڕامەوە، تۆ بە هۆی پاسپۆرتەکەتەوە بە دڵی خۆت لە بەریتانیا دەمایتەوە و دکتۆراشت دەخوێند، ڕقم لە هەمووتان بوو، ئێستاش جار جار ڕقم لێتانە، بەڵام دەزانم بۆ ڕقم لێتانە و بۆ ئیرەیی بە هەندێکتان دەبەم، بەڵام دەزانم ئەو ڕقە بێسوودە و تەنیا ناخی خۆم دەخوات، چونکە تاکە هۆکار کە من لە جێی ئێوە نیم و ئێوە لە جێی من نین ئەوەیە من ١٢ی نۆڤەمبەری

ساڵی ١٩٨٨ لە سلێمانی لەدایک بووم دڵشاد مەریوانی و شیرین ک. دایک و باوکمن و ناسنامەکەم کوردە و منداڵیم و بەشێکی گەورەی چارەنووسیشم هەر بە سێ مانگی بە یەک فیشەک لە کاسەی سەری باوکمدا دیاری کرا، تۆش ئەی ئەو ژنەی ڕقت لێمە، تاکە جیاوازیی من و تۆ ئەوەیە کە من لەم شوێن و کات و ناو ئەم خێزانەدا لەدایک بووم تۆش لە شوێن و کات و لەناو خێزانی خۆتدا لەدایک بوویت، ئیتر چۆن ئەم شتە، کە هیچ دەستی نە من نە تۆی تێدا نییە، من و تۆی کردووە بە دوژمن؟

٢٠١٦/٠٨/٠٦

# پێناسە

نامەوێت خۆم لە ڕێی بەسەرهاتەکانی ژیانمەوە پێناسە بکەم، نامەوێت شکست و ئازار و برین و کەوتنەکانم ناسنامەم بن، نامەوێت ئەوە بم کە بەسەرم هاتووە و کردوومە، نامەوێت هەڵەکانم پێناسەی ژیانم بکەن، نائومێدی و بەدبەختییەکانم ناونیشانم بن، چونکە من بە تەنیا ئەوانە نیم، من هەموویانم پێکەوە و هێشتا هیچیشییان نیم، چونکە من مرۆڤم، من هەست و سۆز و جەستە و ئەقڵ و ڕۆحم، ناکرێت ئەمانە من بن، ناکرێت ئەو ژنە بم کە مێردەکەی تەڵاقی دا، یان حەزی لە ژنێکی دیکە کرد و ئەمی جێ هێشت، ئەو ژنەی هەر شووی نەکرد و پێی دەڵێن قەیرە کچ، ئەو ژنەی پیاوێکی پڕ بە دڵ خۆش ویست و تەحەدای هەموو خەڵکی بۆ کرد کەچی دوایی بێوەفا دەر چوو و پشتی تێ کرد، نامەوێت ئەو ژنە بم کە منداڵی نابێت، یان ئەوەی منداڵەکەی مردووە یان نەخۆش یان خاوەن پێداویستیی تایبەتە، یان ئەوەی شێرپەنجەی هەیە و مەمکیان بڕیوەتەوە، یان ئەوەی هەر بە منداڵی بێ باوک یان بێ دایک یان بێ هەردووکیان بووە، یان ئەوەی ڕۆژانە باوکی یان مێردەکەی لێی دەدات، یان ئەوەی خوێندنی تەواو نەکرد، یان ئەوەی بە هۆی پیاوێکی نەفنزمەوە لەناو خەڵکدا ئابڕووی چوو، یان ئەوەی خۆشەویستی فلان یان دۆستی فیسار بوو، یان ئەوەی لە ئیشەکەیدا شکستی هێنا و هیچی بۆ نەمایەوە، یان ئەوەی پیشەکەی جێی مشتومڕە و یان و یان... ئەمانە هیچی پێناسەی کەس ناکەن، من بە تەنیا شکست و کەوتنەکانم



Scanned with CamScanner

نیم، بەڵکو بردنەوەکانم و هەستانەوەکانم یان هەوڵی بردنەوە و هەستانەوەکانیشمم، تەنیا برینەکانم نامناسێنن، بەڵکو شێوازی ساڕێژکردنیان و ماوەی چاکبوونەوەشیان بەشێکن لە من، دایک و باوک و خۆشەویست و هاوسەر و هاوڕێکانم لەگەڵم چۆن بوون پێناسەی من ناکەن، بەڵکو من چۆن بووم بۆ ئەوان و کاردانەوەم بۆ ناپاکی و غەدری ئەوان چۆن بووە زیاترتان لەسەر خودی من پێ دەڵێت، ئەوەی ژیان نادادپەروەرانە ناخۆشی و خەم و خەفەتی خستووەتە ڕێم و تووشی بەدبەختی کردووم هەڵبژاردەی خۆم نەبووە و لە دەرەوەی دەسەڵاتم بوون، ئیتر چۆن دەبێت ئەو ڕووداوانە وێنەی من بنەخشێنن؟ من چۆن بەرەنگاری ئەوانە بوومەتەوە و چۆن تێیم پەڕاندوون، ئەمانە کەسایەتیی من دەناسێنن. چۆن دەبێت باسکردنی خەڵکی بۆ من و تێگەیشتنیان لە من گرێ و نهێنییەکانی کەسایەتیی منتان بۆ بکەنەوە، لە کاتێکدا من کەسێکم لە گۆشت و خوێن؟ من ئەو بوونەوەرە ئاڵۆزەم کە پێی دەگوترێت مرۆڤ، بوونەوەرێک لە هەست، سۆز، ژیری، ئاگایی، بیرکردنەوە، بڕیاردان و داهێنان، بوونەوەرێک کە خۆی گرێیەکی گەورەیە و پارچەیەکە گرنگە لە گرێ گەورەترەکەی ژیان و گەردوون، ئەگەر تۆ دێیت و من لە ڕێگەی چیرۆکی ژیانمەوە دەناسێنیت، ئەوە ناهەقیم بەرامبەر دەکەیت، لە ڕاستییدا ناهەقی بەرامبەر بە خۆشت دەکەیت، چونکە ئەگەر ناساندنی من لە ڕێی ئەو بەسەرهات و ناخۆشی و شکستانەمەوە ڕاست بێت، کەواتە هەمان شێواز بۆ ناساندنی تۆش دروستە و بچووکردنەوە و سنووردارکردنی من، بچووکردنەوە و سنووردارکردنی تۆشە، تۆی مرۆڤ.

# سوپاسنامە

سوپاسی ئەوانە دەکەم کە خراپ بوون لەگەڵم، ئەوانەی دڵیان شکاندووم و گریاندویانم، ئەوانەی ئومێدم پێیان هەبووە و نائومێدیان کردووم، ئەوانەی دووبارە و دەبارە خەونەکانمیان هەلاهەلا کردووە، ئەوانەی جێیان هێشتووم و پشتیان تێ کردووم، ئەوانەی درۆیان لەگەڵ کردووم و متمانەمیان دۆڕاندووە، ئەوانەی قسەی ڕەق یان ناشرینیان پێ گوتووم، ئەوانەی بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گاڵتە یان سووکایەتییان پێ کردووم، ئەوانەی تانەیان لە خۆم، ڕوخسارم، کێشم یان هەڵسوکەوتم داوە و پێم پێکەنیون، ئەوانەی تەریقیان کردوومەتەوە و وایان لێ کردووم هەست بە کەمی بکەم و دڵم بە خۆم بسووتێت، ئەوانەی کێشەیان بۆ دروست کردووم و لەمپەریان خستووەتە بەردەم ئیشەکانم و ژیانمیان قورستر کردووە، ئەوانەی ئارامییان شێواندووم و تووڕەیان کردووم و وایان کردووە لە سروشتی خۆم دەر بچم. سوپاسی ئەوانە دەکەم کە دژایەتییان کردووم و هەوڵیان داوە وێنەم بشێوێنن و کارەکانم بێنرخ بکەن، ئەوانەی هەر لە خۆیانەوە ڕقیان لێم بووە و بەخراپ باسیان کردووم و بڕیاری نادروستیان بەسەرمدا داوە، ئەوانەی خەم و خەفەتێکی زۆریان داومەتێ، ئەوانەی وایان کردووە ڕقم لە خۆم و لە ژیان بێت، سوپاسی هەمووتان دەکەم، زۆر سوپاسی یەکەبەیەکەی قسە ڕەق و مۆڕە و ڕەفتار و هەڵوێستە خراپەکانتان دەکەم، ئێمە هەمیشە سوپاسی ئەوانە دەکەین کە بۆمان باش بوون و پشتیان گرتووین، بەڵام

پێویستە بە هەمان شێوە سوپاسی خراپەکانیش بکەین، چونکە ئەگەر خراپی نەبێت باشی چۆن بناسینەوە و نرخی بزانین؟ منیش سوپاسی هەموو کەسە خراپەکانی ناو چیرۆکەکەی ژیانم دەکەم، چونکە ئەگەر ئێوە ئەوەندە خراپ نەبوونایە، من هەستم نەدەکرد کە ژیان لەوە گەورەتر و قووڵترە کە من لێی تێگەیشتووم و دواجار لەتاو ئەو هەموو خەم و ئازارە لە "خۆم" بێزار نەدەبووم و ئەم ڕێگایەم نەدەگرتە بەر، ڕێگای گەیشتنەوە بە "من"ی ڕاستەقینە و ئەزەلی، بۆیە زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی گێڕاتان، هیوادارم ئێوەش، لەم ژیان یان لە ژیانێکی دیکەدا، کەسانێکی وەک خۆتانتان بێتە ڕێ کە بە هەمان شێوە بەکەڵکتان بێن... دووبارە سوپاس!

دڵم لە لەپی هەردوو دەستمدایە و لە بەردەمتدا ڕام گرتووە
پێت دەڵێم، هیی خۆتە، بیبە،
بەڵام بمبورە بۆ ئەو درزانەی تێی بوون،
دەشێت شایەنی دڵێکی تازە و بێخەوش بیت،
بەڵام ئەگەر من لە جێی تۆ بم،
متمانە بەو جۆرە دڵانە ناکەم،
تەنیا دڵە بەردینەکان بە ساغی دەمێننەوە.

Scanned with CamScanner

# دڵشکان

"لە ڕاستیدا، هەموو کەسێک ئازارت دەدات، تەنیا ئەوەیە دەبێت ئەو کەسانە بدۆزیتەوە کە شایەنی ئەوەن ئازاریان بۆ بچێژیت."

**- بۆب مارلی**

زۆرمان ئەو قسەیەمان بیستووە، "دڵ بۆ ئەوە کراوە کە بشکێت،" یان "هەموو چیرۆکی خۆشەویستییەک بە دڵشکان کۆتایی دێت." بەڵام باشە دڵ بە چی دەشکێت؟ چۆن چۆنی دەشکێت؟ هەموو وەڵامەکە دەزانین، لە کتێبدا خوێندوومانەتەوە و لە فیلمدا بینیومانە کە چۆن یەک وشە، یەک ڕاستیی ڕووخێنەر، هەڵسوکەوتێکی دڵڕەقانە لەلایەن ئەو کەسەوە کە خۆشی دەوێت یان ناپاکییەک دڵی کەسێک بە یەکجاریی دەشکێنێت، بەڵام لە ژیانی ڕاستیدا هەمیشە شتەکە هێندە دراماتیکی نییە، خۆتان دەزانن ژیان کەم جار وەک چیرۆک و فیلم بێت، زۆر جار ژیان ڕۆمانێک یان فیلمێکی خاو و بێتامە و دەرهێنەرێکی ناشی دەرهێنانی بۆ دەکات، هەر بۆیە پرۆسەی دڵشکانیش دەکرێت پرۆسەیەکی خاو و ئازاربەخش بێت، بە جۆرێک خۆشت نەزانیت ئەوەی ڕوو دەدات شکانی دڵتە یان شتێکی تر. لە ژیانی ڕاستیدا زۆر جار کە دواجار دڵت دەشکێت ناکەویتە سەر چۆک و دەست ناکەیت بە گریان، ئەوە لە فیلمدا زۆر حەزیان لەو بەزمەیە، بەڵام نا، لە ژیانی ڕاستیدا زۆر جار

لە خۆت دەپرسیت ئایا شتەکە شایەنی گریانە یان پێکەنین؟ ئایا هەست بە هیچ برینێک دەکەیت لەسەر دڵت؟ ئەمەش چونکە وەک وتم، ئەوانەی خۆشمان دەوێن ئەوەندە بە پرۆسەیەکی خاو و درێژخایەن دڵمان دەشکێنن کە ڕەنگە ئەم پرۆسەیە هەموو تەمەن بخایەنێت و پێ بە پێی چیرۆکی خۆشەویستییەکە بڕوات و تا کۆتایی بەردەوام بێت.

ئێ باشە چۆن؟ شتی وا چۆن دەبێت؟ خۆ دار و تەختە نییت هەست بە خۆت نەکەیت؟ نا، دار و تەختە نیت، مرۆڤیت بۆیە هەستی پێ ناکەیت. شتەکە دەکرێت بەم شێوەیە بێت: جار نا جار بە یەک-دوو وشە یان کردارێکی بچووک ڕووی دڵمان دەڕووشێنن، دەنکۆڵەی ورد ورد لە دڵمان دەکەنەوە، درزی بچووک و بەئاستەم بینراو دەخەنە دڵمانەوە بە جۆرێک دواتر دوای ماوەیەکی زۆر تێبینی دەکەین ئەو دڵەی دامان پێیان بەو شێوەیەی ئەوسای نەماوەتەوە، هەر وەک چۆن هەندێک جار کتێبێک دەدەیتە هاوڕێیەکت و دوای ماوەیەکی زۆر کە دەیهێنێتەوە و دەبینیت بەرگەکەی و لاپەڕەکانی نووشتاونەتەوە و نووسین و تانانەت پەڵەی چای پێوەیە و ئیدی هیچ لەو کتێبە ناچێت کە داومانە پێیان، لەگەڵ خۆشەویستانیشماندا شتەکە بەو شێوەیەیە، ئێمە وا دەزانین ئەوەی کە دڵمان پێیان داوە بەسە بۆ ئەوەی ئەم بەشە بەنرخەی بوونمان بە پارێزراوی لەلای خۆیان بهێڵنەوە، بەڵام ڕەفتارێکی دڵڕەقانە لێرە و بێباکییەک لەوێ و کەمێک پشتگوێخستن و چەندین هەڵەی بچووک و سەرزەنشت و هەڵچوون و تووڕەبوونی بێ هۆ و چاوەڕواننەکراو ڕیزێک نائومێدیی بچووک بچووک و چەند ئاواتێکی نەهاتووەدی و پشتبەردانت لە چەند ساتێکی جیاوازدا و ئامادەنەبوونیان لە چەند کاتێکی گرنگدا... هتد ئەمانە هەمووی پێکەوە بەرە بەرە دڵت دەشکێنن تا ڕۆژێک سەیرێکی ئەو دڵە دەکەیت کە دابووت پێیان و بێ هیچ ڕووداوێکی هەژێنەر هەموو ڕاستییەکە دەبینیت و دواجار تێدەگەیت کە دڵت دەمێکە شکاوە.

Scanned with CamScanner

وەک گوتم، دەکرێت ئەمە پرۆسەیەکی هێندە درێژخایەن بێت کە هەموو تەمەنت ببات، تۆش بە ئازارەکە ڕادێیت و کە درزی تازە دەکەوێتە دڵتەوە هیچ هەستی پێ ناکەیت، هەر بۆیە زۆر جار کاتێک بە شکاویی دڵت دەزانیت، کە ئەو زانیارییە دادت نادات، یان ئەوەی دڵی شکاندویت هەر لە ژیانیشدا نەماوە. ڕەنگە ئەمە مەبەستی ئەو قسەیە بێت، "دڵ بۆ ئەوە دروستکراوە کە بشکێت،" ڕەنگە هەموومان لەم ژیانەدا کە بەدوای خۆشەویستیدا دەگەڕێین، لە ڕاستیدا بەدوای یەکێکدا دەگەڕێین کە بایی ئەوەندە خۆشمان بوێت کە ڕێگەی پێ بدەین دڵمان بشکێنێت، بۆ کەسێک دەگەڕێین کە متمانەی ئەوەمان پێی هەبێت کە هێندە بە نەرمی و وردە وردە دڵمان بشکێنێت کە ئەو دڵە بتوانێت تا کۆتاییی ژیانمان بەرگە بگرێت، ژیانێک کە لە خۆشویستنی ئەودا بەسەری دەبەین.

# بە خەونیش

بە دەنگێکی لەرزۆک پێی گوتم، "من خەون بە پیاوانی دیکەوە دەبینم، لە کاتێکدا هاوسەرەکەم لە تەنیشتمەوە لە شیرین خەودایە، من لە خەونمدا لە ئامێزی پیاوێکی دیکەدام. ڕەنگە بۆ هاوسەرەکەشم هەر وا بێت، ڕەنگە لە کاتێکدا من لە تەنیشتیەوە خەوتووم، ئەو ئەکتەر یان گۆرانیبێژێکی وروژێنەر و ناسراوی بە ڕووتی لەباوەش گرتبێت، خۆ ئەمە خەوە، چی لێ دەکەیت؟ بەڵام خەونەکانی من لەو جۆرە نین، خەونەکانی من زۆر پاکتر و سادەترن، لە ڕاستیدا، کەم تا زۆر جێی بەزەیین." کلینێکسەکەی لەناو دەستە ئارەقاوییەکانیدا توند گوشی و بەردەوام بوو، "من خەو بە چەندین جۆر پیاوەوە دەبینم، هەندێکیان زۆر ئاساین و نایانناسم، هەندێکیشیان کەسایەتی بەناوبانگن و هەندێکیشیان کوڕی گەنج و قۆزن، بەڵام ئەوەی هەموو ئەم پیاوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوەیە لە خەونەکەدا ئاشقی منن و منیان خۆش دەوێت. بەڵێ، من خەون بە سێکسەوە نابینم و لەگەڵ ئەو پیاوانەدا سێکس ناکەم، مرۆڤ کە پێویستیی بە سێکس بوو خەونی پێوە دەبینێت، بەڵام ئەی ئەگەر پێویستیی بە سۆز و خۆشەویستی بێت، پێویستیی بە کەمێک ناز و وشەی جوان بێت، پێویستیی بەوە بێت کەمێک بایەخی پێ بدرێت و وای لێ بکرێت هەست بکات کە مێینەیە و مرۆڤێکە لە گۆشت و خوێن؟ دیارە لەو کاتانەدا ئەم خەونانەی من دەبینێت، خەون بەوەوە دەبینێت کوڕێک خۆشەویستیەتی و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەر دەبڕێت، خەون بەو خێرا لێدانی دڵ و هەست و سۆزە

گەرمەوە دەبینێت کاتێک لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا یەک دەبینن یان وشەیەکی ناسکی بەچپە پێ دەڵێت، یان دەستی دەگرێت، یان پێی دەڵێت کە جوانە، یان بیری کردووە، یان دەیەوێت پێکەوە بەتەنیا دابنیشن، خەون بەوەوە دەبینێت یەکێک توند توند و بەوپەڕی سۆزەوە لەئامێزی دەگرێت و بۆن بە قژییەوە دەکات و پێی دەڵێت خۆشی دەوێت، یان ئەگەر دوورتر بڕوات، ڕەنگە بەنەرمی ماچێکی ناسک و پڕ لە خۆشەویستی لێوەکانی بکات، نازانم لای تۆ چۆنە، بەڵام خەونەکانی من بەم شێوەیەن، ئاشقەکانم – ئەو پیاوانەی کە زۆر جار هەرگیز نەمبینیون – بەو شێوەیەن، بەڵام نا، ئەمە بێئابڕوویی نییە، خۆ من بە دەست خۆم نییە، خۆ من هەرگیز لە خەوەکانمدا هاوسەرگیریم نەکردووە یان ڕوو دەدات لە نیوەیدا بیرم دەکەوێتەوە کە من هاوسەرم هەیە و ئەوسا بە دڵێکی شکاوەوە بەو پیاوە دەڵێم بڕوات و وازم لێ بێنێت. بۆیە دەڵێم دڵێکی شکاو، چونکە تەنانەت لە خەویشدا بیرمە کە هاوسەرەکەم ئیدی بەو شێوەیە منی خۆش ناوێت، یان ئەگەر بڕۆمەوە بۆ لای ئەو باوەشە گەرم و وشە ناسکانەم لێی دەست ناکەوێت، هەندێک جاریش زۆر خۆشە کاتێک لەپڕ ئەو کەسە دەبێت بە هاوسەرەکەی خۆم، ئەوە یەکێکە لە خەونە زۆر خۆشەکان، بەڵام ئای لەو داماویی و بەزەییبەخۆداهاتنەوەیە کاتێک لەپڕ زەنگی کاتژمێرەکە خەبەرم دەکاتەوە و دەبینم هاوسەرەکەم سارد و سڕ لە تەنیشتمەوە خەوتووە و بۆ خۆی لە خەونەکانی خۆیدا نوقم بووە، منیش بۆ خۆم تا خەونێکی دیکەی لەو جۆرە لە باوەشی گەرمی ئەو دابڕاوم و دەبێت هەر ئەوەندەم بۆ بمێنێتەوە کە شەوان پێش خەوتن نزا بکەم و بڵێم، خوایە گیان، خەونێکم بۆ بنێرە تیایدا هاوسەرەکەم خۆشی بوێم، تیایدا منی لا جوان بێت و ستاییشی جوانیم بکات، تیایدا بەسۆزەوە ماچم بکات و لەئامێزم بگرێت، منیش پەیمان بێت بۆ بەیانییەکەی چاکەی دەدەمەوە و ئەوەی ئەو بە خەو پێی داوم من بە ڕاستی پێی دەبەخشم. بەڵام

بەداخەوە، چونکە لێی ڕانابینم، زۆربەی جار خەونەکە ئەو نییە و کەسێکی دیکەیە، هەر وەک ئەوەی خوا بەزەییی پێمدا بێتەوە و بڵێت با تەواو دڵشکاو و تینووی خۆشەویستی نەبێت. کەچی منیش هێندە دڵم باشە، خەون ببینم یان نا، بە خەون خۆشی بوێم یان نا، هەموو بەیانییەک بە ڕاستی خۆشم دەوێت و بە ڕاستی ئەو سۆزەی دەدەمێ کە هیوا دەخوازم ئەو بمداتێ، دەڵێم بەشکم ڕۆژێک ئەو یان خوا بەزەییان پێمدا بێتەوە و بە ڕاستی ئەوەم پێ ببەخشێت کە هەمیشە پیاوانی نەدیو و نەناسیو لەبریی ئەو لە خەونەکانمدا پێم دەبەخشن." بەشەرمەوە سەرێک هەڵدەبڕێت و بەترسەوە لێم دەپرسێت، "پێت وایە من ژنێکی خراپ و بێئابڕوو بم؟" منیش بەبەزەییییەوە بزەیەکی بۆ دەکەم و دەستێک دەکەمە سەر شانی و دەڵێم، "نا، بە هیچ شێوەیەک." بەڵام ئازارێکی نامۆ دڵم دەگوشێت.

Scanned with CamScanner

# پیاوت بۆ دەکوژم!

درۆیەکی چەند گەورەیە کە پێم دەڵێی، بۆ ئەبەد خۆشم
ئەوێی
ڕاستییەکی چەند جوانە
کە پێت دەڵێم،
لەوەتەی هەم
خۆشم ویستووی...
**- شیرین ک.**

زۆر جار کە پیاو عاشق دەبێت بە خۆشەویستەکەی دەڵێت، "ئامادەم لەپێناوتدا بمرم." یان "ئامادەم پیاوت بۆ بکوژم." بەڵام پێش ئەمانە، زۆر ڕێگەی دیکە هەن بۆ دەربڕینی خۆشەویستی، کە هیچ خوێنڕشتنیان تێ ناکەوێت، شتی سادە و بچووک، کە جیاوازی نێوان خۆشویستن و خۆشنەویستن، دڵسۆزیی و بایەخدان، خەمخۆریی لەگەڵ گوێنەدان و بێباکی و کەمتەرخەمی، دەر دەخەن. دواجار ئێمەی ژن، پێویستیمان بە کەس نییە لەپێناوماندا بمرێت، بەڵکو یەکێکمان دەوێت ژیانمانی لەگەڵدا بەش بکەین، کەسێک کاتی خۆیمان بداتێ، نەک ژیانی، بەکورتی، کەسێک بۆمان بژی نەک بۆمان بمرێت، خۆشەویستێکی مردوو بۆچی باشە و دەتوانێت چی ببەخشێت جگە لە خەم و ئازار و دڵشکان؟ ڕەنگە لە خەیاڵدا بیرۆکەیەکی جوان و ڕۆمانسی بێت

کە وەک ئەفسانە کۆنەکان یان داستانی ئاشقە بەناوبانگەکان، یەکێک هەبێت گیانی خۆی لەپێناوتدا دانێت، بەڵام لە واقیعدا، کاتێک ئێمەی ژن کەسێکمان خۆش دەوێت، زۆر لۆژیکییانە بیر دەکەینەوە و هەموو ئەو شتانە ئەگەرچی بیستنیان خۆشیبەخش بێت، دەزانین هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک درۆی جوان و هەرگیز نامانەوێت ببن بە ڕاست و بێنە دی، خۆ ئێمە ئەو خواوەندە خوێنمژانەی مێژوو نین کە بۆ ڕازیکردنیان مرۆڤیان بۆ دەکردنە قوربانی و خەڵکیان لەبەر پێیاندا سەر دەبڕی! گوڵێک کە بەبێ هیچ بۆنەیەک پێشکەشت بکرێت، وشەیەکی ناسک لە کاتێکی چاوەڕواننەکراو و لە ڕۆژێکی پڕ سەرقاڵی و هەڵچووندا، دیارییەکی بچووک و سادە، یان ئێوارەخوانێک بەبێ هیچ بۆنەیەکی تایبەت، پێکەوە بەسەربردنی ڕۆژێک لە هەندێک چالاکییدا وەک گەڕان بەناو سروشتدا یان شاخەوانی یان سەیرانێکی خنجیلە یان ئامادەبوون لە بۆنەیەکی کولتووریدا یان کۆنسێرتێک یان پیاسەیەک بەناو شوێنە شەعبییەکانی شاردا... هتد، بۆ ئەو ژنە خوێنی هەموو مرۆڤایەتی دەهێنێت، بەڵام هەڵبەت زۆر جار لای پیاوان، ئەوەی خۆی یان کەسێکت بۆ بکوژێت زۆر ئاسانتر دیارە لەوەی سوپرایزێکت بۆ بکات، چونکە دواجار هیچ ژنێک، کە لە ڕووی ئەقڵییەوە تەندروست بێت، داوای پیاوکوشتنت لێ ناکات، هەروەها درۆی جوانیش هیچی تێ ناچێت، بۆیە بە دڵی خۆی لەو درۆ جوانانەت بۆ دەکات، وەک ئەو درۆیەی دەڵێت، "تا ئەبەد خۆشم دەوێیت." بەڵام هەموو ئەوەی تۆ پێویستتە ئەوەیە ئێستا خۆشی بوێیت، ئێستا بە هەموو وزە و بوونی خۆی خۆشی بووێیت، نەک ئەبەدیەتێک کە کەستان پێی ناگەن.

# بەیانی چی لەبەر بکەم؟

دەزانم کچان زۆر بایەخ بە وردەکاریی وەک ئارایشت، ماکیاژ، بۆیەی نینۆک، بۆیەی قژ، ئێکسسوارات، جانتا، پێڵاو و ئەم جۆرە شتانە دەدەن، دەبێت هەموو شتێک لەگەڵ یەکتردا بگونجێت و هەمووی بێعەیب بێت، بەڵام هەر بە ڕاست، هەندێک جار هەیە کە توانا و جەوی ئەم شتانەت نییە، بەڵام هەر ئەوەندەی یەکێک لەمانەت پشتگوێ خست، کچێکی ڕەزاقورست لێ پەیدا دەبێت و یەکسەر تێبینی گۆڕانکارییەکە دەکات و دەڵێت فلانە شتەکەت وایە، یان ڕێ نەکەوتووە یان نازانم چی، بەڵام با لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین، پیاوان بەدەگمەن تێبینی ئەم وردەکارییانە دەکەن، کچێ ئەوان زۆریان لە ڕوخسارت یان جەستەت زیاتر نابینن، بەخوا هەندێکیان لە تاو جەستەت، ڕوخسارت هەر نابینن! بۆیە ئێمە ئەمە بۆ ئەوان ناکەین، ئەمەمان لەبەر یەکترییە، بۆ ئەوەی لە بەردەم یەکتردا خۆمان با بدەین و لە یەکتر جوانتر دەر بکەوین، بەڵام لە کۆتاییدا نە هەستێکی باشمان بەرامبەر خۆمان دەبێت، نە ئەوانی دیکەش، چونکە هەمیشە کچێک هەیە لە تۆ جواتر و کەشخەتر بێت. بۆیە خۆزگە وازمان لەم سەرشێتییە دەهێنا و گوێمان نەدەدا، خۆ ئاساییە حەزت لە خۆجوانکردن بێت، بەڵام لەبەر ئەوە بیکە کە خۆت چێژی لێ دەبینیت و پێت خۆشە کە خۆت لە ئاوێنەدا بە جوانی و سەرنجڕاکێشی دەبینیت، نەک بۆ ئەوەی پۆز بەسەر کچێکدا لێ بدەیت، کە لەبەر هۆکارێکی لە خۆجوانکردنەکەت پووچتر، چارەیت ناوێت و دەتەوێت وای لێ بکەیت "لە حەسوودیدا دڵی بتەقێت." دان بەوەدا بنێ کە هەندێک



Scanned with CamScanner

جار ناتوانیت جوان دەر بکەویت، نەخۆشیت، بێتاقەتیت، شەرت کردووە، شەو کەم خەوتوویت، کاتت نەبووە... هتد ئەو بەشە ناشیرینەی خۆتت خۆش بوێت و قبوڵی بکە. بە ڕاستی بێزار بووم لەوەی ئەو هەموو کرێم و ماکیاژە لەو پێستە گەنجە تەندروستەم هەڵسووم، ئەمە چییە ئەگەر لە قەرەقۆز نەچم، کچێکم لێ ڕاست دەبێتەوە و دەڵێت، "چییە؟ نەخۆشیت؟" نەخێر نەخۆش نیم، ئەمە دەموچاوی ڕاستەقینەی منە، من خۆم هەر ئاوا ناشیرینم! بێزارم لەوەی ئەو هەموو کاتەم بەوەوە دەڕوات بیر بکەمەوە و بزانم بەیانی چی لەبەر بکەم و جلەکانم چۆن لەگەڵ هەموو شتەکانی دیکەدا ڕێک بخەم، چونکە ئەگەر وا نەکەم، گاڵتەم پێ دەکەن. من مرۆڤم، بووکەڵەی ناو جامخانەی دوکانێکی پۆشاک نیم، هەر ڕۆژە و جلێکی نوێم لەبەر بکەن و دامبنێن بۆ ئەوەی کڕیار بمبینێت و بێتە دوکانەکەوە. شێتییەکە ئەوەیە، ئەگەر من بەم شێوەیە بە ڕوخسارمەوە سەرقاڵ نەبم، یان پرسەمان هەیە، یان چیرۆکی خۆشەویستییەکی شکستخواردوو دەژیم، یان نەخۆشم، یان کەسێکی سەیر و ناسروشتیم یان کچێکی کوڕانیم یان هەرشتێکی لەو جۆرە. قسەی هیچ! من خۆمم، من پێش ئەوەی ڕوخسارێکی بە ماکیاژ سواغکراو بم و هەر لە بۆیەی نینۆکەکەمەوە تا پشتچاوەکەم لەگەڵ یەکدا ڕێک کەوتبێت، مرۆڤم و ئیدی لە ڕێی جلوبەرگ و ئارایشت و ئەو جۆرە شتانەوە پێناسەم مەکەن، خۆ ئەگەر لەبریی ئەمانە بۆ ماوەیەک سەرقاڵی شتێکی بەسوودتر بووینایە، ئەم جارە کە هاوڕێیەکمان بێ ئارایشت دەبینی، دەمانگوت، "ئەم ماوەیە سەرقاڵی پرۆژەیەک یان کارێکی گرنگیت؟" ئەی هاوار! وا کاتژمێر ١٢ی شەوە و هێشتا بڕیارم نەداوە بەیانی چی لەبەر دەکەم!

# نیو مێینە

دەفتەرەکانی پڕن لە دێڕە هۆنراوەی ناسک و وتەی ناو کتێب و ڕۆمانەکان، فەیسبووک و ئینستا و هەموو ئەمانەشی پڕن لە وتە دێڕی ناسک، وێنەی گوڵ، پەپوولە، باڵندە و شتی کچانە و ماکیاژ، تەنانەت ڕەمەزانان وێنەی تەسبیحێکی پەمەیی و قورئانێکی بەرگ پەمەیی دادەنێت، کانتۆرەکەی پڕە لە جلی پەمەیی و پیازیی و مۆری کاڵ و زەرد و هەموو ڕەنگە کراوە ئاڵووالاکان، ماکیاژەکانیشی لە هەموو ڕەنگ و جۆرێکن و سەر مێزی ئارایشتکردنەکەی لە بۆیەی نینۆک، سەرڕوومەت، پشتچاو، بۆن، موعەتەر و ئەمانەدا دیار نەماوە. بیست جووت پێڵاو و دەیان جانتای هەیە و هێندەی یەک دووکان گوارە و ملوانکە و متوموورووی هەیە، بەڵام قسەی لەگەڵدا بکە وەڵامت ناداتەوە و ڕووی گرژ دەکات، پێی بڵێ جوانیت یان خۆشم دەوێیت جنێوت پێ دەدات، یان دەتشکێنێت یان هەر ئاوڕیشت لێ ناداتەوە، زۆریش لەسەری بڕۆیت، برایەک یان نێرینەیەکی خزمیان ڕادەسپێرێت ئاقڵت بکات، ئەی ئەو هەموو جوانی و ناسکی مێینەییە بۆ کوێ چوو؟ هەمووی درۆ بوو؟ نا، درۆ نەبوو، خۆ ئەو هەر بە ڕاست مێینەیە و جوانی و ناسکیی تێدایە، بەڵام دواجار ئەو کچێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، مێینەبوونی ئەو سنووردارە، ئەو تا ئەو جێیە مێینەیە، کە سوراوی سوور و پەمەیی بکات، بەڵام لێوی هیچ کوڕێک نەیسڕێتەوە، ملوانکە و گوارە و موستیلە و بازنگ بکات بە خۆیەوە، بەڵام ئەوانە دیاری کوڕێک نەبن بۆی، بۆنێکی خانمانەی بەهێز بدات لە

خۆی، چونکە هەرگیز بایی ئەوەندە لە کەس نزیک نابێتەوە کە بۆنێکی ناسک و هێمنی پێویست بێت، جلی ژێرەوەی پەمەیی و دانتێل و قردێلە و گولگول لەبەر بکات، بەڵام هەر ئاوێنەکەی و خوشکەکانی و کچەکانی هاوڕێی ببینن، حەز بە گۆرانی و شیعر و ڕۆمانی ڕۆمانسی بکات، بەڵام نە پێشکەشی هیچ کوڕێکیان بکات و نە ئەوان پێشکەشی بکەن، ئەو مێینەیە، بەڵام نیو مێینە یان با بڵێین مێینەی تەواوە، بەڵام نیوەی مێینەبوونی خۆی دەژی و نیوەکەی دیکەی هەر لە خەیاڵ و خەونەکانیدان تا ئەو ڕۆژەی دەبێت بە هاوسەری پیاوێک، ئەوسا ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورتی دەزگیرانداریی ئەو مێینەییەی خۆی بژی، بەڵام زۆر نابات، هەموو ڕەنگێک لە ژیانیدا دەسڕدرێتەوە و مێینەبوونی بەپێی کات و دەرفەت – کە ساڵ بە ساڵ ئەم دەرفەتانە کەمتر دەبنەوە – دەنوێنێت. ئیتر فەلسەفەی چی لێ دەدەیت، "کچان دڵڕەق و بێهەست و درۆزنن و هەر بە ڕواڵەت ناسکن." بەخەبەر بێ، ئێرە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، چاوەڕێی چی دەکەیت؟ کچ لێرە یان دەبێت جوانێکی بێهەست و دڵڕەق بێت، یان لە کۆمەڵگەدا ئابڕووی بچێت و بگرە بکوژرێت، دڵڕەقیی جوانەکان هەڵبژاردنی خۆیان نییە، هێندە ساویلکە مەبە!

Scanned with CamScanner

# تەنیا لەبەر ئەوەی...

قسەی پێ دەگوترێت و پێی پەست دەبن، بگرە جنێو دەخوات کاتێک دەنووسێت و باسی کتێب و خوێندنەوە دەکات و ڕەخنە دەگرێت و لەسەر بابەتە گرنگەکان و ڕای خۆی ڕاشکاوانە دەر دەبڕێت.

گاڵتەی پێ دەکەن و سووکایەتیی پێ دەکرێت، کاتێک ڕۆمانسییە و بە زمانێکی ناسک دەدوێت و ئاشقی شیعر و ڕۆمان و ئەدەبە و باسی خۆشەویستی دەکات و دەهێڵێت پێوەی دیار بێت کە ئاشقە و کەسێک لە ژیانیدایە.

شێتۆکە و ئەقڵسووک و بێکەڵکە، کاتێک کەسێکی ڕاستگۆیە و حەزی لە سەرکێشییە و گوێ بە قسەی خەڵک نادات و هەمیشە لە گەڕان و ئەزموونکردنی ژیاندایە بە تێروتەسەلی.

لووتبەرز و خۆبەزلزانە و لەخۆڕا ڕەخنەی ڕووخێنەری لێ دەگیرێت کاتێک متمانەی بە خۆیەتی و بەردەوام پرۆژە و بەرهەمی هەیە و بەدوای خەونەکانییەوەیە.

شەرەف و ئابڕووی دەخرێنە بەر گومان کاتێک حەزی لە جوانی و خۆڕازاندنەوە و تاقیکردنەوەی مۆدێل و ستایلی جیاوازە و لە ڕوخساری خۆی ڕازییە.

موعەقەد و وشک و بێتام و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شکستخواردووە کاتێک هەموو ژیانی بۆ کارەکەی، یان بوارەکەی تەرخان دەکات و ساڵانێکی زۆر لە خوێندن و گەڕان و لێکۆڵینەوە و پەرەبەخۆداندا دادەنێت.

هار و دەمهەراش و بێڕەوشتە کاتێک قسەکەرێکی باشە



Scanned with CamScanner

و هەمیشـەو وەڵامـی بۆ هەمـوو شـتێک پێیـە و بـە دەنگـی بەرز دەدوێـت و لـە هەمـوو دانیشـتنێکدا قسـەی پێیـە.

حـۆل و وڕ و گێـژ دەممـردوو و فەقیرۆکەیـە ئەگـەر بـە هـۆی قـووڵ بیرکردنـەوەوە کـەم قسـە بـکات و بـە دەنگـی نـزم و بـە ئارامـی بدوێـت و بـە وشـەی کـەم ئـەوەی دەیەوێـت، دەری بڕێـت.

ئـەو تەنیا ئـەو کاتانـە هیچـی پـێ ناگوترێـت و کـەس هیچـی نییـە پێـی بڵێـت، کـە یان مێینـە نییـە یان کـەم تـا زۆر... نییـە!

# ژووانی سێقۆڵی

چیرۆکەکەیان بە خۆشەویستی دەستی پێ کردبوو، ڕۆژگارێک هەبوو کاتێک پێکەوە بە ڕێگادا پیاسەیان دەکرد، دەستی یەکیان دەگرت، لە ژووانە زۆرەکانیاندا هەمیشە لە چاوەڕێی دەرفەتێکدا دەبوون ماچێک لە لێوی یەکتر بدزن، هەر بەو خۆشەویستییەشەوە هەوسارگیرییان کردبوو، بەڵام ئەم وەک زۆر پیاوی دیکە زوو وەڕەس بووبوو، بیانووەکەی ئەوە بوو کە ئەو گۆڕابوو و هەر کچە ناسکە پڕ هەست و سۆزەکەی جاران نەمابوو، کە هەموو ژیانی لە چواردەوری ئەم دەسووڕایەوە، چ بیانوویەکی ترسنۆکانە بوو! ئەی ژیان هەردووکیانی بەشی خۆی نەهێنابوو و نەبردبوو؟ دواجار هاوسەرگیریی ئەوان لە سەردەمی ڕژێمێکدا بوو کە جێبرینی بە هەموو ماڵێکەوە جێ دەهێشت، جگە لەوە، خۆ هەر هاوژینەکەی نەگۆڕابوو، ئەمیش گۆڕابوو، بەردەوامبوونی ژیان هەرگیز شتەکان وەک خۆیان ناهێڵێتەوە، بەڵام ئەم بیانووە بۆ ئەم بەس بوو، هەر زوو کەوتە ئەوەی چاو بۆ ژنی دیکە بگێڕێت، دەیدواندن و بەدوایانەوە بوو و خۆی لایان شیرین دەکرد و قسەی خۆشی بۆ دەکردن، هەندێک جاریش خۆی زۆر ڕۆشنبیر دەر دەخست و بە وشەی گەورە و ئاڵۆز سەرسامی دەکردن، زۆری نەبرد و توانی یەکێک و دواتر یەکێکی دیکە و ئینجا یەکێکی دیکە بۆخۆی ڕابکێشێت، تا وای لی هات ناخۆشی کرد، یەکێک هەر قژی پێوە بووایە ئەم دەیکردە ئامانج، هاوژینە بەدبەختەکەشی کاتێکی زانی ئیدی قژە زەردە لوول و پێستە سپییەکەی ناتوانن کێبڕکێ لەگەڵ قژی

ڕەشی خاو و چاو و برۆی ڕەشی ئەو ژنانەی دیکەدا بکەن ئەوان لەم منداڵتر بوون و ژیان و ئەرکی ماڵ و منداڵ میلاکی نەکردبوون و کاتیان هەبوو بۆ نواندن و درۆکردن، چ کێبڕکێیەکی نادادپەروەرانە بوو! ڕۆژگار هاتن و چوون، بۆشاییی نێوانیان تا دەهات گەورەتر دەبوو و هاوژینەکەی لە ژنێکی هێمنی قورس و سەنگینەوە بوو بە ژنێک کە ئیرەیی و خەم و دڵشکان وایان لێ کردبوو ترسی لە هەر ژنێک هەبێت، کە بە هەر مەبەستێکی پاکیش بێت بێتە ناو ژیانیانەوە و کار گەیشتبووە ئەوەی بەگژ ئەو ژنانەدا بچێت و هەڕەشەیان لێ بکات، بەڵام هەموو ئەمانە سوودیان نەبوو، منداڵەکان گەورە بوون بەرە بەرە هێلانەکەیان جێ هێشت، ئەم و هاوژینەکەشی وەک خوشک و برا لە ماڵێکی سارد و سڕدا پێکەوە لەسەر ئەو یاری ماڵەباجێنەیە بەردەوام بوون. ئەو خۆی بە ژیانی منداڵ و نەوەکانییەوە سەرقاڵ دەکرد و ئەمیش وەک گورگێک هێشتا لەو ژنانە تێر نەبووبوو کە هەریەکەو بۆ هۆکار و مەبەستێک لە تاوانەکەیدا بەشدار دەبوون. دواجار ڕۆژێک میوانێکی ناوەخت لە دەرگای ماڵیانی دا و زۆر بێڕەوشتانە خۆی کرد بە ماڵدا و بڕیاری دا تا چەند مانگێک لەوێ بمێنێتەوە و دواتر خانمی شەکەت و دڵشکاوی ماڵی سارد لەگەڵ خۆی ببات. ئیدی شێرپەنجە هەموو شتێکی گۆڕی، دووبارە ژووانەکانیان گەڕانەوە، دەستگرتن و باوەش، بەڵام ماچ نا – هەندێک شت کە شکا چاک نابێتەوە – بە وڵاتانیدا دەگێڕا، نەک بۆ چارەسەر، نەخۆشییەکە لە قۆناغی کۆتاییدا بوو، چەند ساڵێک بوو بێ ئەوەی بزانێت ئەم نەخۆشییەی لەگەڵ خەم و ئازار و ڕق و تووڕەییدا هەڵگرتبوو و ئێشی نەخۆشی لە ئازاری دڵی شکاوی جیا نەکردبووەوە.

ئەم هەستی بە تاوانباری دەکرد، نەیدەزانی چی بکات تا هاوژینە نەخۆشەکەی دڵخۆش بکات، چی بکات تا ئەم ڕۆژانەی کۆتایی ژیانی بە بەختەوەریی بەسەر بەرێت، لەو چەند مانگەدا بردی بۆ هەموو ئەو شوێنانەی ساڵانێک بە حەسرەتەوە بوو

Scanned with CamScanner

بوو بیانبینێت و ئەم نەیبردبوو، زۆر لەو شتانەشی بۆ کرد
کە هێندە داوای کردبوون و بۆی نەکردبوون تا کوڵی دابوو،
بەوەفا بوو، ئەو چەند مانگە نموونەی وەفا بوو، چاوانی لە
هاوژینەکەی زیاتر کەسی نەدەبینی، ئەو کە پێشتر بێچاوڕووانە
وێنەی ئەم ئەکتەر و خانمە گۆرانیبێژی بە نیمچەڕووتی لە
فەیسبوکی خۆی بڵاو دەکردەوە، وێنەی ئەکاوەنت و هەموو
تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی کردبوو بە وێنەی هەردووکیان،
بەڵام سوودی چی بوو؟ تازە ژووانەکان وەک خۆیان لێ
نەدەهاتەوە – ژووانەکانیش وادەی خۆیان هەیە و بەسەر دەچن
– تازە هەرگیز وەک زوو نەیاندەتوانی بەتەنیا هەردووکیان
پێکەوە کاتێکی پڕ خۆشەویستی و جوانی بەسەر بەرن، بۆ
چەندین ساڵ سێبەری ژنێکی دیکە و ئێستاش مەرگ هەمیشە
سێهەمیان بوو.

٢٠١٧/٠٦/١١

Scanned with CamScanner

# کێ تێدەگات؟

"سەیرم دەکات، بەڵام هەست ناکەم دەمبینێت، ستایشیشم دەکات، بەڵام وەک نەریتێک یان خوویەک، نازانم بڵێم چییەتی، هیچی نییە، بگرە زۆر باشە، بەڵام شتێکی کەمە، شتێک بەس خۆم دەیزانم، بە وشە بیڵێم زۆر هیچە و ڕەنگە گاڵتەت لێ بێت، بەڵام هەست دەکەم نەبوونی ئەو شتە هەموو شتێکی دیکەی بێ گیان کردووە."

کێ لەم وشانە تێدەگات؟ کێ دەزانێت ئەم ژنە باسی چی دەکات؟ ڕەنگە بڵێیت باسی ئەوە دەکات هاوسەرەکەی بەپێی پێویست بایەخی پێ نادات، بەڵام خۆی "بایەخدان" چییە؟

بایەخدان، چەند وشەیەکی سادە و ڕوون دەر دەکەوێت، بەڵام لای ژن تا بڵێیت ئاڵۆزە و چەندین جۆر و شێوەی هەیە، جۆری هەیە تا ئەو ڕادەیە گرنگە کە دەیهێنێتە گریان، جۆریشی هەیە هیچ مانایەکی نییە و بگرە دڵشکێنە، چونکە تەنیا ڕووکەشە. بایەخدانی ڕاستەقینە زۆر جار لای ژن ئەو شتە زۆر سادە، بەڵام تا ڕادەیەک مەحاڵەیە کە ڕەنگە هەموو تەمەن هیوای بۆ بخوازێت و بەدەستی نەهێنێت، یەک دوو وشەیە، پرسیارێکی دیاری کراوە لە شوێن و کاتی خۆیدا، چەند ڕەفتارێکە، چەند دەربڕین و سەیرکردن و چەند جووڵەیەکە، شتی سادە کە باوەڕ ناکەیت ژیانێک بشێوێنن، بەڵام دەتوانن، زۆریش دەتوانن. لە ڕاستیدا زۆر جار هەر ئەم شتە سادە، بەڵام زۆر گرنگانەن کە وا دەکەن ژنێک عاشقی پیاوێکی دیکە بێت و ناپاکی بکات، جا ئەو کات کەس تێناگات چۆن دڵی هاتووە وا بەرامبەر ئەو

پیاوە "چاک"ەی بکات کە لە "هیچ شتێک" بێبەشی نەکردووە؟ بێگومان ناپاکی هیچ پاساوێکی نییە، بەڵام هیچ یاسایەک نییە مافی جیابوونەوە لەسەر بنەمای ئەو شتانە بە ژنێک بدات. کۆمەڵگەش بە هەمان شێوە، خەڵک و کۆمەڵگە لە پیسکەیی، دڵپیسی، توندوتیژیی و ناپاکی تێدەگەن و لەسەر ئەو شتانە مافی جیابوونەوەی پێ دەدەن، بەڵام ئەم شتانەی دیکە تەنیا ژن خۆی لێیان تێدەگات و دەزانێت چ ئازارێکی گەورەی دەدەن و چۆن زۆر بە خاویی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕۆحی دەخنکێنن، بەڵام بڵێت چی؟ بڵێت مێردەکەمم ناوێت، چونکە کە وتم قژم ئەبڕم لە دڵەوە گرنگی بە بابەتەکە نادات و گوێی پێ نادات و ئەگەر پێی نەڵێم هەر هەستیشی پێ ناکات؟ یان ڕۆژانی کۆتایی هەفتە ئەگەر خۆم قسە نەکەم یان دەموچاو بەیەکدا نەدەم و نەبۆڵێنم نالێت، "بەساقە، ئەمڕۆ حەز دەکەیت چی بکەین؟" یان کە خۆم گۆڕی و خۆم جوان کرد ئەگەر خۆم لێی نەپرسم بەدەمیدا نایەت بڵێت جوانیت، ئەوساش کە من پرسیم شتەکە تامی تێدا نامێنێت؟ هیچ یاسا و هیچ کۆمەڵگەیەک لەم شتانە تێناگات و نایانکات بە هۆکار بۆ جیابوونەوە و بەدبەختیی ژنێک، بەڵام لە ڕاستیدا ژیانی دوو کەس پێکەوە لەم شتە زۆر بچوک و سادانە پێک دێت، نە منداڵ، نە سێکس، نە میوانداریکردن، نە سەردان، نە خانوو ئەساس گۆڕین، نە سەیارە، نە پارە خەرجکردن و چوونە بازاڕ، ئەمانە ئەو گەرمییە نابەخشن کە سەیرکردنێکی پڕ سۆز لە کاتی خۆیدا، وشەیەکی جوان لە دڵەوە، دەست گرتنێک، زەردەخەنەیەک، پیاهەڵدانێکی ڕاستگۆیانە، بەرنامەیەک کە ئەو بۆ ئەو ڕۆژەی هەردووکتانی دانابێت پێکەوە بەسەری بەرن، دیارییەکی سادە بێ هیچ بۆنەیەک و چەندین شتی زۆر سادە، بەڵام زۆر گرنگ دەتوانن بیبەخشن و ژیان بۆ ژنێکی ساردوسڕ و ڕۆح مردوو بگەڕێننەوە، ژنێک کە خۆی لەناو ئەرکی ماڵ و منداڵ و خێزاندا ناشتووە، چونکە نایەوێت دەرفەتی ئەوەی هەبێت هەست بە نەبوونی ئەو شتانە بکات، کاتی هەبێت

چاوەڕێی شتێک بکات و نەیەت، هیوایەکی بۆ دروست بێت و سەدبارە لەبار بچێت، دڵی بکەوێتەوە لێدان و دواتر بە ئازارەوە سەدبارە بخنکێت، چونکە ئیدی کوڵی داوە، ئیدی تێگەیشتووە بۆ ئەوەی ژنێکی باش و پاک بێت و پارێزگاری لە ماڵ و مێردی خۆی بکات دەبێت بێدەنگ بێت، دەبێت واز لە چاوەڕوانیکردن بهێنێت، چونکە چاوەڕوانی دڵشکانی بەدواوەیە، ئەو ئیدی واز لە شتە سادە گرنگەکان دێنێت و دڵی خۆی بە شتە گەورە و بێ گیانەکان خۆش دەکات، زۆر جاریش ئیدی خۆی بیر دەچێتەوە، لە ژیاندا خۆی دەنێژێت و لە ڕێی ژیانی منداڵەکانیەوە دەژی، بەڵام ئای لەو زوڵمە کاتێک لەپڕ لە هاوسەری یەکێک شتێک دەبینێت کە دەبوو ئەوەی ئەمیش وا بووایە، ئای لە هارەی ئەو دڵشکانە! یان کاتێک لە ساتێکی بێدەنگیدا ڕابردوو دڵڕەقانە دێتەوە خەیاڵی و هەموو ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە ئیدی نەماوە، یان کاتێک لە هەڵوێستێکدا دووبارە و بێ ویستی خۆی هەموو ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە هەرگیز نەبووە و نابێت. ئەوساکە هەست دەکات زۆر هیلاکە ـ ئاخر ڕاکردن لە ژیان هیلاکت دەکات ـ هەست دەکات وزەی پێ نەماوە، هەست دەکات تەمەنێکی بەبا داوە، چونکە زۆر دەمێکە دڵی مردووە، ئینجا ئەو کاتە کەمێک دەگری، بگرە زۆر دەگری، چەند ڕۆژێک بێتاقەت دەبێت، بەڵام کە دەزانێت بێسوودە، دووبارە هەڵدەستێتەوە سەر پێ و دووبارە خۆی سەرقاڵ دەکات و دووبارە بەبێ ژیان دەژی.

٢٠١٧/٠٧/٢١

# تاقیکردنەوە

بە دڵێکی شکاوی پڕ لە ڕق و تووڕەیییەوە، چوومە ناو تاکسییەکەوە.

بیرم لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە گوتبووتن، یان باشتر وایە بڵێم نەتگوتبوون،

بیرم لە بێدەنگیت و ئەو جەنگە ساردە دەکردەوە کە بەرامبەرم بەرپات کردبوو،

گۆرانییەک لەسەر ڕادیۆی تاکسییەکە بە دەنگی بەرز ئیشی دەکرد،

گۆرانییەکە خەریک بوو بەرەوە تەواو بوون دەچوو، منیش هەر لە بیرکردنەوەی خۆمدا بووم و چەندین سیناریۆی درامیم دانابوو و پێیان تووڕەتر و خەمبارتر بووبووم، هەر لە مێشکی خۆمدا هەزار شەڕمان کردبوو و هەزار جاری دیکە دڵت شکاندبووم.

لە دواین کۆپلەی گۆرانییەکەدا هاتمەوە هۆش خۆم و ناسیمەوە ئەمە چ گۆرانییەک بوو، ئەو گۆرانییە بوو کە لە ئاهەنگی گواستنەوەکەماندا پێشکەشت کردبووم، ئەو گۆرانییەی هەمیشەی تۆی بیر دەهێنامەوە و لەکوێ گوێم لێ بووایە بزەی دەخستە سەر لێوم، ئاخر چۆن هەر کە بیستم نەمناسیەوە و هەستم پێی نەکرد؟ چۆن هەر کە دانیشتم، گوێم لێی نەبوو و نەمگوت ئەمە نیشانەیەکە لەلایەن پەروەردگارەوە کە لێت خۆش ببم، یان بڵێم هێشتا وەک جاران یەکترمان خۆش دەوێت؟ نا، ئەمە نیشانە نەبوو، ئەمە تاقیکردنەوە بوو، تاقیکردنەوەیەک کە

بۆی سەلماندم ئەمە سەرەتای کۆتاییییە، کۆتاییی خۆشەویستی من و تۆ، نازانم بگریم یان سوپاسگوزار بم؟ خوایە گیان، کە گوتم یان خۆشەویستیی ئەو لەدڵم هەڵکەنە یان بیکە بە شایەنی ئەو خۆشەویستییە، بۆ وا زوو وەڵامت دامەوە، وەکو وەڵامیشت دامەوە، بۆ ئەوەت هەڵبژارد کە لە دڵمەوە نەبوو؟

# کچان!

کچان، هەموو ژیر نین
هەموو بەڕێز نین
هەموو شایەنی پیاهەڵدان نین
هەموو لە ناخیاندا جوان نین
کچان، هەموو "کچی چاک"ن
بەڵام هەر هەموویان باش نیین!
هەیانە بە بەهاترین شت تیایدا پێڵاو و جانتا و جلوبەرگە مارکەکانی بەرین.
هەیانە قووڵترین شت تیایدا نەزانییەتی.
هەیانە پرماناترین شت تیایدا ئەو وتە ئینگلیزییەی سەر تیشێرتەکەیەتی کە خۆشی زۆر چاک نازانێت
مانای چییە و لەبەر جوانییەکەی کڕیویەتی.
هەیانە ناسکترین شت تیایدا، نینۆکە درێژەکانیەتی.
هەیانە هەموو کراوەییەکەی، کراوەیی سنگی کراسەکەیەتی.
هەموو پێشکەوتنخوازیشی، گۆڕینی پرۆفایلەکەی فەیسبووکیەتی بۆ ئەو دروشم یان بابەتانەی
ئەوساتە لە جیهاندا باون.
هەیانە ئەوپەڕی ئازایەتی، ئازایەتیەتی لە سووککردن و شکاندن و تانەدان لە ڕوخسار و ڕەوشت و
ئابڕووی هاوڕەگەزەکانی خۆیدا.
گەورەترین بەهرەشی، خێراییەتی لە بڵاوکردنەوە و ترشوخوێکردنی بوختان و هەواڵی درۆ و قسەوباس لەسەر

ژیانی تایبەتی خەڵکی.

هەیانە هەموو وەفاکەی ئەو وەفایەیە کە بۆ بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپڵ هەیەتی.

گەورەترین ئامانجیشی چوونە خوار شەست کیلۆیە و تاکە هەوڵ و کۆششێکیشی ئەوەی سەر ئامێری ڕاکردنەکەیە لە هۆڵی لەشجوانی.

هەیانە هەموو خوێندنەوەکەی هی ئەو دوو دێڕەی کتێبێکە کە هەر ئەو دوو دێڕەی لێ خوێندووەتەوە و لەگەڵ وێنەی گوڵ و قاوە و مۆمدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆز و خۆنواندن دای ناوە.

هەموو سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری و ئامۆژگاریشی گروپە بێئیشەکانی فەیسبووکن. هەیانە هەموو میهرەبانیی، ئەو چەند چرکەیەی سناپەکانیەتی کە لەگەڵ برازاکانیدا دەیانگرێت. هەموو لێبووردەیی، ئەوەیە کە لەسەر تێکدانەوەی بۆیەی نینۆکەکەی دان بەخۆیدا بگرێت و زللە لە برا بچووکەکەی نەدا. هەموو خەمخواردنێکیشی بۆ جیابوونەوەی دوو کەسایەتی بەناوبانگی هۆلیوودە. زۆریشیان گەورەترین دەستکەوتی ژیانیان شووکردن بە کەسێکە، کە لە بەناوبانگترین هۆڵی شار ئاهەنگی گواستنەوەی گەورەیان بۆ بکات، بۆ مانگی هەنگوینی بیبانباتە دەرەوەی وڵات و یەکەم سک کوڕیان ببێت.

کچان هەموو کچی "جوان" و "چاک"ن، بەڵام هەموویان مایەی شانازی نین!

# پێکەوەخەوتن یان ئەتککردن؟

توێژینەوەیەک لەسەر ئاستی هەموو بەریتانیا دەری خستووە، کە لە پەیوەندییە درێژخایەنەکاندا - بۆ ئێمە ئەوە هاوسەرگیری دەگرێتەوە - ژنان یەکەم کەسن کە بێزار دەبن لە سێکس یان هەر تەواو وازی لێ دەهێنن، هەروەها توێژینەوەکە دەری خستووە کە بە گشتی ژنان دوای یەک ساڵ لەو پەیوەندییە لە سێکس بێزار دەبن و ئارەزووی سێکسییان کەم دەکات. بێگومان ئەمە بۆ زۆربەی خەڵک هەواڵێکی تازە نییە، چونکە بیری باو وایە کە ژن هەر بۆ منداڵ سێکسی دەوێت و کە منداڵی بوو ئیتر ئەو حەزە تیایدا دەکوژێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕاست نییە، زۆر بەداختریشەوە ئەمە شتێکە کەس ڕووی نایەت باسی بکات یان با بڵێین "جوان نییە" باس بکرێت، دواجار لەگەڵ ئەوەی زانست چەندین جار سەلماندوویەتی کە هەرگیز ئارەزوو و خواستی ژنان بۆ سێکس، لە هی پیاوان کەمتر نییە، بەڵکو ئەمە دابونەریت و تابووەکان سەپاندوویانە، هێشتا هەر زۆرینەی کەس و تەنانەت ژنان خۆیان وا هەست دەکەن - جا ئەگەر ئەو هەستە لە نەستیشیاندا بێت و نەیزانن - کە سێکس شتێک نییە لەگەڵیاندا بکرێت، بەڵکو شتێکە لێیان دەکرێت و لێیان ڕوو دەدات - تەنانەت زۆر جار بێ ویستی خۆیان - هەر بۆیە شتەکە ئاوا ئاسایی دەڕوات و هیچ ژنێک دژی ئەو پەیوەندییە ناتەندروستە نایەتە قسە، بەتایبەت کاتێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەقسەکردنی هاوسەرەکەت کاتێک ئەو حەز بە سێکس دەکات ئەرکێکی ئایینی پیرۆزە و بگرە ئەگەر ڕازی نەبیت ئەوە فریشتەکان نەفرەتت

لێ دەکەن – بێگومان کەس باسی هیچ دەقێکی ئاینی ناکات لەسەر پیاو کاتێک سیناریۆکە پێچەوانەیە، دواجار ئەوە ژن نییە کە خۆی لە خۆیەوە حەز بە سێکس بکات – هەر بۆیە ژنان زۆر جار سێکس وەک ئەرکێک دەبینن و تەنانەت هەر وای ناو دەنێن "واجبات زوجیة" هەر لەبەر ئەمەشە کە لە ڕووی سێکسییەوە ژنان هێندە نەخۆش و دەروون ڕووخاون، چونکە دواجار ئەگەر مرۆڤ بێ ویستی خۆی سێکس بکات ئەوە هیچ شتێکی وای لە لاقەکردن کەمتر نییە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کەسە هاوسەری خۆیەتی و بێ هیچ بەرگرییەک خۆی داوە بەدەستەوە، مانای ئەوە نییە بابەتەکە زۆرلێکردنی تێدا نییە. زۆربەی ژنانی جیهانیش ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ئەو هەستە ژیاون و جێبرینێکی بە دەروونییانەوە جێ هێشتووە. بەڵام ئەمە هەڵەی کێیە؟ هەڵەی پیاوە؟ نا، شتەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر و کۆنترە، شتەکە ئەوەیە ژن ناتوانێت و ڕووی نایەت بەڕاشکاوانە قسە لەسەر سێکس بکات و هەستی خۆی دەر بڕێت، لە کاتێکدا زۆر لە پیاوان ئەمەیان پێ خۆش دەبێت، بەڵام چونکە ژن وا پەروەردە کراوە کە دەبێت شەرم بکات و دەبێت وەک فریشتە بێت، هەست دەکات بەوە کەم دەبێتەوە و بە سووک سەیر دەکرێت، لەمەشدا زۆر هەڵە نییە، چونکە پیاو هەیە وا بیر دەکاتەوە و ئەگەر هاوسەرەکەی ئەو جۆرە قسانە بکات دڵی لێ پیس دەکات و گومان لەوە دەکات کە نێچیرێکی ئاسان بێت بۆ ئەو پیاوانەی ژنان لەخشتە دەبەن، هۆکارێکی تریش ئەوەیە وەک ئاماژەم پێ دا، ژنان هەست دەکەن سێکس بۆ ئەوان نەکراوە و پێویست ناکات ئەوانیش چێژی لێ ببینن، یان با بڵێین، وا دەزانن ئەو چێژە ئیمتیازێکە نەک مافی ڕەوای خۆیان، بۆیە مەرج نییە وەری بگرن، لەبەر ئەوە ئەگەر لە سەدا نەوەتی جارەکانیش ئارەزووەکانیان پڕ نەکرێتەوە، بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەمە ڕاست نییە و دەبێت بێنە دەنگ، بۆیە هەر دوای ساڵێک کە شتەکە جادووی بەتاڵ بووەوە و تەواو تێگەیشتن: سێکس

Scanned with CamScanner

هەمـوو نهێنییەکانـی جەسـتەی هاوسـەرەکەیان زانـی و تـەواو
ی ئاشـنا بـوون، ئیدی هیچـی وا نامێنیتـەوە کـە بۆی بەپەرۆش
ن، دواجار هێندەی ناڕاحـەت دەبن، هێندە چێژ نابینن و ئەوسا
ەک ئەرکێـک بـۆ ئـەوەی هاوسـەرەکەیان لێیـان ڕازی بێت، یان
ەک ئەرکێکی پیرۆز، یان بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکە و
ڵنیابوونـەوە لـەوەی هاوسـەرەکەیان "ناچار" نابێت ژن بهێنێتەوە
یان ناپاکی بکات و بچێتـە لای ژنێکی دیکە، لە سێکسدا بەشدار
دەبن و نوانـدن دەکـەن و خۆیـان وا نیشـان دەدەن کـە بـە ڕاستی
لـەو پەیوەندییـەدا بەشـدارن، بـەڵام دواجـار ئـەو هەمـوو نواندنـە
هیلاکـت دەکات، ئـەوەی بـەردەوام هـەوڵ بدەیـت خـۆت نـوێ
بکەیتـەوە شـتێکی تاقەتپڕووکێنـە، ئـەوەی ئەرکێـک جێبەجـێ بکەیت،
شـتێکی بێتامـە، بۆیـە دواجـار بڕیـار دەدەن کـە سـێکس شـتێکی
بێزارکـەرە و خۆیانـی لـێ دەدزنـەوە، لـە تەمەنێکیشـدا کـەم تا زۆر
کـۆڵ دەدەن، ئـەوەش بـە پێچەوانـەی بیـری بـاوەوە، نـەک لەبـەر
ئـەوەی پیـر بـوون و تاقەتیـان نەمـاوە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی کـێ
تاقەتـی هەیـە ئـەو هەمـوو سـاڵە نوانـدن بـکات و ئەرکێکی بێزارکەر
جێبەجـێ بـکات؟ کەواتـە لێـرەدا دەگەڕێینـەوە بـۆ خاڵـی سـەرەتا،
کـەی ژن تێگەیشـت مافـی خۆیەتـی چێـژ لـە سـێکس وەر بگرێـت
و مافـی خۆیەتـی بەڕاشـکاوانە بڵێـت حـەزی بـە چییـە و دەیەوێـت
پەیوەندییەکـە چـۆن بێـت و ترسـی لـەوە نەبێـت بڕیـاری بەسـەردا
بدرێـت و بێئابـڕوو دەر کەوێـت، یـان بـەوە پیاوەتـی هاوسـەرەکەی
بریندار بـکات، ئـەم کێشـەیە چارەسـەر دەبێـت، واتـا وەک هەمـوو
کێشـەکانی دیکـە، کـەی ژن خـۆی وەک مـرۆڤ بینـی و وەک مـرۆڤ
سـەیر کـرا، ئەمـەش چارەسـەر دەبێـت، ئەگـەر نـا، ئـەی ژنـان و
پیـاوان، تەمەنێکتـان لـە نوانـدن و درۆکـردن و ئەتککـردن پیـرۆز
بێت!

# نیو

ئیدی قاییل نابم بە نیوەی شتەکان، بە هاوشێوەی شتەکان، جەستەت لەلام بێت و مێشکت لە شوێنێکی دیکە، لە پیاسەیەکی سەهۆڵەکە لەگەڵ هاوڕێکانت، لە سەیران و خواردنەوە و گۆشتبرژاندن و باسی ژنان و نوکتە و قسەی قۆڕ، کاتێک لەلامیت، یان هەمووت لام بێت یات هیچ، یان هەموو سۆزتم دەوێت یان هیچ، من سواڵکەری کوچەوکۆڵانەکانی دڵت نیم، بە بەرماوەی سۆز و میهرەبانیی ئەو ڕۆژەت قاییل بم.

جەستە پەرستگای ڕۆحە، هەڵگری نەفەسی خودایە، ئەگەر تەنیا جەستەت تێکەڵ بە جەستەم بێت و ڕۆحت لە شوێنێکی دیکە بێت، سووکایەتییە، گەر ڕۆحمان ئاوێتەی یەک نەبن، ئەوە من لەشفرۆشم، بەرامبەر تۆزقاڵێک بایەخ و هاوشێوەی نازهەڵگرتنێک جەستەم دەفرۆشم.

کە بۆت دەدوێم، نیو گوێگرتن گوێ مەگرە، وشەکان لە مێشکتدا تێکەڵ دەبن، هارمۆنییان لەدەست دەدەن، لە گێژاوی بیرکرنەوە و بڕیاردانەکانت و ئەو وەڵامانەی لەو ساتەدا ئامادەیان دەکەیت ون دەبن، وشە سەنگی خۆی هەیە، ئیدی بەرامبەر بێنرخکردنیان بێدەنگ نابم.

خۆشەویستیی یان دەبەخشرێت یان نابەخشرێت، عیشق سێوێک نییە بیکەیت بە دوو کەرتەوە، پاکەتە چکلێتێک نییە یەک دوو دەنکی لێ هەڵگرم، یان هەموو عیشقت دەبەخشیت یان هیچ، یان دەتسووتێنێت یان لە نەبوونیدا ڕەق دەبیتەوە، بە نیو خۆشەویستی قاییل نابم، هاوشێوەی عیشق دادم نادات، ئەگەر

وەک پەروانەکەی مەولانـا لـە عیشـقدا نەسـووتێین و نەبیـن بـە خۆڵەمێش، تـا ئەبـەد لـە تاریکییـدا دەمێنینـەوە، منیش بـە تاریکی قاییـل نابـم، مـن نـەوەی ڕووناکییـم و بـەرەو ڕووناکـی دەفـڕم، یـان لەگەڵـم دەفڕیـت یـان لـە زەوی جێ دەمێنیـت، هاوسـەفەری نیوەی ڕێگام ناوێت، ئەمـە ڕێگایەکە یان دەیبڕیت یان نا، بە نیو سـەفەر قاییل نابـم، نیوەکانت بۆ خۆت و هیچەکانت بۆ من، لـەم سـەفەرەدا بـاری زیـادە هەڵناگـرم.

٢٠١٧/٠٩/٢٥

# سەروو جوانی

لە بەردەم ئاوێنەی گەرماوەکەدا ڕاوەستابوو و لە پاشماوەی ژنێتیی خۆی ورد دەبووەوە: بێخی سەری سفری دوای چارەسەری کیمیاوی، قژە بژە قاوەییە لوولە پرەکەی بەبیر دەهێنایەوە، ئەو هەمیشە بەدەست قژییەوە بۆڵەی دەهات، گلەیی لەوە دەکرد کە ئەو هەموو کاتەی بە داهێنان و خاوکردنەوە و ڕازاندنەوەی قژییەوە لێ دەڕۆیشت. ئەگەر دەیزانی! بێگومان ئەوسا قەدری ئەو قژەی دەزانی و سوپاسگوزار دەبوو بۆی، بەڵام هاوسەرەکەی هەمیشە قژی ئەمی لا جوان بوو، تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە قژی بەخراپی دەوەستا، هێشتا هەموو ئەو ستاییشەی دەکرد کە وای لەم دەکرد خەمی قژی لەبیر بچێتەوە و دڵخۆش ببێت، بەڵام ئەمە ڕۆژێک نییە لەو ڕۆژانەی کە قژی تیایدا خراپ دەوەستێت، ئەمە ڕۆژێکە کە لە بنەڕەتدا قژی نییە تا جوان بوەستێت یان ناشیرین. ئێستا دەبێت کە بەو شێوەیە دەیبینێت چی بڵێت، بە خۆی گوت، "پێش ئەوەی بچمە دەرەوە، بارۆکەکەم لەسەر دەکەمەوە، با ئاوا نەمبینێت."

دواتر هەر لە بەردەم ئاوێنەکەدا، ڕۆبی حەمامەکەی کردەوە و سەیری ئەو جێ نەشتەرگەرییانەی کرد کە جاران لە جێی ئەوان جووتێک مەمکی هەبوون. هەمیشە لە شێوە و قەبارەی ئەوانیش ناڕازی بوو، لای زۆر بچووک و ناسەرنجڕاکێش بوون. ئەگەر دەیزانی چی چاوەڕێی دەکات، هەرگیز بەو شێوەیە ڕەفتاری نەدەکرد. بەڵام هاوسەرەکەی هەمیشە سنگی ئەمی زۆر بە دڵ بوو و بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین بەشی

جەستەی دای دەنا و هەمیشە ئەو ستاییشەی دەکرد کە وای لەم دەکرد ئیدی هێندە شەرم نەکات و لە خۆی ناڕازی نەبێت، بەڵام ئیدی هیچ نەماوە ستاییشی بکات، ئیدی ئەوان نەمابوون و بەبێ قژ و مەمکی، ناسنامەی ئەم وەک مێینەیەک خەریک بوو لەناو دەچوو، ئێستا ئەم چی بوو؟ بەردەوام ئەم پرسیارەی لە خۆی دەکرد، بەدڵتەنگییەوە لە خۆی پرسی، "ئیدی چی لە مندا ماوە تا حەزی ئەو بجووڵێنێت؟ من ئیتر هیچ شتێکم لەو ژنەی جاران نەماوەتەوە، لە ڕاستیدا، ئێستا هەر بە ناو ژنم!" حەزێکی زۆری هەبوو بۆ گریان، بەڵام ڕێگەی بە خۆی نەدا بگری، یەکەم، چونکە چەند ڕۆژ بوو هەر دەگریا و دووەم، نەیدەویست ئەو بەو شێوەیە بیبینێت، بە خۆی گوت، "هەر لەوەم کەمە چاویشم سوور بێتەوە و بئاوسێت."

لەناکاو، لە دەنگی کردنەوەی دەرگای گەرماوەکە راچڵەکی، پێدەچوو بیری چووبێت بە کلیل دای بخات، خێرا خۆی داپۆشییەوە و بەترسەوە ئاوڕی دایەوە، لەپڕ بیری کەوتەوە کە هێشتا سەری ڕووتە، هەستی بە ترس و شەرم دەکرد، سەری دانەواند پاشان هەڵی بڕی و دەمی تەتەڵەوپەتەڵەی دەکرد، "ب... بوورە، قژم... ئ...ئاوایە." بەڵام لەپڕ بێدەنگ بوو، چونکە بینی لەبریی سەری، چاوەکانی هاوسەرەکەی سەیری ڕوخسار و ناو چاوەکانی ئەمیان دەکرد، چاوەکانی هاوسەرەکەی پڕ لە سۆز بوون و دەبریسکانەوە، زۆر بە نەرمی قۆڵەکانی گرت و بەرەو لای خۆی ڕای کێشا، پاشان بەسەریدا چەمایەوە و ماچێکی شێتانە و دووورودرێژی لێوەکانی کرد، کە هەناسەی لەبەر بڕی، دواجار کە ماچەکە کۆتایی هات، هاوسەرەکەی چرپاندی، "بیبوورە دڵەکەم، نەمتوانی خۆم لە ئاست ئەو لێوە جوان و بەتامانەدا بگرم." پاشان بەنەرمی کەوتە ماچکردنی ملی. ئەم زۆر شڵەژابوو و دەترسا، بەڵام هاوسەرەکەی پشتێنی ڕۆبەکەی کردەوە و ڕۆبەکەی بەری بەنەرمی بۆ سەر زەوییەکە داماڵی. ئەوەی دواتر ڕووی دا، ئەم سەرەتا زۆر هەوڵی دا ڕێگریی لێ

بکات، بەڵام دواجار ڕێگەی بە خۆی دا کە خۆی بە دەست ئەو هەست و چێژانەوە بدات، چونکە بۆی دەر کەوت شێوازی هاوسەرەکەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی لە مێینەبوونی ئەم مابووەوە و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵیدا، لەگەڵ ئەمی مرۆڤدا، مێینە هەمیشەییەکەی ناو ناخی زیندوو دەکردەوە، ئەو مێینەیەی لە سەروو قژی پڕ و درێژ و مەمکی بچووکەوە بوو، دووبارە ئەم کامڵ بوو، دووبارە هەموو ئەو هەستانەی دەناسییەوە و دەدۆزییەوە کە هاوسەرەکەی ئەو ساتە و هەمیشەش پێی دەبەخشین، ئەو هەستانەی کە پێیان دەگوت کە خۆشەویستی و حەزی هاوسەرەکەی بۆ ئەم هەمیشە بۆ ژنەکەی ناو ناخی بووە، بۆ ژنێک کە هەمیشە جوانییەکەی لە سەروو قژە زۆر و بژەکەی و مەمکە بچووکەکانییەوە بووە.

# چاوەڕێ مەبە!

من شتێکی زۆر لەسەر خەم دەزانم، بەڵام زۆریش لەسەر خۆشی دەزانم، دەزانم خۆشیی مرۆڤ سنوورداره و تەنیا چەند پلەیەکی کەمی هەیە، خۆشیی سەیرانێک بۆ ناوچەیەک کە پێشتر نەچوویت و چوون بۆ لای بورجی ئیڤڵ لە پاریس هەر دەتوانن هێندەی یەک گەورە بن، کرینی پێڵاوێکی چینی جوانی هەرزان کە زۆر بە دڵت بووە و ئەڵقەیەکی ئەڵماس هەر هەمان گڕوتینت دەدەنێ، بیر لە گرنگترین شت بکەرەوە و بیر لەو هەستە بکەرەوە کاتێک بە دەستی دەهێنیت، وا دەزانیت خۆشترین هەست دەبێت لە دونیادا، بەڵام وا نابێت، دڵی مرۆڤ تا سنوورێک دەتوانێت خۆشیی ئەزموون بکات، بەڵێ، دەزانم بە ئەقڵ بابەتەکە گرنگە و زیهنت پێت دەڵێت ئەمە خۆشترین شتە، بەڵام گەر تەنیا دوای هەستەکە بکەویت، دەبینیت وا نییە، ئەمە بە پێچەوانەی خەمەوەیە، مرۆڤ دەتوانێت بێسنوور خەم بخوات و ژمارەیەکی بێشومار جۆر و پلەی خەمخواردن هەن و تا دەچیتە تەمەنەوە، جۆر و شێوازی نوێی خەمخواردن دەدۆزیتەوە: ئەو خەمە بچووکانەی، کە دڵت لاواز و ڕەش دەکەنەوە، ئەو خەمە گەورانەی خۆتیان لێ دەدزیتەوە و جار جار بەسەریان دەکەیتەوە و بەکوڵ بۆیان دەگریت، خەمێک کە بێدەسەڵاتیی خۆتت نیشان دەدات، خەمێک کە وات لێ دەکات ڕقت لە خۆت بێت، خەمێکی بچکۆلانە کە زۆر ئاسان دەتهێنێتە گریان و خەمێک هێندە گەورە کە ناهێڵێت یەک فرمێسک بڕێژیت، ئەو خەمانەی وڕ و کاست دەکەن و وا دەکەن هەست بکەیت

بەسەر دونیاوە نیت، ئەوانەش کە شێت و سەرگەردانت دەکەن و حەز دەکەیت خۆت بکوژیت تا لێیان دەرباز ببیت، خەم هەیە گۆشەگیرت دەکات و وات لێ دەکات حەز بکەیت هەموو کات و بە تەنیا بیت تا ڕووبەڕووی نەبیتەوە، خەم هەیە وا دەکات نەوێریت یەک سات ڕقت لە هەموو شت و کەسێک بێت و بە خەندە و میهرەبانیی چواردەورت پەست و تووڕە بیت، خەمیش هەیە تینووی زەردەخەنەیەک یان سڵاوێکت دەکات، دەبینیت خەمەکان چەند جۆریان زۆرە؟ بێگومان گەورەترینیشیان و بەئازارترینیان خەمی غەدر و ناپاکیی خۆشەویستانمانە، قووڵترین برین هیی ئەو کەسانەیە کە خۆشمان ویستوون متمانەمان پێیان بووە، هەموو چەکەکانمان فڕێ داوە و هێشتوومانە هەموو لاوازییەکانمان ببینن و بزانن، بەڵام دواتر دەرفەتیان لێ هێناوین و ئەو لاوازییەشیان لەبەرامبەرمان بەکار هێناوە، ئەوە گەورەترین خەمە، چونکە پڕپڕە لە نائومێدی و تێکشکان و بێدەسەڵاتی و لاوازی، چونکە چاوەڕواننەکراوە، بۆیە چاوەڕێی هیچ مەبە، گوڵەباخەکان ئاو بدە بێ ئەوەی دڵنیا بیت گوڵ دەگرن یان نا، بەتایبەت تۆی ژن، لەبەر ئەوەی خۆشیی سنوورداره و بەدبەختییش بێسنوور، واز لە چاوەڕوانکردن بێنە، دەزانم لە چاوەڕوانکردندا کارامەیت و پشوودرێژیت بەڵام ئەگەر دەتەوێت لەم جیهانەدا بەرگە بگریت، واز لەو خووە بهێنە و چاوەڕێی هیچ مەبە، بە تایبەت لە پیاو، چونکە پیاو کارامەیە لە نائومێدکردنتدا، هەر زوو ئەم وانەیە فێر ببە و دواتر سوپاسم بکە!

# زانیارییەك

لەبەر ئەوەی لەوە لێم دوورتریت، کە لێم تێبگەیت
بۆت ڕوون ناکەمەوە تا چەند نائومێدم لێت

**- غادە ئەلسەمان**

ئەی پیاوی ئازیز،

کاتێک خانمەکەی ناو ژیانت لەپڕ واز لە بۆڵەبۆڵ و گلەییکردن دەهێنێت، کاتێک کە ئیدی لێت تووڕە نابێت و سەرزەنشتت ناکات، کاتێک ئیدی پێت ناڵێت چی بکەیت و چی نەکەیت، مانای ئەوە نییە ئیتر لێت ڕازییە و ئەو شتانەی لا قبوڵە یان لا باشە و ئاساییە، کە پێشتر پێیان تووڕە و سەرشێت دەبوو، لە ڕاستیدا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو کۆڵی لێت داوە، ئەو ئیتر نایەوێت کات و وزەی خۆی لە تۆدا بەفیڕۆ بدات، ئەوە مانای وایە ئەو ئیتر چاوەڕێی هیچ شتێکی باش نییە لە تۆ، چونکە ئیدی نایەوێت لەوە زیاتر تووشی نائومێدی ببێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە حاڵەتی ڕوودانی شتێکی خراپدا، چاوەڕواننەکردن چانسی نائومێدبوون ناهێڵێت، خۆ ئەگەر شتەکانیش بەباشی بشکێنەوە، ئەوە ئەوسا ئیتر بۆی دەبێت بە سوپرایز و دڵی پێی خۆش دەبێت چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەو شتە نەبووە! ڕەنگە بڵێیت جا چییە، با وا بێت، ئەوە بۆ هەردووکمان باشترە، بەڵام نا، با پێت بڵێم وا نییە، بۆ تۆ باشتر نییە، ئەمە قۆناغێکی

مەترسیدارە، قۆناغێکە پێش جێهێشتنت، چونکە مرۆڤ ناتوانێ
بێ هیوا بژی، هیچ ژنێک زۆر بەرگەی ئەمە ناگرێت، لە کۆتاییدا
یان بە تەواوی کۆڵ دەدات و دەڕوات یان بۆیە دەڕوات، چونکە
ئەو هیوایە لە کەسێکی دیکەدا دەدۆزێتەوە یان کەسێکی
دیکە پێی دەبەخشێت، بۆیە ئەی پیاو، بترسە، زۆریش بترسە
ئەگەر ئیدی هاوسەرەکەت یان خۆشەویستەکەت شەڕی پێ
نەفرۆشتیت، چونکە ئەوە مانای ئەوەیە بۆ ئەو ئیدی هیچ لە تۆ
و پەیوەندییەکەدا نەماوە شایەنی ئەوە بێت بۆی بجەنگێت، کە
جەنگاوەریش هیچی نەما بۆی بجەنگێت، پشت لە سووپاکەی
دەکات و هەڵدێت!

# شاردراوە

ئەو ژنە بەتەمەنانەی لەبەر خۆری بەیانی خۆیان هەڵخستووە،
دەزانن،
ئەو کۆترە خۆهەڵقورتێنەرانەی لە سەربان گمەگمیانە،
دەزانن،
پشیلە خۆڵەمێشییە لاوازەکەی کۆڵان و بەچکە گوێقوتەکانی،
دەزانن،
نانەواکە،
بەقاڵەکە،
کۆنەفرۆش و
قەساب و
بازرگانە ورگنەکە،
دەزانن،
بە هەنگاوە خێراکانمدا،
بەو پارە کاغەزانەی بە چرچولۆچی لە جزدانەکەمدا هەڵم گرتوون،
بە دەستخەتمدا،
دێڕی خوار و پڕ نادڵنیاییم،
بەو بۆنە قورسەی لە خۆمم داوە،
سووراوی سووری ئاڵی لێوەکانم،
بریقەی پێڵاوەکانم،
بە بۆیەی نینۆک و
قژی ڤێرکراوم،

هەموو دەزانن
تۆ وەک جاران خۆشت ناوێم و
منیش نواندی بێباکی دەکەم.

Scanned with CamScanner

# نیوە باشەکە

هەرگیز ئەو دەربڕینەی سەر ڕوخسارتم لەیاد ناچێت، ئەو ڕۆژەی پێم گوتیت، "کەواتە وا بزانم ئەمە کۆتاییە!" ئەو ئارامییەی لەسەر ڕوخسارت دەبینرا، ئەو نیگا سارد و بێهەستانەی چاوە خۆڵەمێشییەکانت، وەک ئەوەی لەمێژ بێت چاوەڕێی ئەو قسەیەت کردبێت، چاوەڕوانی ئەو ساتە بوویت، کە تیایدا ئازادت دەکەم، ساتێک کە تیایدا ئەوەی نێوانمان دەپچڕێت و ئیدی هیچ شتێکی مانادار تۆ بە منەوە نابەستێتەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەو کاتە هیچ شۆک یان خەمباریت پێوە دیار نەبوو، هیچ نارەزاییت دەر نەبڕی یان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەمەوە، قسەکەت پێ نەبڕیم و هێشتت تەواوی بکەم، لە ڕاستیدا، ئەوە تاکە قسەی ئەو ڕۆژەم بوو کە پێت نەبڕیم و نارەزاییت بەرامبەری نیشان نەدا، بگرە پێت گوتم، "ڕاست دەکەیت." ئەوە چ پەرجوویەک بوو! بۆ یەکەم جار و لە ماوەیەکی زۆر زۆر درێژدا دانت بەوەدا نا کە من ڕاست بووم و هیچ وەک جارەکانی دیکە ئەو دانپێدانانە وای نەکرد هەست بکەیت لە پیاوەتیت کەم بووەتەوە، هەر بۆیە زۆر بە جۆشوخرۆشەوە بۆت ڕوون کردمەوە کە ئەوە بڕیارێکی زۆر ڕاست بوو و چۆن هیچ سوودێک لەوەدا نەبوو کە بۆ پەیوەندییەکە بجەنگین، لە کاتێکدا هەموو شتێکی دیکە لە چواردەورمان خەریک بوو دادەڕما، بە جۆرێک بەپەلە و بەڕوونی ئەو قسانە لە دەمت هاتنە دەر وەک ئەوەی دەمێک بێت ئامادەت کردبن و هەڵت گرتبن، دڵم شکا و هاڕەی کرد کە ئەوەم بینی،

کە بینیم چەند ئامادە بوویت و چۆن لەبریی ئەوەی نارەزایی دەر بڕیت و چارەسەر بدۆزیتەوە، بە سنگێکی فراوانەوە باوەشت بۆ بیرۆکەکە کردەوە، ئاشکرا بوو کە لە کاتێکدا من وا بەداماوی هەوڵم دەدا وا بکەم پەیوەندییەکەمان بەرگە بگرێت و بژی، تۆ دەمێک بوو هەموو شتێکت تێپەڕاندبوو، قورسترین شت ئەوە بوو تۆ هێندە پەلەی ئەوەت بوو باڵەکانت بکەیتەوە و بفڕیت، ناچار من خۆم خواردەوە و هێشتم بڕۆیت، بێ ئەوەی پێت بڵێم کە درۆم کرد، کە دەمویست بمێنیتەوە، دەمویست پێکەوە هەوڵ بدەین و بجەنگین بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەنێوانماندا بوون، هەموو ئەوەی ناومان نابوو خۆشەویستی.

بەڵام ئەوەتا ئێستا من لێرە وەستاوم، دەستەکانم لە مەرمەرە ساردەکەی کێلی سەر گۆڕەکەت دەخشێنم و بێهودە دەمەوێت پێت بڵێم کە زۆرم خۆش ویستیت، لە هەموو کەس زیاتر خۆشم ویستیت، بێگومان لەو کچەش کە لە ڕووداوی ئۆتومبێلەکەدا لەگەڵتدا گیانی لەدەست دا، ئەو کچەی کە یەکێک بوو لەو دەیان کچەی دوای من بۆ مانگ و بگرە هەفتە و ڕۆژ و کاتژمێر بە ژیانتدا تێپەڕین.

من هەموو ئەو قوربانییانەم دا کە وا دەکەن خۆشەویستی بەرگە بگرێت و بمێنێتەوە، چەندین پارچە لە خۆمم لەدەست دا بۆ ئەوەی بەشە شکاوەکانی خۆشەویستییەکەمانی پێ چاک بکەمەوە، بەڵام تۆ؟ تۆ لەبەرمبەردا هیچت نەبەخشی، هەرگیز هەوڵت نەدا، هەرگیز یارمەتیت نەدام، باشە بۆ؟ بۆ نەتدەتوانی ئەوە بکەیت؟ بۆ دەبوو ئەوەندە گەمژە بیت؟ بۆچی منت هێندە لا ناپێویست بوو و لەدەست دانمت هێندە لا سانا بوو؟ گیانەکەم، دە با شتێکت پێ بڵێم، هەموو ئەو شتە باشانەی خەڵکی لە پرسەکەت لەسەر تۆ دەیانگوتن، هەموو یادەوەرییە خۆشەکانیان لەگەڵ تۆدا، هیی ئەو ڕۆژگارانە بوون کە من و تۆ پێکەوە بووین، ئەو ڕۆژگارانەی کە من هیی تۆ بووم، دەبینیت؟ من بەشە باشەکەی تۆ بووم و لەدەستت دام، دوای من ئەو ژیانە

پڕ سەرکێشی و کێشەیە ژیایت کە بەمرۆی گەیاندین، ژیانێک کە وای کرد ئێستا لەبریی گوشینی پەنجەکانت و گەرمکردنەوەی دەستە تەزیوەکانم لە دەستە گەرمەکانتدا، دەستەکانم لە کێلە مەڕمەڕە خۆڵەمێشییە ساردەکەی گۆڕەکەت گیر بکەم، کە بۆ هەمیشە نیگا بێهەستە ساردەکانی چاوە خۆڵەمێشییەکانتم لە دواساتیماڵئاوییماندا بەبیر دەهێنێتەوە!

٢٠١٨/٠٢/٠٢

Scanned with CamScanner

# کەواتە بۆ هەیت؟

تۆ وەک ژنێک لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، ئەگەر بە ویستی خۆت منداڵت نەبێت - کە هەرگیز باوەڕت پێ ناکەن - وەک کەمئەندام سەیر دەکرێت، چونکە لە زیهنی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگانەدا بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، یان دانی پێدا بنێن، تۆ ئامرازێکیت بۆ منداڵخستنەوە، هەر بۆیە ئەگەر بڵێیت من منداڵم ناوێت، دەڵێن، "ئەی بۆ شووت کردووە؟" وەک ئەوەی هەموو ئامانجی هاوسەرگیری منداڵخستنەوە بێت، خۆ ئەگەر ڕێگەشیان بدەیت، ڕەنگە بڵێن، "ئەی بۆ هەیت؟" وەک ئەوەی تۆ وەک ئاژەڵێک بۆیە لەم زەوییە بیت، تەنیا بۆ ئەوەی دوای غەریزەی مانەوەت بکەویت و بەردەوامی بدەیت بە جۆرەکەت، وەک چۆن پشیلەیەک گوێ نادات پاییزە و بەچکەکانی لە سەرمای زستاندا ڕەق دەبنەوە، یان شار قەرەباڵغە و نان بۆ خۆی نییە چ جا بۆ بەچکەکانی و هەموو دەمرن و دەبن بە ژێر سەیارەوە، کوێرانە دوای غەریزەی مانەوەی دەکەوێت و کە ئامادە بوو بۆ زاووزێ، بەچکە دەخاتەوە، دەبێت تۆی مرۆڤیش گوێ بە هیچ دۆخ و لایەن و فاکتەرێکی ژیانی خۆت نەدەیت و مرۆڤێکی دیکە بهێنیت بۆ ئەم ژیانە و بەدبەختی بکەیت، چونکە ئەوە "سونەتی حەیاتە" و "سەری بێ ڕزق لەژێر خاکدایە،" هەر بۆیە ئەگەر بڵێیت من باش بیرم لێ کردووەتەوە و دەزانم ژیانی من و دۆخەکان و ژینگەکەم بۆ ئەوە ناگونجێت بتوانم منداڵێکم هەبێت و بەباشی بەخێوی بکەم، کەس لێت تێناگات، چونکە دواجار کە تۆ منداڵت نەخستەوە و نەبوویت بە دایک، ئەی کەواتە بۆ هەیت؟ بەهای

ژیانی تۆ بێ منداڵ چییە؟ چ خۆشی و بەختەوەرییەکی تێدایە؟ ئەی مەگەر تۆ بۆ ئەوە ژن نیت کە منداڵت هەبێت؟ ئەی خەڵکی بۆ ژن بۆ کوڕیان دەهێنن؟ بۆ ئەوە نییە نەوەیان هەبێت؟ ئیتر خوای دەکرد ئەم خێزانە خۆشیان و کوڕەکەیان بێپارە و کرێچی دەبوون و هیچ شتێکیان نەدەبوو تا بۆ ئەو نەوەیەی جێی بهێڵن و هیچ سەروەریی و دەسکەوتێکیان نەدەبوو ئەو نەوەیە باسی بکات و شانازی پێوە بکات، گرنگ خۆشییەکەیەتی! بەڵام ببورن، ئێمە ئامێری منداڵخستنەوە نین، ئێمە تەنیا بۆ ئەوە نەکراوین درێژە بە مرۆڤایەتی بدەین و بڕۆین، جەستەمان موڵکی خۆمانە و دایکایەتی تەنیا غەریزەیەک نییە پڕی بکەینەوە و ئەرکێک نییە فەرز بێت لەسەرمان بەجێی بهێنین، دایکایەتی بژاردەیەکە کە مەرج نییە هەموو هەڵی بژێرین، مێینەبوونمان پابەند نییە بەوەوەی دەتوانین دایک بین یان نا، دایکبوون وەک باوکبوون بەرپرسیارییەتییەکە، کە مەرج نییە هەموو بچینە ژێر باری، بژاردەکەشمان هەرچییەک بێت، نە پێی کەم دەبین و نە زیاد دەکەین.

٢٠١٨/١٠/٠٣

# من ئەمەم!

دەزانیت چییان دەوێت؟ دەیانەوێت گێلت بکەن، تووشی نەخۆشیت بکەن، دڵ و دەروون و مێشک و هەموو ژیانت داگیر بکەن بە باسی "جوانی،" ئەو جوانییەی خۆیان پێوەرەکانیان بەپێی بەرهەم و کاڵاکانی خۆیان داناوە، بەڵێ، ئەوان کار لەسەر شێواندنی وێنەی خۆت لە چاوانی خۆت و پاشان خەڵکدا دەکەن، ئەوان مەبەستیانە عەیبێک بێنن و زۆر زەقی بکەنەوە، هێڵێکی سووری بە ژێردا بهێنن و هاوار بکەن، "وەرە تۆ، چۆن ئاوا دڵخۆشیت و دەژیت؟ تۆ خۆتت لە ئاوێنەدا نەدیووە؟ ئەو لووتەت نەدیووە؟ ئەی ئەو لێوانە؟ یاع لەو قژە! ئەوە بە ڕاستە ئاوا دەچیتە دەرەوە؟" ناڕاستەوخۆ و هەندێک جاریش ڕاستەوخۆ دەیلێن، لە ڕیکلام و میدیاکان و داروبەرد ئەمەت پێ دەڵێن، ژیان و بەردەوامیی ئەوان لەسەر ڕقلێبوون و ناڕازیبوونی تۆ لە خۆت وەستاوە، تا زیاتر ڕقت لە خۆت بێت، ئەوان قازانجیانە، هەر بۆیە پێوەری مەحاڵیان پێیە، پێوەرەکانیان وامان لێ دەکەن وەک بووکەشووشەی بەرهەمهێنراوی یەک کارگە، هەموو لە یەک بچین، هەمان قژ، هەمان لێو، هەمان برۆ، هەمان لەشولار، هەمان ستایلی جلوبەرگ و ماکیاژ، تەنانەت هەمان پێکەنین و ڕۆیشتن و شێوازی ڕەفتارکردن و هەمان قسە و هەڵبژاردنمان بۆ وشەکانمان! ئیتر ئەگەر بە سروشتییش ناتوانیت وا بیت کەیفی خۆتە، یان نەشتەرگەری بکە، یان تا ماویت هەست بە کەمی بکە، جا زوو زوو مۆدێلەکان دەگۆڕن، پێوەری نوێ



Scanned with CamScanner

دەهێننە کایەوە، شتی سەیروسەمەرە، بۆیە تۆش لەخۆت رازی نابیت، هەر ئەوەندەی گوێت لێ گرتن، هەرگیز تێر نابیت، دەبێت لێوت ئەستوور بێت، لووتت قنج و بچووک بێت، رووومەتت بەرز بێت، برۆت ڕێک و پان – بەڵام ڕەنگە سبەینێ شتێکی تر بێت – برژانگت وەک باوەشێن درێژ، نینۆکت هەر جارە و جۆرێک – چوارگۆشە، خڕ، تیژ وەک هیی ئەهریمەن – سمتت خڕ و بەرز، ناوقەدت باریک، خۆی ئێسکت پانە و لەوە باریکتر نابێت؟ کێشە نییە، بەردەوام کۆرسێی توند ببەستە تا هەمیشە باش هەناسەت بۆ نەدرێت و بەرە بەرە ئەندامەکانی ناوسکت زیانیان پێ بگات، ئەوەش سوودی نییە؟ دە دوو پەراسووی بۆ لا بیە... لیستەکە تا دێت درێژ دەبێتەوە و تا دێت هەموو "جوانتر" دەبن بەڵام ساردتر و ساختەتر و بەتاڵتر، بەم جۆرەش گێل دەکرێیت، دەگەوجێنرێیت، بە شتی هیچەوە سەرقاڵ دەکرێیت تا خۆت لەبیر دەچێتەوە، تۆ کێیت و چیت و چیت لەم ژیانە دەوێت؟ خولیا و ئامانجت چیین؟ ئارەزووەکانت؟ خەونەکانت؟ هیچ، بەتاڵ بەتاڵ دەبیتەوە، بەڵام ئەوان نازانن جوانیی پارچە بە پارچە وەر ناگیرێت تا خاڵ و پێوەری بۆ دانرێت، جوانیی بە هەموو لایەنەکانییەوە وەک تابلۆیەک یان ئێشێکی هونەری پێکەوە و بەسەر یەکەوە یەک دیمەنی ناوازە و دووبارەنەبووەوە دروست دەکات، لووتە کەمێک درێژەکەی تۆ، لێوە باریکەکانی ئەو، ڕوومەتە خڕەکانی هاوڕێکەت، جەستە پڕەکەی کچێک، ئەمانە هەر یەکە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ڕوخسار و جەستەماندا ئێمە دروست دەکەن، جوانی ئێمە دروست دەکەن، مۆری ئێمە، ئەوەی وا دەکات کەسمان لەوی دیکە نەچین و هەر یەکەمان خۆی لە خۆیدا جیاواز بێت و کەسێکی جیاواز و تاک و دووبارەنەبووەوە بێت، بەڵام ئەوان دەیانەوێت بە شوێنکەوتنی پێوەرەکانی ئەوان سەرەتاییترین ناسنامەی خۆمان لەدەست بدەین کە ئەویش

ڕوخسار و شێوەی دەرەوەمانە، بۆیە تەواو تەواو دەستبەرداری هەموو "ناشیرینی"یەکانت مەبە، ئەوان لەگەڵ جوانییەکانتدا تۆ دەکەن بە تۆ!

٢٠١٨/٠٣/١٠

Scanned with CamScanner

# ئاشتبوونەوە

لە خۆت خۆش بە بۆ گوێنەدان بەو هەموو نیشانانەی لەو کوڕەدا هەبوون و دەبوو ئاگادارت بکەنەوە لەوەی کەسێکی درۆزن و قۆڵبڕە، بەڵام تۆ زۆرت خۆش دەویست و نەتدەتوانی دەستبەرداری ببیت.

لە خۆت خۆش بە کە بەو کوڕە قایل بوویت کە هیچ لەگەڵتدا نەدەهاتەوە و کەوتیتە پەیوەندییەوە لەگەڵیدا تەنیا لەبەر ئەوەی زۆر تەنیا بوویت و پێویستییت بە کەسێک بوو خۆشی بوێت.

لە خۆت خۆش بە کە لە زۆر شتی خۆت بورایت و قوربانی زۆر گەورەت دا و دەستبەرداری زۆر شتی گرنگ و بەبەهای خۆت بوویت، تەنیا بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە پەیوەندییەک بکەیت کە بۆ تۆ هەموو ژیانت بوو.

لە خۆت خۆش بە بۆ هەوڵدان بۆ درێژکرنەوەی تەمەنی پەیوەندییەک بەو یادەوەرییە شیرین و پڕ سۆزە گەرمانەی هێندە دوورن، لە یادەوەریی ژیانێکی دیکە دەچن.

لە خۆت خۆش بە کە کوێر بوویت لە ئاست ناشیرینی و کەموکورتییە زۆرەکانی ئەو پیاوەی چەندین ساڵ پێی سەرسام بوویت و کاتێک دواجار هیی تۆ بوو لە خۆشیدا باوەڕت بە خۆت نەدەکرد و نەتدەتوانی ڕاستییەکەی ببینیت.

لە خۆت خۆش بە کە بێ مەرج و بێسنوور عەشق و سۆزی خۆت بەخشی بە کەسێک کە دواجار هەمووی خستنە ژێر پێی و بێنرخی کردن.

لە خۆت خۆش بە کە خۆت و تەمەنت بەخشییە پیاوێک کە

دواجار نەک پێی نەزانی، بەڵکو تۆی بە کەمتەرخەمی تۆمەتبار کرد و ئەوەی کرد بە پاساو بۆ ناپاکییەکانی.

لە خۆت خۆش بە کە چەندین خەونی جوان و داهاتوویەکی پڕ خۆشەویستی و سەرشێتی و ئەوینت لەگەڵ پیاوێکدا نەخشاند، کە ئێستا ناتوانێت بەرنامەی ئێوارەیەکی هەینیشت لەگەڵدا دابنێت.

لە خۆت خۆش بە کە بوویت بە هیی پیاوێک کە سووچ نەمابوو دەرفەت نەقۆزێتەوە و ماچێکی لێوەکانی تۆی لێ نەکات، ئێستاش تەنیا کە ویستی لەگەڵتدا بخەوێت ماچت دەکات.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو هەموو سەفەر و گەشتەی بەڵێن بوو لەگەڵ پیاوێکدا بیکەیت، کە ئێستا لای زەحمەتە تا سوپەرمارکێتێکت بەرێت بۆ ئەوەی بازاڕکردنی مانگانە بۆ ماڵەکەتان بکەن.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو ماچە یان وێنەیە یان نامەیەی لەوپەڕی خۆشەویستیدا بە کوڕێکت دا و ئەویش هەر بەوانە بۆ هەتاهەتایە لەناو خەڵکدا ناوی تۆی لەکەدار کرد و بە بێئابڕوو ناوی بردیت.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو خەیاڵەی خۆشەویستی پێشووت کە لە ساتەکانی خەوتن لەگەڵ ئەو مێردە ڕەزاتاڵەی بە زۆر دایانیت پێی فریات دەکەوێت و ناهێڵێت لە قێزهاتنەوە و ڕق و داخ و خەمدا ڕۆحت دەر بچێت.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو منداڵەی نەتتوانی ڕێگە بدەیت بێتە ئەم جیهانەوە، چونکە نەتدەویست لە هەمان دۆزەخدا بژی کە خۆت ڕۆژانە لە ئاگرەکەیدا بەشێنەیی دەسووتێیت.

لە خۆت خۆش بە بۆ خستنەوەی منداڵ لە پیاوێک کە هەر لە سەردەمی دڵداریتانەوە ناوەکانیانتان دانابوون، بەڵام ئێستا لە دادگا لە شەڕی ئەوەدایت چۆن وای لێ بکەیت پابەند بێت بە ناردنی نەفەقە بۆیان.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو کوڕەی بەبێ ویستی خۆت دڵت پێی دا چوو و خۆشت ویست لە کاتێکدا مارەت برابوو لە

کەسێک باوک و دایکت بۆیان هەڵبژاردبوویت و هیچت لەسەری نەدەزانی و هیچ شتێک پێکەوەی نەدەبەستنەوە.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو سۆز و بیرکردنەی ئێستاش بۆ پیاوێک هەتە کە هیچ شایەنی نییە و زۆر بە خراپی دڵی شکاندیت و زوڵمی لێ کردیت.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو فرمێسکانەی ئێستاش بەدزیی هاوسەری نوێتەوە بۆ هاوسەری کۆچکردووتی دەڕێژیت، چونکە دواجار مەرگ کۆتایی بە خۆشەویستی ناهێنێت.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو ترسە زۆرەی ئیفلیجی کردیت و نەتوانی لە کاتی دەستدرێژیکردنە سەرتدا تا ئەوپەڕی توانای خۆت بەرگری بکەیت و نەهێڵیت تاوانبارەکە بەئاسانی بگات بە ئەرامی خۆی.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو هاوسەرگیرییە شکستخواردووەی لەپێناویدا دژی هەموو کەسوکارت وەستایتەوە و لەسەری سەرزەنشتی زۆر کرایت و لێدانی چاکت خوارد.

لە خۆت خۆش بە بۆ ئەو هەموو نواندنی خۆشەویستی و لێکتێگەیشتن و نزیکییەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ هاوسەرەکەتدا دەیکەیت تەنیا بۆ ئەوەی لە ڕاستیی تاڵی هاوسەرگیرییە ساردوسڕ و پڕ کێشەکەتان هەڵبێیت.

لە خۆت خۆش بە بۆ مرۆڤبوونت لە کاتێکدا چاوەڕێی فریشتەبوونت لێ دەکرێت!

لە خۆت خۆش بە و هەستەوە سەر پێ و شتێک بکە، شتێک بگۆڕە، لەوە زیاتر لە تاریکیی هەستکردن بە تاوانباریدا مەژی، مەگەر نازانیت "گەورەترین دیاری بیبەخشیت بە خۆت لێخۆشبوونە"[1]؟

٢٠١٨/٠٦/٠٩

[1] وتەیەکی مایا ئەنجیلۆیە.

# هونەری وەڵامدانەوە بۆ کاتی پێویست!

لەبەر چاوی دادوەر و ئەو هەموو خەڵکە پێی گوت، "دە دەمت داخە! توخوا تۆ ژنیت؟ باوەڕ بکە تا خەڵک ئەندامی مێینەت نەبینن ناتوانن لە ژنبوونت دڵنیا بنەوە!"

ئەویش زۆر بە ساردی گوتی، "هیچ نەبێت من بە بینینی ئەندامی مێینەم دڵنیا دەبنەوە، بەڵام تۆ بەوەشەوە لە پیاوەتیت دڵنیا نابنەوە."

***

پێی گوت، "دەبێت تۆ باوکت نەمابێت، چونکە هیچ باوکێک نییە کچی وەک تۆی هەبێت و زیندەبەچاڵی نەکات."

ئەویش وەڵامی دایەوە، "باوکم ماوە و تەندروستی زۆر باشە و زۆریش لێم ڕازییە، بەڵام دڵنیام تۆ یان دایکت یان باوکت یان هەردووکیان نەماون، چونکە مەحاڵە دایک و باوکێک کوڕێکی وەک تۆیان هەبێت و هەر زوو لە داخ و زووخاو و خەفەتی ئەودا سەر نەنێنەوە!"

***

کوڕەکە بەسووکایەتییەوە پێی گوت، "بۆ تۆ خۆت بە چی دەزانیت؟ با بزانیت، من نە کەسوکارم نە هاوڕێکانم پێیان خۆش نییە قسە لەگەڵ کچێکی وەک تۆدا بکەم."

ئەویش سەرێکی بادا و گوتی، "منیش بە هەمان شێوە پێیان خۆش نییە، بەڵام من بۆیە هەرچۆنێک بێت قسەم لەگەڵ کردیت، چونکە نامێلم دەرفەتی کردنی هیچ چاکەیەک لەدەستم بچێت."

***

پێی گوت، "هەر پیاوێک تۆ بە ڕاستی بناسێت لەدەستت رادەکات."

ئەویش پێی گوت، "ئەو پیاوەی لەدوای ناسینی من هەڵدێت ترسنۆکە، بەڵام ئەو ژنەی لە دوای ناسینی تۆ ڕاناکات گەمژەیە."

***

کوڕەکە بەلاقرتێوە پێی گوت، "نازانم ئەو هەموو پیاوە دڵیان چووە بە کوێی تۆدا وا هەموو حەزیان لێتە!"

ئەمیش پێی گوت، "چەند ڕێکەوتێکی سەیرە! منیش بۆ تۆ هەمان پرسیارم لا دروست بوو."

ئەویش بە شتێک لە توڕەییيەوە گوتی، "بۆ، کەم قۆزم تا ژنان حەزم لێ نەکەن."

ئەمیش سەرێکی با دا و گوتی، "ژنی چی؟ گوتم ڕێک هەمان پرسیارم لا دروست بوو، باشە ئەو هەموو پیاوە دڵیان چووە بە کوێی تۆدا؟"

***

لەسەر هەواڵەکە نووسیبووی، "دەباشە مێشکی سەرتان بردین! جا با یەکەمی هەرێم بووبێت، دڵنیام مێشکی بکەرەوە یەک عیلمی تێدا نییە!"

ئەمیش بۆی نووسی، "ڕەنگە وا بێت و مێشکی ئەو کچە

Scanned with CamScanner

هیچ زانستێکی تێدا نەبێت، بەڵام هیچ نەبێت کەسێکی بەڕەوشتە، ڕەوشتیش یەکێکە لەو دوو شتە گرنگەی بە شێوازی نووسینتدا دیارە کە تۆ هیچیانیت نییە، نە زانست و نە ڕەوشت!"

***

پێی گوت، "دەبێت باوکت زۆری خۆش بوێت وا تا ئێستا لەسەر ئەم ڕەفتارانە سەری نەبڕیویت!"

گوتی، "تۆش دەبێت هاوسەرەکەت زۆری خۆش بوێت وا تا ئێستا لەسەر ئەم شێوازی قسەکردنەت دەرمانخواردی نەکردوویت، بەڵام من بە لەبریی تۆ، هیچ شتێک ناخۆم و ناخۆمەوە تا خۆی پێش من لێ نەخوات!"

***

گوتی، "بە ڕاستی تۆ بێڕەوشتترین ئافرەتێت تا ئێستا ناسیبێتم!"

وەڵامی دایەوە، "مایەی شانازییە بۆ من تۆ ئاوا بمبینێت، چونکە پێوەرەکانی ڕەوشت لای تۆ هێندە شێواو و هەڵەن، کارەسات و شوورەییە تۆ بە بەڕەوشت دامبنێیت."

***

مێردەکەی بەگاڵتەپێکردنەوە پێی گوت، "ئەرێ ئەو ورگە شل و گەورەیە چییە هەتە؟"

وەڵامی دایەوە، "ئەو ورگە شل و گەورەیە سێ منداڵی جەنابتی هەڵگرتووە بۆیە وایە، بەڵام ئەی تۆ، پێم ناڵێیت بەرهەمی ورگە شل و گەورەکەی تۆ چی بووە؟"

***

Scanned with CamScanner

بە خانمە چالاکوانەکەی گوت، "تا قسەت نەکرد، نەمزانی پیاو نیت."

ئەویش بێ ئەوەی خۆی تێک بدات گوتی، "تۆش بە هەمان شێوە."

***

بەتووڕەییییەوە پێی گوت، "پەشیمان دەبیتەوە لە جێهێشتنم، هەرگیز جارێکی تر لە هەموو جیهاندا خۆشەویستییەکی وەک ئەوەی من دووبارە نابێتەوە."

ئەویش گوتی، "ئەوە هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەرە بۆ دانیشتووانی سەر گۆی زەوی!"

***

گوتی، "کە کچی وەک تۆ دەبینم، تێدەگەم بۆ جاران کچیان زیندەبەچاڵ کردووە."

ئەویش گوتی، "منیش کە کوڕی وەک تۆ دەبینم، تێدەگەم بۆچی هەندێک ژن لەبریی ئەوەی شوو بکەن، بە تەنیا دەمیننەوە و پشیلە بەخێو دەکەن."

***

گوتی، "ئەمە چییە ئەوەندە تووڕە و قسە ڕەقیت؟ خۆ گوتیان زۆر کچێکی هێمن و لەسەرخۆ و نەرمونیانە!"

ئەویش هەناسەیەکی دایەوە و گوتی، "ڕاستە، بەڵام خۆ

نەشیانگوتووە توانای سەروو سروشتیم هەیە، تەنیا کەسێک کە توانای سەروو تواناکانی مرۆڤی هەبێت دەتوانێت لەگەڵ بەرێزتاندا نەرمونیان و هێمن و لەسەرخۆ بێت."

***

بێ ئەوەی گوێ بدات بە ئەڵقەکەی دەستی ژنەکە، زۆر بە ناسکی گوتی، "بە ڕاستی نازانم ئەم پەیوەندییە بە چی دەگات، بەڵام ئەوەندە دەزانم زۆر سەرسامم پێت و دەمەوێت دوو هاوڕێی زۆر تایبەتی یەکتر بین و دواجار بزانین شتەکە دەگات بە کوێ."

ژنەکەش پاڵی دایەوە و زۆر بە هێمنی گوتی، "من دەزانم بەکوێ دەگات."

بەپەلە پرسی، "بەکوێ؟"

"بە نەخۆشخانە. بێت و هەر ئێستا ون نەبیت لەبەر چاوم خۆت لە نەخۆشخانە دەبینیتەوە!"

٢٠١٨/٠٦/٣٠

Scanned with CamScanner

# ئیشت چی بوو؟

دەتەوێت دەست بدەیتە لاپتۆپەکەت و دەست بکەیت بە نووسین، بیرۆکەی چیرۆکێکت بۆ هاتووە و ناتەوێت بفەوتێت، سەرێک هەڵدەبڕیت و ئەو هەموو قاپ و شتە پیسەی ناو سینکەکە دەبینیت، بەبۆڵەبۆڵەوە دەستکێشەکان لە دەست دەکەیت و دەڵێیت، "ئاخر بۆیە ژن نابێت بە هیچ!" بۆ ساتێک بیر دەکەیتەوە وازیان لێ بهێنیت و خەریکی نووسینی خۆت بیت، بەڵام دوێنێ شەویش هەر لەبەر نووسین بۆت نەشۆران، ئینجا دەموچاوە هیلاک و گرژەکەی ئەویشت بیر دەکەوێتەوە کاتێک لە کار دێتەوە و نیگایەکی پڕ نائومێدی دەگرێتە سینکەکە، وەک ئەوەی بڵێت، "ئەوە ئەو حاجەتانە لە دوێنێ ئێوارەوە لەویان؟ لەبەیانییەوە چیت کردووە؟ هەر لەسەر فەیسبووک و ئینتەرنێت بوویت؟" کە لە گۆشەنیگای ئەوەوە بیر لە شتەکە دەکەیتەوە لێی ناگریت، دواجار ئەو هەرچۆنێک بێت پیاوێکی شەرقییە و لە شوێنێکی شادراوەی نەستیدا فێر بووە پیاو لە دەرەوە نان پەیدا دەکات و ژنیش ئاگای لە ماڵ و منداڵ دەبێت و بە باشی و پاکی ڕایان دەگرێت، تۆش لەم کاتەدا کە ئیشی دەرەوەت نییە و لە ماڵەوەیت، وات لێ چاوەڕوان دەکرێت ماڵەکەت هەمیشە پاک بێت و نانیش حازر بێت، مەگەر ئیشی تۆ چییە؟ کە ئەو نانی پەیدا کرد، تۆش ماڵ ڕادەگریت، نەک دانیشیت کتێبم بۆ بنووسیت، کتێب نووسین ئیش نییە، کەس لەم وڵاتەدا بە کتێب ناژی، بۆیە ئەگەر ماڵت پاک نەکردبێتەوە، مانای وایە لە بەیانییەوە ئیشت نەکردووە، ئینجا ئەویش بە مافی خۆی دادەنێت



Scanned with CamScanner

کە لە دەروە هیلاک بوو و ئیشی کرد، بێتەوە بۆ ماڵێکی پاک و چێشتێکی گەرم، خۆ ئەو ڕێگرییت لێ ناکات بنووسیت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بینینی ڕۆڵی ژنی شەرقی ڕێگرییت لێ دەکات، خۆ ئەگەر ئەو ڕازی بووایە کە شتێکی خوارد قاپەکەی بشوات یان هیچ نەبێت تا سینکەکەی بەرێت، یان جل و شتەکانی لەملا و لەولا فڕێ نەدات، ڕەنگ بوو کاری تۆ ئاسانتر بێت، بەڵام ئەو نایەوێت ئەوە بکات، چونکە ئەو هەست دەکات بە درێژایی ئەو ماوەیەی لە دەرەوە بووە ڕۆڵی خۆی بینیووە و ماڵەوە تەنیا شوێنی ئەوەیە بحەوێتەوە، مافی خۆیەتی، لە گۆشەنیگای کۆمەڵگەوە بۆ هاوسەرگیری و ڕۆڵی ژن و مێرد، بە تەواوی مافی خۆیەتی، تەنانەت خۆشت لە کونجێکی نەستتدا هەست دەکەیت مافی خۆیەتی، بۆیە کە تووڕە دەبێت یان دەموچاو دەدات بەیەکدا خەفەت دەخۆیت و هەست بە تاوانباری دەکەیت و ئێستاش خێرا بیرۆکەی چیرۆکەکەت کرد بە قوربانی ئەم ئیشە.

بەدەم ئەم بیرکردنەوانەوە بە هێمنی و وردی ئیسفەنجە کەفاوییەکە لە پیاڵە و قاپ و پەرداخەکان دەخەیت، بیر دەکەیتەوە ئەم ئێوارەیە چی ئامادە بکەیت، تەنیا ئەو بیرکردنەوەیە بەسە بۆ ئەوەی بیرۆکەی چی شاکاری جیهانە لە مێشکت بفڕێت، ئینجا هیچی واشتان نییە و دەبێت بچیت بازاڕ بکەیت، بە خوا حەوشەش زۆر پیسە، لەو بیرکردنەوانەدا خەیاڵت بۆ یادگارییەکی منداڵیت دەچێت، کە زۆر منداڵ بوویت کاتێک بیرت لەوە دەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێت تۆش گەورە ببیت و شوو بکەیت، خەمت لێ دەهات، شووکردن لات ئەوە بوو پیاوێک نیوەڕوان لە ئیش بگەڕێتەوە و بە بیجامەیەکی شینەوە لەسەر سفرە بە ڕوویەکی گرژەوە دابنیشێت و تۆش بە ترس و لەرزەوە خواردنەکان لە بەردەمیدا دانێیت و ئەویش شتێکی بە دڵ نەبێت و ببۆڵێنێت، باشە ئەم وێنەیەت لە کوێ و کێوە وەر گرتبوو؟ خۆ باوکت وا نەبوو، بگرە زۆر جاریش ئیشی ماڵی دەکرد و

چێشتیشی لێ دەنا، ئاخر نەگبەتیی تۆ ئەوەیە لە ماڵێکی واوە هاتوویت، بەڵام سەیر ئەوەیە ئەو کاتەی کە نەتزانیوە سێکس چییە و خۆشەویستی چییە، وات زانیوە شووکردن تەنیا ئەوەیە پیاوێکی مۆن لە ماڵەکەدا بێت و بچێت و فەرمان دەر بکات و تۆش خزمەتی بکەیت، بەڵام بیر کەرەوە، دەبێت بیرۆکەی ئەوەی ژن لە ماڵەوە ئیشی ئەوەیە خزمەتی پیاو بکات لە زیهنی مرۆڤی ئێمەدا چەند قووڵ ڕەگی داکوتابێت؟ بە جۆرێک تەنانەت تۆ کە هیچ نێرینەیەکی وا لە ماڵتاندا نەبووە و لە ماڵی ئێوە پیاوسالاری نەبووە، هێشتا بەو منداڵییە ئەو بیرۆکەیەت لەسەر هاوسەرگیری وەر گرتووە، جا دەبێت ئێستا ئەو کچ و ژنانە چۆن بیر بکەنەوە کە هەر بە ڕاست لە ماڵێکی وادا پەروەردە بوون؟ ئاهێک هەڵدەکێشیت و ئاو دەکەیت بە دواین قاپدا و دەیخەیتە ناو سەبەتەکەوە و سینەکەکە پاک دەکەیتەوە، بیر دەکەیتەوە خۆ ئەگەر پێت بگوتایە بۆیە ئیشم نەکردووە چونکە خەریکی نووسینی چیرۆکێک بووم، دەستخۆشی لێ دەکردیت یان دەیگوت، "هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە، ئەگەر مەبەستت بێت دەتوانیت کات بۆ ئیشیش بدۆزیتەوە." بەڵام بە هەرحاڵ تۆ ناتەوێت پێی بڵێیت چیرۆکت نووسیوە، نووسەریی تایبەتمەندی خۆی هەیە، نووسەر گەشتیارێکی تەنیایە و حەز ناکات لە گەشتی نووسیندا کەسی دیکەی لەگەڵ بێت تا ئەو ساتەی بەرهەمی گەشتەکەی ئامادە نەبێت، نابێت کەسی تر بیبینێت و هیچی لەسەر بزانێت، بۆیە دەچیتەوە سەر لاپتۆپەکەت و دەتەوێت دەست بکەیت بە نووسین، بەڵام نازانیت چی بنووسیت، چۆنیەتی دەستپێکردنەکەت بیر چووەتەوە، ماوەیەک مێشکت دەگوشیت، بەڵام سوودی نییە، دەبوو سوود لە کاتی قاپشتنەکە ببینیت بۆ بیرکردنەوە لە چیرۆکەکە، بەتوورەییەوە لاپتۆپەکە دادەخەیت، ساتێک بیر دەکەیتەوە، سەر کتێبخانەکە تەپوتۆزاوییە و پێویستیی بە سڕینە، باشتر وایە ئەو ئیشە بکەیت، چونکە یەکەم، کتێبخانەکە تاکە شتی تایبەتی تۆیە لەم

ماڵەدا، دووەم، ڕەنگە لەو کاتەدا بیرۆکەکەت بۆ بگەڕێتەوە، بە خۆشییەوە دەست دەدەیتە پەڕۆیەک و لە دڵی خۆتدا دەڵێیت، "دەی، هیچ نەبێت بەرهەمی ئەم ئیشە ئەگەر چیرۆکێکیش نەبێت، کتێبخانەیەکی پاک دەبێت!"

٢٠١٨/٠٧/٠٥

Scanned with CamScanner

# ماڵەوە

ڕێی پێ دام بڕۆم، جانتاکانم بپێچمەوە و ئەو شوێنە جێ بهێڵم کە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا بە "ماڵەوە" ناوم دەبرد. لە کاتێکدا خەریک بوو هەنگاوەکانم بۆ لای ئۆتومبێلەکەم هەڵیان دەگرتم، ئەو لەناو دەرگاکەدا وەستابوو و زەردخەنەیەکی پڕمیهرەبانی لەسەر ڕوخساره خەمبارەکەی بوو. ئاوڕم دایەوە و دەستێکم بە ئاماژەی ماڵئاواییلێکردن بەرز کردەوە، بەڵام پێش ئەوەی پشتی تێ بکەم بە نەرمی پێی گوتم، "هەنگاوەکانت بۆ هەر کوێت بەرن و چەند لە ماڵەوە دوورت بخەنەوە، دواجار هەر دەتگەڕێننەوە بۆ لای من،" منیش بەشڵەژاوییەوە پێکەنیم و گوتم، "ئینجا ئەگەر واش بوو، بۆ تۆ تا ئەو کاتەش لێرە لە چاوەڕوانیی مندا دەبیت؟" ئەویش هەناسەیەکی ساردی دایەوە و گوتی، "بەو مانایە نا کە ژیانی خۆم ڕابوەستێنم و لە چاوەڕوانیی تۆدا بیفەوتێنم و لێرە وەک پەیکەرێک تا گەڕانەوەت چاوەڕێت بم، بەڵکو ژیانم بەتەواوی دەژیم، بەڵام پێم وا بێت هەمیشە بەشێک لە من لە چاوەڕوانیی تۆدا دەبێت." منیش بەگاڵتەپێکردنێکەوە گوتم، "دە باشە، کەواتە دواتر دەتبینمەوە." ئینجا بەوپەڕی لەخۆباییبوون و فیزەوە سواری ئۆتومبێلەکە بووم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت، "وایە، وایان گوت، دەگەڕێمەوە بۆ ئەم زیندانە، بۆ خۆم دۆزیوەتەوە؟ خەیاڵت خاوە، هەرگیز ناگەڕێمەوە هەی..." ویستم جنێو یان قسەیەکی ناشیرینی پێ بڵێم، بەڵام نەمتوانی، شایەنی ئەوە نەبوو، خۆ ئەو دوژمنم نەبوو و هیچی نەکردبوو تا شایەنی ڕق و بێڕێزیی من بێت، لە ڕاستیدا،

ئازارێک بە سکمدا هات، وەک هەموو ئەو کاتانەی تر، جەستەم بەرەنگاری ئەو جۆرە بێزێزییانە دەبووەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕقم لە خۆم بوو بۆ ئەوەی کە هەوڵم دەدا ڕقم لەو بێت. دواجار ئەو لەوە باشتر بوو کە ڕقم لێی بێت، خۆ ئەو دژی جیابوونەوەمان نەوەستایەوە و ڕێی لێ نەگرتم، بەڵکو ڕێگەی دا شتەکە بە ئارامی و ئاشتی بەڕێوە بچێت و پێی گوتم، کە ئەو لەو ڕۆژەوەی یەکمان ناسیبوو پێشبینی ئەم ڕۆژەی کردبوو، هەر لەو ساتەوەی یەکمان خۆش ویستبوو زانیبووی کە من لەوە منداڵتر و بێ ئەزموونترم و هەر کە باڵەکانم ڕوان و بەهێز بوون، ئیدی ئارەزووی فڕین دەکەم، بەڵام وەک خۆی گوتی، ئاواش نەیتوانیبوو ڕێ لە خۆی بگرێت کە خۆشی بوێم و دەیزانی کە سەرەڕای ئەو لێکدابڕانەی چاوەڕێمان بوو، ئەو هیی من و من هیی ئەو بووم. ئەو پێی گوتم بۆیە ڕێگەی پێم دەدا بڕۆم بۆ ئەوەی بە یەکجاری ببم بە هیی ئەو، بەڵام من وەک هەرزەکارێکی کەللەڕەق وا بووم، پێکەنینم بە هەموو ئەم قسانە هات و پێم وا بوو کە بە درێژاییی ئەو ماوەیەی پێکەوە بووبووین ئەو تەنیا منی کۆت کردبوو و نەیدەهێشت بە دڵی خۆم هەناسە بدەم، ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو ژیانیدا هەرشتێکی لەگەڵمدا کردبوو لە بەرژەوەندیی خۆم کەوتبووەوە و هیچ مەبەستێکی خراپی نەبووبوو و زۆر جار دوای شکستی بیرۆکەکەی خۆم تێدەگەیشتم کە ئەوەی ئەو دەیویست ڕاست بوو، نەک ئەوەی من کەللەڕەقانە پێداگرییم لەسەری کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەستم دەکرد ئەو زیندانکەری منە و دەمویست شۆڕشی بەسەردا بکەم، دەمویست وەک جۆرێک لە گۆڕانکاری، هەڵە بکەم و کەسێکی خراپ بم، دەمویست هەموو ئەو شتانە ئەزموون بکەم کە ئەزموونم نەکردبوون، چونکە تاکە تاوانی ئەو ئەوە بوو ئەو یەکەم بژاردەی ژیانی من بووبوو و بژاردە ڕاستەکە بووبوو، بەڵام زۆر زوو هاتبوو! ئەو یەکەم ژن بوو لە ژیانمدا خۆشم ویستبێت، یەکەم ژن بوو ماچم کردبێت

و دەستم بەری کەوتبێت، ئەو یەکەم ئەزموونی من بوو، یەکەم خۆشەویستیی من بوو، بەڵام خۆشەویستییە راستەکەش بوو، منیش ئامادە نەبووم بۆ ئەوە، ئامادە نەبووم ئەو باشترین بێت، بەسۆزترین بێت، نەرمونیانترین بێت، من هەرگیز ژنێک دڵی نەشکاندبووم، چونکە ئەو یەکەم ژن بوو لە ژیانمدا و هەرگیزیش دڵی نەدەشکاندم، ئەو هێندە باش بوو و هێندە منی کردبوو بە پیاوێکی باش کە بێزار بووبووم و دەمویست هەڵە بکەم، هەڵەی گەورە و خۆم وێران بکەم.

بەڵێ، من هەموو شتێکم فڕێ دا، ئەو و هەموو ئەوەی پێی بەخشیبووم، ئەو پیاوە باشەشی کە بە هۆی ئەوەوە دروست بووبوو فڕێم دا و لەبریی ئەو باوەشم بۆ پیاوە بەدکارەکەی ناخم کردەوە، فریشتەکەی ناو ناخم، ئەو فریشتەیەی ئەو یارمەتیی دابووم بیدۆزمەوە، دامە بەر چەقۆ و فڕێم دا و هەڵهاتم، لەو لە بەهەشتی ئەو هەڵهاتم و باڵەکانم کردەوە و بەپەرۆش بووم بۆ فڕین و کەوتنە ناو دۆزەخی خۆمەوە.

هەموو شتێکم تاقی کردەوە، هەموو ئەو شتانەی ویژدان رێگەی پێ دەدام بیانکەم، چووم بۆ شوێنی نوێ، وڵاتی نوێ، تەنانەت ناوچەکانی جەنگ، بۆ شوێنی مەترسیدار و سەرکێشیی زۆرم کرد، خواردمەوە و دەچووم بۆ ئاهەنگ و یانەکانی شەوان و کەسی نوێ و ژنی نوێم ناسی، یان لەگەڵیاندا دەخەوتم یان بۆ ماوەی کاتی عاشقیان دەبووم. تا دەهات ئەزموونەکانم زیاتر دەبوون و خۆشم لە ناخەوە خاڵی تر دەبوومەوە، لەڕاستییدا تا ئەزموونەکانم زیاتر دەبوون، زیاتر هەستم دەکرد چەند لە ماڵەوە دوورم و بەختەوەری چەند دوورەدەستە، بەشێک لە من هەمیشە بیری ئەو ماڵە بچکۆلانە ئارامەی دەکرد کە پێکەوە لەگەڵ ئەودا تیایدا ژیابووین، بیرم لەو منداڵانە دەکردەوە کە هەرگیز نەمهێشتبوو بمانبن، ئەو ساتە خۆشانەی دەکرا پێکەوە بەسەریان بەرین، بەڵام بەسەرمان نەبردبوون و لەناو هەموو ئەو ژنانەی دەمناسین و لەناو جوانییە رووکەشییەکەیان و

مێشکە بچکۆلەکانیاندا، بیری جوانییە ڕاستەقینەکە و ژیری و تێگەیشتوویی ئەوم دەکرد، هەڵبەت خانمی ژیر و زیرەکیش ناسیبوو، بەڵام لەلای من کەسیان هێندە مێینە و لە هەمان کاتدا هێندە زیرەک و پڕ باوەڕبەخۆبوون نەبوون.

چەند جار ڕووی دەدا دەمویست پەیوەندیی پێوە بکەم و پێی بڵێم دەمەوێت بگەڕێمەوە ماڵەوە، بەڵام هەرگیز ئەوەم نەکرد، ئەو دەنگەی ناو مێشکم بەردەوام دەیگوت، "نەکەیت، گەمژە! ئەوە تۆ بە هەموو ئەقڵێکتەوە دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو زیندانە؟ هێشتا زۆر شت ماون بیانکەیت، بەردەوام بە لە گەڕان، بەختەوەری لە شوێنێک لە شوێنەکانە، من لەوە دڵنیام."

لە کاتێکدا من بە دەستی خۆم ژیانی خۆمم تێک دەدا، ژیانی ئەو بەرەو پێشتر و پێشتر دەچوو و سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و لەسەر تیڤی دەمبینی کاتێک لەسەر دوایین کارەکانی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرا و جاربەجار جوانتر و گەنجتر دەینواند، لەو ماوەیەدا زۆر لەوە زیاتری بەدەست هێنابوو کە ئەگەر لەگەڵ مندا بمایەتەوە بەدەستی دەهێنا، چونکە ئێستا کەسی نەبوو خەمی لێ بخوات و ڕێگر بێت لە بەردەم بەدیهێنانی خەونەکانیدا، ئەو ئیدی دەیتوانی بە دڵی خۆی گەشت بکات و بگەڕێت و ئەو کەسانە بناسێت کە لە سەرکەوتنیدا یارمەتیدەری دەبوون، بەئاشکرا دەمبینی کە ئەو ئیدی پێویستیی بە من نەبوو - ئەمەش شتێک بوو زۆر تووڕەی دەکردم و وای دەکرد سوور بم لەسەر ئەوەی کە هەرگیز نەگەڕێمەوە، لە ڕاستیدا هەمیشە بێزار دەبووم بەوەی کە هەرچەندە پێویستیی بە من نەبوو، کەچی لەگەڵم بوو و خۆشی دەویستم، کە دەیگوت من خۆشم دەوێیت نەک لەبەر ئەوەی پێویستیم پێتە، بەڵکو پێویستیم پێتە، چونکە خۆشم دەوێیت، یان کە دەیگوت من دەتوانم بێ تۆ بژیم، بەڵام نامەوێت بێ تۆ بژیم، من تێنەدەگەیشتم و لەگەڵ ئەوەی بە ئەقڵ قسەکەم لا جوان بوو، بەڵام لە ناخەوە بە دڵم نەبوو و بیرکردنەوەی

"پیاوانە"م ئەم جۆرە پەیوەندییەی ڕەت دەکردەوە، چونکە وا فێر کرابووم لە هاوسەرگیریدا ژن دەبێت بەتەواوی پشت بە پیاو ببەستێت و نابێت بێ ئەو بتوانێت بەرگە بگرێت، بۆیە هەمیشە پەست دەبووم بەوەی تا چەند ئەم وەسفە ئەوی نەدەگرتەوە، دەمویست ئەویش وەک ئەو ژنانەی تر وا بێت، دەمویست بێ من نەتوانێت هەناسەش بدات.

هەمیشە ئاگام لە هەواڵی بوو، بەڵام هەرگیز پەیوەندییم پێوە نەدەکرد، چونکە هەمیشە لە گەشتدا بووم و دەمزانی بە یەک بیستنی دەنگی هەموو گەڕانەکەم کۆتایی دەهات، بۆیە هەمیشە ژمارەکانم دەگۆڕی و نەمدەهێشت بتوانێت لە هیچ ڕێگەیەکەوە پەیوەندییم پێوە بکات، یان دەرفەتێک دروست ببێت و بمبینێت، بەڵام ئەوەندەی بزانم ئەویش هەوڵی نەدەدا پەیوەندیم پێوە بکات یان بمبینێت، بەڵام من هەموو شتێکم لەسەر ئەو دەزانی، دەشمزانی لەگەڵ ئەوەی هەندێک پیاو دەهاتنە ژیانییەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی جیدی لە ژیانییدا نەبوو، دەشمزانی هەرگیز ماڵەکەمانی نەفرۆشتووە و تەنانەت ئەگەر پێویستیشی بکردایە هەرگیز چۆڵی نەدەکرد و بۆ ماوەی زۆر لە دەرەوەی وڵات نەدەژیا، ئەمەش هەمیشە هیوای پێ دەبەخشییم و پێی دەگوتم کە ئەو هێشتا چاوەڕێمە و هێشتا ماڵێکم هەیە بگەڕێمەوە بۆی، بەڵام من هەمیشە ئەو ساتەم دوا دەخست، ڕۆح و جەستە و دڵ و هەموو بوونم ماندوو و شەکەت بوون و بیری ماڵەوەیان دەکرد، بەڵام مێشکم هەر دەیگوت بەردەوام بە، تا بەیانییەکی زوو لە زەنگی تەلەفۆنەکە بەخەبەر هاتم، زۆر خواردنەوەی ئاهەنگە شێتانەکەی شەوی ڕابردوو هەموو گیانمی تێک شکاندبوو، بینیم لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە خەوم لێ کەوتبوو، کاتێک کە بینیم تیشکی خۆر لە درزی پەردە مارۆنییەکانەوە دزەی کردبوو، لە دڵی خۆمدا گوتم، "ئۆف خوایە! دیسان ڕۆژێکی نوێیە!" وازم هێنا ئامێری نامە دەنگییەکان لەبریی من وەڵامی تەلەفۆنەکە بداتەوە، بەڵام لەگەڵ بیستنی یەکەم وشەی دەنگە شیرینەکەی ئەودا

Scanned with CamScanner

هەمـوو بەرگرییەکانـم کەوتـن، ئـەو دیوارانـەی لـە چواردەوری خۆم دروستم کردبوون یەکبەیەک هەرەسیان هێنا و دەمویست پڕ بـە تەلەفۆنەکـەدا بکـەم و وەک منداڵێـک بگریـم و بڵێم، "زۆر مانـدووم، دەمەوێت بگەڕێمـەوە ماڵـەوە." بـەڵام خۆبەزلزانینم ڕێگەی پێ نـەدام ئـەوە بکـەم و دەسـەڵاتی ئـەوەی هەبوو وام لێ بکات بێ جووڵە لەویادا پاڵ بکـەوم و گوێ لـە نامەکە بگرم کە تۆماری دەکرد، "سڵاو ئازیزم، منم. زۆر بە زەحمـەت ژمارەکەتم دەست کـەوت، لەبیرتـە گوتم دواجار هـەر دەگەڕێیتـەوە ماڵەوە و منیش چاوەڕێت دەبم؟ وا بزانـم کاتمـان زۆر نەماوە و گـەر بەم زووانـە ئـەوە نەکەیت ئیدی کـە گەڕایتـەوە مـن لێرە نابم، من..." کەمیک وەستا و دەنگی لـەرزی، "نەخۆشـم و کاتم زۆر نەماوە..." ئەمـە تـەواوی نامەکـەی بـوو، ئـەی مـن لـەو سـاتەدا هەستم بە چـی دەکـرد؟ بـە گەمژەیـی، هەسـتم کـرد شکسـتخواردووترین و گەورەتریـن گەمـژەی دونیـام، باشـە چـۆن پێشـتر بیـرم لـەوە نەکردبـووەوە؟ مـن هێنـدە خۆپەرسـت بووبـووم هەمیشـە وام زانیبـوو ئـەو هـەر لـەوێ لـە چاوەڕوانـی منـدا دەبێت بێ ئـەوەی بیر لـەوە بکەمـەوە کە ڕەنگە مـەرگ پێش من دەستی بەو بگات، باشـە ئـەوە چ گەمژەییـەک بـوو! لـەو سـاتەدا لـە ئاست ڕاستی سـارد و ڕەقی مەرگدا کە وەک زریانێـک بـە ڕوومـدا هەڵی کرد، هەمـوو فیز و خۆبەزلزانینم لەنـاو چـوو و ڕەوییـەوە، ئیدی چاوم لـە ئاسـت ڕاستییە تاڵەکـەی ژیانمدا کرایـەوە و بەڕوونی بینیم کە بەختـەوەری لـە هیـچ کام لـەو شـوێنانە نییـە کـە لێیـان دەگـەڕام و نەدۆزینـەوەم بـۆی تاوانـی ئـەو نەبـوو، بەڵکو تاوانـی خـۆم بـوو، چونکە مـن ئـەو کەسـە بووم کـە هەرگیـز بـە ڕاسـتی بەختەوەریم نەدەویسـت و هەرچەند بهاتایەتە ڕێم چاوەکانم دادەخسـت و ڕووم وەر دەگێڕا، چونکـە بایـی ئەوەنـدە خـۆم خـۆش نەدەویسـت کە بە شـایەنی خۆمـی بزانـم. مـن گەورەتریـن دوژمنـی خـۆم بـووم و هەمیشـە خۆم لە خۆشبەختی دەدزییەوە، ئینجا هێشـتا لۆمەی ئەوم دەکرد، لۆمـەی ژیانـە ئارامەکەمانـم دەکـرد، لۆمـەی خۆشەویستییە

نەندروستەکەی ئەوم دەکرد، لۆمەی هەموو شتێکی ئەوم دەکرد و لۆمەی کەسایەتی و کرداری ئەوم دەکرد، بەڵام بۆ جارێکیش لۆمەی خۆمم نەدەکرد لە کاتێکدا تاکە تاوانبار خۆم بووم، ئەوە چاوەکانی من بوون نەیاندەتوانی جوانی ببینن، ئەوە دڵی من بوو کە نەیدەتوانی ئاسوودەیی و خۆشەویستی وەر بگرێت و ئەوە زیهنی من بوو نەیدەتوانی لە گرنگی هەبوونی ژیانێکی پڕ لە قاییلبوون تێبگات، ئەوە خۆپەرستی، لووتبەرزی، چاوچنۆکیی و کوێریی من بوو وای کرد هێندە دوور بکەومەوە و بەدوای بەختەوەرییەکدا وێڵ بم، کە ڕێک لەوێ لەپشت ئەو دەرگایەوە بوو کە ڕۆژی ماڵئاواییکردنم ئەو لە بەردەمیدا وەستابوو و پێی گوتم کە دواجار هەر دەگەڕامەوە. هەر واش بوو، گەڕامەوە، بەڵام باجی هەموو شتێکم دا، ئەم جارە ئەوە ئەو بوو کە جێی دەهێشتم، ئەگەر چی بە ویستی خۆی نەبوو، ئەو نەخۆشییەکی کوشندەی هەبوو، لەڕاستیدا تەنانەت ئەمەشی بەئارامی قبوڵ کردبوو، تاکە هۆکاری نیگەرانیی ئەو لەمەشدا هەر من بووم، لەبەر من هەرچەندە ئیتر ئامادە بوو بۆ ئەوەی دەست لە ژیان بەر بدات، زیاتر مایەوە و بەرگرییەکی توندی کرد و ئازاری زۆری چەشت تا دواجار توانی ساڵێکم پێ ببەخشێت، دوای ئەوە ئیدی ئەم جارە نۆرەی ئەو بوو ماڵئاوایی بکات، بەڵام دوادیاریی ئەو بۆ من ئەوە بوو کە فێری کردم چۆن بێ ئەو بژیم و بەرگە بگرم و بتوانم بەختەوەری بدۆزمەوە.

ئێستاش هەمیشە ئاسوودە و ئارامم و هەر چییەک بێت ناترسم، چونکە دەزانم ئەو لەوێ، لە ماڵێک کە هی هەردووکمانە تا ڕۆژی دیدار چاوەڕێم دەبێت.

# تۆ تاوانباریت

تۆ تاوانباریت،

ئەو کاتەی کوڕەکەت یان براکەت پێت دەڵێت ژنێکی خۆش دەوێت کە پێشتر هاوسەرگیریی کردووە و جیا بووەتەوە، تۆ تووڕە دەبیت و دەڵێیت، "جا ڕۆڵە کچ قاتی بوو بوو تا بچیت بێوەژنێک بهێنیت؟"

تۆ تاوانباریت،

کاتێک وەسفی بووکەکەتت لەلا دەکەن و باسی ئەوە دەکەن کە چەند باش و بەڕێز و بەڕەوشتە و باسی زیرەکی و لێهاتوویی دەکەن، بەڵام تۆ سەرێک با دەدەیت و دەڵێیت، "ڕاستە، خۆ کچی چاکە، بەڵام بە چی دەچێت کە منداڵی نەبێت." بەمەش هەموو بەهایەکی دیکەی ئەو مرۆڤە لە ئاست توانایەکدا کە بچووکترین ئاژەڵ هەیەتی، سفر دەکەیتەوە.

تۆ تاوانباریت،

ئەو کاتەی دەبیستیت کچێکی ناسیاوت شووی بە کوڕێکی باش کردووە و زۆر بەختەوەرە، دەڵێیت، "سەیری شانس؟ باشە ئەوە خۆ پێش ئەم دوو سێ پەیوەندی دیکەی هەبووە ئیتر ئەم کوڕە باشەی چۆن هەڵخەڵەتاند؟"

تۆ تاوانباریت،

ئەو کاتەی دەبیستیت ژن و مێردێک کە ئیرەییت پێیان دێت،

لەسەر جیابوونەوەن، بە هەواڵەکە دڵخۆش دەبیت و لێرە و لەوێ باسی دەکەیت و لە خۆتەوە هەزار لێکدانەوە بۆ هۆکاری جیابوونەوەیان دەکەیت و هەمووشی دەخەیتە ملی ژنەکە.

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی دەبینیت کچێکی ناسیاوت لە شوێنێک لەگەڵ کوڕێکدا دانیشتووە، خێرا هەزار گومانی خراپی پێ دەبەیت و لەناو خزم و هاوڕێ و دۆستانتدا بە ترشوخوێوە شتەکە باس دەکەیت.

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی لە هەواڵەکان دەبیستیت پیاوێک ژنەکەی خۆی کوشتووە، وەک ئەوەی کوشتن هیچ پاساوێکی هەبێت، دەڵێیت، "کچێ خوا دەزانێت چی کردووە، ئەگینا هیچ پیاوێک شێت نەبووە لە خۆیەوە ژنی خۆی بکوژێت!"

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی کچێک بە جلێکی کورتەوە دەبینیت و هەزار قسەی پێ دەڵێیت و خێرا تۆمەتی ڕەوشتی بۆ هەڵدەبەستیت.

تۆ تاوانباریت،
کاتێک دەبیستیت فڵانە کوڕ فڵانە کچی لەخشتە بردووە و قوڵی بریوە، تۆ لەبریی هەموو شتێک شاگەشکە دەبیت و پێی خۆش دەبیت و دەڵێیت، "ئەوچاتر، بۆ ئەوەندە بێ ئەقڵ بووە باوەڕی بە کوڕ کردووە؟" یان دەڵێت، "ئەگەر خۆی بێ ڕەوشت نەبووایە و حەزی پێ نەبووایە کوڕ نەیدەتوانی هەڵی خەڵەتێنێت." یان وەک ئەوەی خۆت حەزرەتی مریەم بیت، دەڵێیت، "ئەوچاتر، ئەمە پاداشتی ئەوانەی بێ ڕەوشتن و خەریکی دڵدارین."

Scanned with CamScanner

تۆ تاوانباریت،

کاتێک بیستت خێزانە ئیزیدییەکان لە ڕێی هەندێک کەسەوە بە پارە کچەکانیان لە دەستی داعش دەر دەهێننەوە و دەیانگەڕێننەوە، تۆ زۆر بێباکانە و بە جۆرێک لە سووکایەتییەوە گوتت، "جا تازە بۆ چییانن؟"

تۆ تاوانباریت،

کاتێک بە دەستی خۆت کچەکەت دەبەیت بۆ لای ئەو ژنەی خەتەنەی کچان دەکات و توند توند دەیگریت بۆ ئەوەی ڕانەکات و بەشدار دەبیت لە ئەتککردنی مێینەبوونیدا.

تۆ تاوانباریت،

کاتێک کچەکەت بە دڵی شکاوەوە لە ماڵ دەتۆرێت و پێت دەڵێت کە مێردەکەی لێی دەدات و خراپە لەگەڵیدا یان داوێنپیسە و ناپاکیی لێ دەکات، بەڵام تۆ پێی دەڵێیت کە ژن تەنیا ماڵی مێردەکەی هەیە و دەبێت بەرگە بگرێت و بە قسەی خۆش لەگەڵیدا بڕوات و بزانێت هەڵەکانی چین و بە چی مێردەکەی تووڕە دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕەفتارانە دووبارە نەکاتەوە.

تۆ تاوانباریت،

ئەو کاتەی کچێکی منداڵ لەسەر پاسکیل دەکەوێت پێی دەڵێیت، "ئەوچاتر، ئاخر کەی کچ و پاسکیلیان گوتووە؟ بۆ تۆ کوڕیت تا سواری پاسکیل بیت؟" ئینجا لە لاوە بە دایکی دەڵێیت کە با نەهێڵن سواری پاسکیل و ئەم شتانە بێت نەوەک خوانەخواستە بەخراپی بکەوێت و کچێنیی لەدەست بدات. یان کاتێک لە پاشملە باسی کچە نۆ ساڵانەکەی ماڵە دراوسێکەتان دەکەیت و دەڵێیت، "ئەیەڕۆ خۆ ئەو کچەی فلان مەمکی بەقەد هیی منی لێ هاتووە کەچی دەهێڵن بۆ خۆی هەر لە کۆڵان خەریکی یاری و ڕاکە ڕاک بێت."

تۆ تاونباریت،
کاتێک دەبیستیت پیاوێکی ناسیاوت ناپاکی لە هاوسەرەکەی کردووە، وەک ئەوەی ناپاکی هیچ پاساوێکی هەبێت دەڵێیت، "جا وەڵا ناهەقی نییە، بە خوا ژنەکەی زۆر ناشیرینە و خۆی زۆر نۆز و کەشخەیە."

تۆ تاوانباریت،
کاتێک دەبینیت ژنێک زۆر سەرکەوتووە و زۆربەی کات لە دەرەوەیە و خەریکی ئیشە و دەستکەوتی زۆرە دەڵێیت، "باشە ئەو مێردەی چۆن بەرگەی گرتووە و تەڵاقی نەداوە؟ خۆ ناکەوێتە ماڵ، ڕۆژێک چێشتێکی گەرمی نەداوە بەو داماوە."

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی زۆر چاک دەزانیت براکەت یان کوڕەکەت چەندین پەیوەندی لەگەڵ دەیان کچدا هەبووە و قوڵی چەندین کچی بڕیوە، بەڵام کە بەدوای ژندا دەگەڕێیت بۆی دەتەوێت کچێکی بۆ بهێنیت کە لە ژیانیدا سڵاویشی لە کوڕ نەکردبێت.

تۆ تاونباریت،
ئەو کاتەی کچەکەت خوازبێنیکەرێکی دەوڵەمەندی دێت و پێی دەڵێیت، "کچم خوێندن چییە وا دەڵێیت شوو ناکەم تا خوێندن تەواو نەکەم؟ تۆ کچیت، قابیلە وا خوێندنیشت تەواو کرد دەبێت بە چی؟ هیچ شتێک هێندەی شووکردن بەکەڵکت نایەت، بۆ خۆت شاژنی ماڵی خۆت دەبیت و مێردەکەشت بەخێوت دەکات و هیچت پێویست نابێت."

تۆ تاوانباریت،
کاتێک کوڕەکەت یان براکەت دەست دەداتە قاپێک کۆی

بکاتەوە یان بیشوات، خێرا دەزریکێنیت و دەڵێیت، "نەکەیت، وازی لێ بێنە! ئەیەڕۆ لەسەر ئەو هەموو کچەوە تۆ ئیش بکەیت؟"

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی لەلای دکتۆری سۆنەرەکە پێیان گوتیت سکەکەت کچە دەستت کرد بە گریان، یان ئەو کاتەی بۆ دووەم جار وتیان سکەکەت کچە سێ بەتانیت شت و بە تەڕی بردتنە سەربان بەڵکو لەبارت بچێت، بەڵام کە دواتر زانیت هەڵەیان کردووە و کوڕە، کەوتیتە نزاکردن و سوپاسی خوات کرد کە لەبارت نەچووە و داوای لێخۆشبوونت کرد.

تۆ تاوانباریت،
کاتێک کچێک باسی ئەوە دەکات چۆن لەناو بازاڕ یان لەناو پاسدا گێچەڵیان پێ کردووە یان دەستیان بۆ بردووە، یەکەم پرسیار بەخەیاڵتدا دێت ئەوەیە، "دەبێت چی لەبەردا بووبێت؟"

تۆ تاوانباریت،
ئەو کاتەی ئەکتەرێک یان بێژەرێک یان گۆرانیبێژێکی سەرکەوتووی ژن دەبینیت، بە هەموو شێوەیەک قسەی پێ دەڵێیت و دژایەتیی دەکەیت و تانە لە ڕەوشتی دەدەیت، بەڵام ئەگەر پیاو بێت هەر چۆنێک بێت تۆ بەرگری لێ دەکەیت و شێت و شەیدای دەبیت و خۆت دەکەیتە قوربانی و هەمیشە بەباش باسی دەکەیت.

تۆ تاوانباریت،
کاتێک دەبیستیت پیاوێک لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی منداڵی نابێت ژنی هێناوەتەوە، دەڵێیت، "مافی خۆیەتی." ئەگەر نەشیهێنێتەوە دەپرسیت، "ئەوە چۆنە ژنی بەسەردا ناهێنێت؟" بەڵام ئەگەر ژنێک لەبەر هەمان هۆکار لە مێردەکەی جیا ببێتەوە

بە بێوەفا ناوی دەبەیت و ئەگەر لەگەڵی بمێنێتەوە دەڵێیت، "هەقی خۆیەتی، مەرج نییە خودا منداڵی لە چارەی هەموومان نووسیبێت."

تۆ تاوانباریت،

کاتێک دەچیت بۆ ماڵی تازە بووکێک یان قسەی لەگەڵدا دەکەیت، گرنگترین شت پێی بڵێیت ئەوەیە، "بەدایکی کوڕان بیت." یان "بە سکێک دوو کوڕت ببێت."

تۆ تاوانباریت،

کاتێک دەبیستیت ژنێک لە ناپاکیی هاوسەرەکەی خۆش بووە، دەڵێیت "چاکی کردووە، هەموو کەس هەڵە دەکات و هەموو کەس شایەنی دەرفەتێکی دیکەیە." بەڵام ئەگەر پیاوێک لە ناپاکیی هاوسەرەکەی خۆش ببێت، جا چەند بچووکیش بێت و تەنیا قسەکردن بووبێت یان شتێکی لەو جۆرە، ئەوە لای تۆ ناپیاوە و بێ شەخسییەتە و لەم جۆرە قسانە، یان ئەگەر بیستیت ژنێک ناپاکی کردووە دەڵێیت، "هەقی کوشتنیەتی، هەقە بە زیندوویی بیسووتێنێت، هەقە تیری لێ بدات و سەری سفر بکات و ئاوا بینێرێتەوە ماڵی باوکی."

تۆ تاوانباریت،

کاتێک دەبیستیت فلانە ژن غازی پێدا تەقیوەتەوە و سووتاوە، یەکسەر دەپرسیت، "جا سووتاوە یان خۆی سووتاندووە؟" یان ئەگەر لە شوێنێک بەر بووبێتەوە دەڵێیت، "جا بەر بووەتەوە یان خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە؟"

تۆ تاوانباریت،

کاتێک باسی باشی، زیرەکی، لێهاتووی، بەڕێزی و بەڕەوشتیی

کچێکت بۆ دەکەن و دەستکەوتەکانیت بۆ دەژمێرن، وەک ئەوەی شووکردن بەرزترین و گەورەترین دەستکەوت و پلە بێت دەڵێیت، "جا بە چی دەچێت؟ خۆ فەقیرە هەر شووی نەکردا"

تو تاوانباریت،

کاتێک ڕۆژانە دەیان پیاو ڕووداوی ئۆتومبێل دەکەن و ڕووداوی زۆر قورسیش، بەڵام کە لەسەر شەقام دەبینیت ژنێک ڕووداوێکی بچووکی کردووە یەکسەر دەڵێیت، "تۆ سەیری ژن کە! هەرگیز فێری شۆفێری نابن."

تۆ تاوانباریت، بێ ئەوەی درکی پێ بکەیت، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداربوویت و بەشداریت لەو هەموو نادادپەروەری و ستەمەی بەرامبەر ژنان هەیە، بەرپرسیاریت لە نەهامەتی و خەم و ئازارەکانی ژنان، خەم و ئازارەکانی خۆت، بێئاگایت لەوەی تا چەند دەستت لەو هەموو ستەمەدا هەیە کە پێش هەموو کەس لە خۆت دەکرێت، تۆ خۆشت نازانیت چی دەکەیت؟ چی دەڵێیت؟ چۆن وشە و بیرکردنەوە و ڕەفتارت هەمووی کارەسات دەنێنەوە بۆ خۆت و نەوەکانی داهاتوو، چونکە تۆ دواجار دایکیت و پیاوان و ژنانی داهاتوو پەروەردەی تۆ دەبن، تۆ نازانیت چ هێزێکی گەورەت هەیە و چەندە خراپ بەکاری دەهێنیت، تۆ بێئاگایت لە تاوانەکانت، زۆر بێئاگایت و ئەگەر زوو بەخەبەر نەیەیتەوە، سەری هەموومان دەخۆیت!

٢٠١٨/٠٧/١٧

# گورگ

ئەوەتا لێرەیە، لە ژوورەکەمدایە، گورگێکی ڕەش، نیگاکانی دڕندانە و برسی، بەردەوام لە دڵم دەڕوانێت و دەیەوێت پەلاماری دوایین دڵۆپ بدات... دوایین دڵۆپ خۆشەویستی.

بەبێدەنگی بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت، ئەمشەو لە شەوانی دیکە پشووکورتتر دەر دەکەوێت، تریفەی مانگەشەویش وا دەکات سامناکتر و تا ڕادەیەک جوانتر بنوێنێت، بەڵام بەردەوام هەست بە نیگاکانی دەکەم لەسەر دڵم و دوایین دڵۆپی خۆشەویستی.

هەست دەکەم وا ئارامی لەدەست دەدات، بەڵام لە چی تووڕەیە؟ لە لاوازیم یان دوودڵیم؟ ئای، وا لە دڵم ڕادەمێنێت و ئامادەیە بۆ هێرشکردنە سەر دوایین دڵۆپ خۆشەویستی.

دەزانم ئەمە ئیتر کۆتاییە، بۆیە ناهێڵم لەوە زیاتر چاوەڕوان بێت، ئیدی هیچ بەرگری ناکەم و بە سوپاسگوزارییەوە بەرەو لای هەنگاو دەنێم، ئەم دڕندە میهرەبانە لەیادکردنە، منیش ئامادەم تۆ و دواییـن دڵۆپ خۆشەویستیمی پێ بسپێرم.

Scanned with CamScanner

# بازنە

کچەکەم مرد، خۆی کوشت، کچە تاقانەکەم لەدەست دا و خەتای منە، خەتای دایکیەتی، خەتای دایک و باوکی من و دایک و باوکی هاوسەرەکەم و دایکان و باوکانی پێش ئێمەن، پێکەوە و زۆر بە وردی و بێئاگایانە لە ئەزەلەوە کارمان لەسەر مەرگی کچەکەم کرد و گەیاندمانە ئەم ڕۆژە.

کچەکەم لە شارێکی تر دەژیا، مانگانە سەردانی دەکردین، بەڵام من ئاگام لە هیچ نەبوو، من هیچ نەمزانیبوو ئەو لە ژیانی خۆی بێزار بوو، نەمزانیبوو بە تەنیا و بێکەس لە دۆزەخێکی ڕۆژانەدا دەژیا، لە هەمووی گرنگتر، نەمزانیبوو هاوسەرەکەی لەگەڵیدا خراپ بووە و لێی دەدا و سووکایەتیی پێ دەکرد، دەزانن بۆ؟ چونک هەرگیز پێی وا نەبووبوو کە دەبوو باسی ئەمانە بکات و ڕێگە بەو ستەمە نەدات و بەرگە نەگرێت و بە زۆر ئەو بە ناو ژیانە ڕانەکێشێت، ئەویش چونکە بینیبووی دایکی خۆی بەرگەی ئەو شتانەی دەگرت و بگرە هێشتا زۆر جار مەراییی دەکردم و هەوڵی دەدا ئاشتم بکاتەوە، دەزانن بۆ؟ چونکە ئەویش دایکی خۆی بینیبوو چۆن بەرگەی خراپییەکانی باوکی دەگرت و جێ لێدانەکانی دەشاردەوە و ئەگەر ئەو ڕۆژە لەسەر چێشتێکی سوێر توورەبوون و سووکایەتیی بخواردایە، ئێوارە بە خوانێکی شاهانە قەرەبووی باوکی دەکردەوە و دڵی دەدایەوە، دەزانن بۆ؟ چونکە دایکی خۆشی هەر وا بوو بوو، ژن لە ماڵی مێردەکەی زیاتر هیچ شوێنێکی نەبوو، بۆیە دەبوو بەرگە بگرێت، ئەی باوکی بۆ وا بوو؟ باوکی من بۆ وا بوو؟

من بۆ وام؟ چونکە ئەو کاتانەی باوکم قاپە چێشتەکەی دەکرد بە سەری دایکمدا یان شلەکەی ئێرە و ئەوێ بە قاپەکەوە فڕێ دەدا، دایکم وەک تاوانبارێک ڕەفتاری دەکرد، بچووک و بێدەسەلات داوای لێبوردنی دەکرد و بۆ ئێوارە خۆی تەواو جوان دەکرد و خۆی دەڕازاندەوە و چێشتێکی خۆشی لێ دەنا و بە زمانێکی شیرین باوکمی دەدواند، یان ئەو کاتانەی لەسەر درەنگ گەڕانەوەیەک لە بازاڕ یان چوون بۆ میوانییەک بێ ئەوەی بە باوکم بڵێت زللە یان لێدانی دەخوارد، هێشتا ئەم دەگریا و دەپاڕایەوە و داوای لێبوردنی دەکرد و تا یەک هەفتە بە هەموو شێوەیەک مەرایی باوکمی دەکرد، بۆیە منیش هەر وا پەروەردە بووم، پێم وا بوو پیاو دەبێت وەک باوکم بێت و ژنیش وەک دایکم، بۆیە منیش بۆ هاوسەرەکەم خراپ بووم، ڕەنگە کەمێک باشتر بووبم، چونکە خوێندەوار بووم، بەڵام هێشتا هەر زۆر خراپ بووم، کچەکەشم، کە زۆر نازدار بوو و زۆرم خۆش دەویست، وای دەزانی هاوسەرگیری دەبێت وا بێت، هەر بۆیە چەند ئازار و ناڕەحەتی دەبینی هیچی نەدەدرکاند و تا ئەو نامەیەم نەخوێندەوە کە دوای خۆکوشتنەکەی جێی هێشتبوو، ئاگام لە هیچ نەبوو. ئەو لە نامەکەدا نووسیبووی کە ئیدی لەوە زیاتر بەرگەی خراپیی مێردەکەی ناگرێت و ناشیەوێت ببێت بە بار بەسەر ئێمەوە، بۆیە کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت، دواتریش لە پرسەکەیدا و لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا هاوڕێیەکی نزیکی گوتی کە بۆی باس کردووە چەند هاوسەرەکەی خراپ بووە لەگەڵی و چۆن لەسەر هەندێک شتی هیچ لێی داوە یان سووکایەتیی پێ کردووە، کەچی منیش بێئاگا لە هەموو ئەمانە وام دەزانی کچەکەم شوویەکی باشی کردووە و لە ماڵی مێردی خۆیەتی و پارێزراوە، نەمزانی هەر ئەو ماڵە دواجار دەینێرێت بۆ گۆڕستان، ئاخر من چۆن بزانم؟ من پێم وا بوو کچەکەمم بایی ئەوەندە بەباشی پەروەردە کردبوو و بایی ئەوەندە خۆشەویستیم پێ دابوو کە ئەو شتانەم لێ نەشارێتەوە، بەڵام

نەمدەزانی تەنیا بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی من و دایکی هەموو ئەو شتانە فێر بووبوو کە دواجار بوونە هۆی کۆتاییهاتنی ژیانی و بە مەرگی ئەو، ئەو بازنەی ستەم و ئازارە شکا کە لە ئەزەلەوە نەنک و باپیرانی هەردوولا دەستیان پێ کردبوو، بەلام من کێ هەڵدەخەڵەتێنم؟ بۆ گوایە ئەگەر بتۆرایە و بگەڕایەتەوە من و دایکی هەوڵمان نەدەدا نێوانی خۆی و هاوسەرەکەی باش بکەین؟ نەماندەگوت ئاساییە کچەم، لەنێوان ژن و مێرددا شتی واش دەبێت؟ خۆ ڕەنگیشە توندتر بوومایە، ڕەنگە دوو هەڕەشەم لە کابرا بکردایە، خۆشم نازانم، ئەوەی فێری بووم و ئەوەی نەریتە و ئەوەی دڵم دەیەوێت هەریەکەو شتێکم پێ دەڵێن، بەڵام ئەوەی بەباشی دەیزانم ئەوەیە کە من کچێکی تاقانەم لەدەست دا و ئێستا نازانم چۆن فریای کوڕەکانم بکەوم، چی بکەم بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک خۆم دەر نەچن؟ ئایا کات ماوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکە یان تازە ئەو پەروەردە هەڵەیە ڕۆیشتووە و ئێمەش دووبارە دەبینە هۆی بەدبەختیی کچی یەکێکی دیکە؟ نا، نابێت بهێڵم ئەوە ڕوو بدات، چونکە ئەوسا مەرگی کچەکەم بێهوودە دەبێت، دەبێت شتێک بکەم، هەر ئێستا، هەر ئەمڕۆ، هەر ئەم ساتە!

٢٠١٨/٠٧/٣٠

Scanned with CamScanner

# بەهای تەنیایی

نازانم تۆی ژن بۆ هەمیشە حەزت بە قەرەباڵغییە، حەزت بە دانیشتنی ناو ژنان و کۆڕوکۆبوونەوەی قسەوباس هێنان و بردنە. بۆ هێندە جەنجاڵیت بەو کەسانەی کاتەکانت پڕ دەکەن، بەلام ڕۆحت خاڵی دەکەنەوە؟ بۆ ناتەوێت تەنیا بیت؟ بۆ هێندە لە تەنیایی دەترسیت کە هەندێک جار ئامادەیت لەگەڵ پیاوێکدا بژیت کە هەموو شتێکە مرۆڤ نەبێت، تەنیا بۆ ئەوەی بە تەنیا نەژیت، چۆن وا گەمژانە دەستبەرداری شتێکی هێندە بەبەهای وەک تەنیایی دەبیت؟ نا، وا مەکە! لە تەنیایی مەترسە، لێی هەڵمەیە، تەنیایی بە خۆتت ئاشنا دەکاتەوە، بە خۆتت دەناسێنێت، ئەو کاتەی تەنیایت دەرفەتێکە چێژ لە هاوڕێیەتیی خۆت وەر بگریت، زیاتر لە خودی خۆتدا قووڵ ببیتەوە و بیناسیت، ئەوانەی حەز بە تەنیایی دەکەن و چێژی لێ دەبینن ئەوانەن کە لەگەڵ خودی خۆیاندا ئاسوودە و ئارامن و لە ئاشتیدان، ئەوانەشی لە تەنیایی دەترسن و لێی هەڵدێن لەگەڵ خودی خۆیاندا تەبا و ئاسوودە نین، بەرگەی ڕووبەڕووبوونەوە و تەنیابوون لەگەڵ خۆیاندا ناگرن، ئەوان لە نەستیاندا دەزانن ترسناکترین جانەوەر و دڕندە و خێوەکان لە شوێنە چۆڵ و تاریکەکاندا نین، بەڵکو وەک گاندی دەڵێت، لە ناخی خۆماندان، تەنیا مانەوەشمان لەگەڵ ئەو دڕندانەی ناو ناخمان بوێریی دەوێت، تەنیابوون لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێکانت، لەگەڵ ڕق و کینە و تووڕەییەکانت، لەگەڵ نائومێدی و دڵشکان و یادەوەری و خەمەکانت، ئیشێکی قورسە، بەلام تا ڕووبەڕووی ئەوانە نەبیتەوە، ناگەیتەوە بە خۆت، کێ

دەتوانێت بۆ ئەبەد لە خۆی هەڵبێت؟ بۆیە فێر بە تەنیاییت خۆش بوێت و چێژی لێ ببینیت، ڕووبەڕووی خۆت بەرەوە و هەموو شتەکان وەک خۆیان قبوڵ بکە و بێ بەرگریکردن لێیان گەڕێ هەبن، بۆ ئەوەی دواجار لەگەڵ خۆتدا ئاشت ببیتەوە، ئیدی کە ئەوەش ڕووی دا، هیچ نامێنێت لێی بترسیت و دەبینیت تەنیایی چ نیعمەتێکی خوداییە!

# کڕیار

هەنگاوەکانی قورس بە لاشەی ئەو خەونانەی لە ناخیدا بەکوژراوی هەڵی گرتوون، بە درێژاییی ڕۆژ بەم شەقامانەدا دێت و دەچێت، بە ڕۆژ کلینێکس دەفرۆشێت و لەدوای ئێوارەشەوە ئەگەر کڕیار هەبوو، خۆی!

تەمەنی دوازدە ساڵ بوو کە ئەم پیشەیەی لە دایکیەوە وەر گرت، گەرچی ئەوسا تەنیا کلینێکسی دەفرۆشت، دایکی ڕۆژێک بانگی کرد و گوتی، "کچم، ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ناچیتەوە مەکتەب، لە سەعی و زوو لەخەو هەستان ڕزگارت بوو، ئیتر پێویستییم بەوەیە یارمەتیم بدەیت، مەسرەفی ئەم ماڵە بەتەنیا بە من هەڵناسوورێت." ئەو بەو هەواڵە زۆر ڕاچڵەکی و تەواو نیگەران بوو، ڕاستە زۆر حەزی لە خوێندن و قوتابخانە نەبوو، بەڵام نەشیدەویست واز بهێنێت و لەسەر شەقامەکان بکەوێتە سواڵێکی دەمامکدار. بەپاڕانەوەوە بە دایکی گوت، "توخوا دایە نامەوێت واز بهێنم و بێمە سەر شەقام سواڵ بکەم، دوایی هاوڕێکانم بمبینن چی دەڵێن؟ خۆ لە شەرما دەمرم."

"قسەی هیچ! پێم گوتیت من بە تەنیا مەسرەفی ئەم ماڵەم پێ هەڵناسووڕێت، بە تایبەت خوێندنەکەی تۆ، خوشکەکانت بچووکن و جارێ هیی ئیش نین، با ئەوانیش هیچ نەبێت وەک تۆ شەشی سەرەتایی تەواو بکەن، جگە لەوەی، خەمت نەبێت، وات دەگۆڕم کەس نەتناسێتەوە. خوا دەوامی عەمری ئەو باوکە بێشەرەفەتان نەدات کە وای بەسەر هێناین، خۆی بۆی دەر چوو و ژیانی ئێمەی وێران کرد، شوکوری خوا بە کوڕ نەبوویت،



Scanned with CamScanner

ئێستا دوژمنەکانی باوکت دەمێک بوو دۆزیبوویانیتەوە و لە پەنایەکدا ساردیان کردبوویتەوە."

بەڵام ئێستا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد کوڕ بووایە، هیچ نەبێت ئەوسا لە کونێکەوە دوژمنەکانی باوکی دەیاندۆزییەوە و بە فیشەکێک لەم دۆزەخە ڕزگاریان دەکرد، هیچ نەبێت ئەوسا یەک جار دەمرد.

بەڵام ئەوەی ئەو ساتە بە دایکی نەگوت ئەوە بوو کە ئەوان لە ڕاستیدا پێش ئەوەی باوکیشیان خۆی ون بکات هیچ شتەکان باشتر نەبوون، دایکی هەر بە سواڵ پارەی پەیدا دەکرد و باوکیشیان هەمووی دەدا بە خواردنەوە، تا ڕۆژێک بە سەرخۆشی لەگەڵ کەسێکدا بووبوو بە دەمەقاڵێیان و چەقۆیەکی لە کابرا دابوو و کوشتبووی و هەڵهاتبوو، بۆ کوێ؟ نازانن، بەڵام ئەوەندەیان دەزانی لەم وڵاتەدا نەمابوو و کەسوکاری کوژراوەکەش تا ئەمڕۆ بەدوایدا دەگەڕان.

تەمەنی تەنیا چواردە ساڵ بوو کە خۆشی بوو بە کاڵایەک و لەگەڵ کلینێکسەکەدا دەفرۆشرا، چەند ساڵێک دەبوو دایکی لەپەنا کلینێکس فرۆشتنەکەدا لەشفرۆشیشی دەکرد، بەڵام ساڵ زیاتر بوو بازاڕی دایکی کز بووبوو، بە قسەی خۆی، کچی گەنج و جوان لە هەموو لایەکەوە دەهاتن و پیاوان تا ئەوان هەبوونایە نەدەهاتن بەلای ئەمدا، بۆیە دەبوو بە نرخێکی زۆر کەم ڕازی ببێت، کە جێیەکی وای نەدەگرت.

شەوێکی درەنگ دایکی لە شەقامە قەرەباڵغەکەدا لەگەڵ شۆفێرێکدا قسەی دەکرد، بەپەلە ئاماژەی بۆ ئەم کرد و خێرای لێ کرد بچێت بۆ لای. هەر گەیشتە لای دایکی، خێرا شانی گرت و هێنایە بەردەم پەنجەرەی شۆفێرەکە و گوتی، "ئەی ئەمە چۆنە؟" شۆفێرەکە پیاوێکی قەڵەوی تەمەن سەروو پەنجا ساڵی سەر و سمێڵ بۆیاخ بوو، بە بزەیەکەوە عەینەکە ڕەشەکەی داگرت و بە جۆرێک لەمی ڕوانی، بەو هەموو جل و لەچک و قوماشەی لە خۆی ئاڵاندبوو هەستی دەکرد ڕووتە. پیاوەکە

Scanned with CamScanner

عەینەکەکەی کردەوە چاوی و بەدەم سەیرکردنی پیش خۆیەوە گوتی، "زۆر باشە، ڕێک کەوتین، بۆ سبەی شەو تەرتیبی کە!"
ئینجا پێی لە بەنزین نا و ڕۆی.
ئای ئەو شەوە چەند لە دایکی تووڕە بوو، چەند گریا، چەندی زریکاند، چەند پاڕایەوە کە نەهێڵێت ئەوە ڕوو بدات، بەڵام دایکی لە هەموو کات ئارامتر و پشوودرێژتر بوو، لە هەموو کات زمانی شیرینتر بوو، پێی دەگوت کە ئەو کارەی ئەو دەیکرد چەندە گرنگ بوو، چەندە پیرۆز بوو، چونکە هەموویانی لە برسێتی و نەبوونی ڕزگار دەکرد، هەردوو خوشکەکەی کە لە خوێندن زۆر زیرەک بوون، بە هۆی ئەمەوە دەیانتوانی بەردەوام بن لە خوێندن و ژیانیان وەکو ئەمی لێ نەیەت. ئا لەوێدا بوو، لەو خاڵەدا بوو دایکی بردیەوە، چونکە لەو کاتەدا وێنەی لانە و شێنێی خوشکی هاتنە بەرچاو کە بە قردێلە سپییەکانی قژیان و جانتاکانی کۆڵیانەوە دەچوون بۆ قوتابخانە، یان ئەو کاتەی بەڕاکردن بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە و بە ڕوومەتی سوورهەڵگەڕاو و هەناسەی سوارەوە نمرە بەرزەکانیان نیشانی ئەم دەدا، نا، نەیدەتوانی هەموو ئەوەیان لێ بسەنێتەوە، نەیدەتوانی ڕێگە بدات ئەوانیش وەک ئەمیان بەسەر بێت، بۆیە بە خۆی گوت، "تازە من زۆر شتی دیکەم لەدەست داوە، با ئەمەشیانی لەسەر بێت، گرنگ ئەوەیە ئەوانیش وەک من هەموو خەونەکانیان لەدەست نەدەن."
ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانییەوە دایکی خەریکی بوو و ئامادەی دەکرد، جۆرە شامپۆ و سابوونی وای بۆ بەکار هێنا کە پێشتر هەرگیز بەکاری نەهێنابوون، هەروەها ئەوەندەی سپیاوی لە دەموچاوی هەڵسوو تا وەک بووکێکی گەچی لێ هات، ئینجا چاوی بۆ ڕەش کرد و سەرکوڵمی بۆ پەمەیی کرد و سوراوێکی سووری لەلێوی دا.
شەو کاتژمێر دە، ئۆتومبێلی هەمان پیاو لە هەمان شوێندا وەستا، پیاوەکە زەرفێک پارەی دا بە دایکی و گوتی، "ها ئەمە

نیوەی پارەکە." ئەمیش بێ ئەوەی هیچ بڵێت و لە کاتێکدا دایکی خەریکی ژماردنی پارەکە بوو، بە دەستێکی لەرزیو دەرگای دواوەی ئۆتومبێلەکەی کردەوە و دانیشت.

ئێستا هەموو ئەو شەوە وەک خەوێکی ناخۆش وایە، وردەکارییەکانی هیچ بیر نەماوە، مێشکی هەموویانی لە شوێنێکی وا قووڵدا ناشتووە، هەرچەند بیەوێت بیریان لێ بکاتەوە یەکسەر توانای بیرکردنەوە لەدەست دەدات، بەڵام لە خەوەکانیدا وردەکارییەکان دەگەڕێنەوە، ئەو ماڵە تاریکە چۆڵە، ئەو مەشروبەی بە زۆر کابرا دەرخواردی دابوو، ئەو فیلمە ڕووتەی بە ڤیدیۆ بۆی لێ دابوو، بۆنی هەناسەکانی کە بۆنی سیر و کهولی لێ دەهات، هەناسە قورسەکانی لەسەر مل و شانی، قورساییی جەستە و ورگی شل و قەڵەوی لەسەر جەستەی لاواز و ناکامڵی ئەم، پاشان ئەو هەموو ئازارە، ئەو هەموو گریان و هاوارە پڕ بێدەسەڵاتییە، ئەو ساتەی یەک تۆزی مابوو دەست بداتە چەقۆی سەر مێزەکە و پیاوەکە و خۆشی بکوژێت، بەڵام نەیوێرابوو چونکە زۆر ترسابوو و هەموو تەمەنی خۆی بە تاوانبار دەزانی کە ئەوەی نەکردبوو. هەر هەموو ئەمانەی بە خەو دەبینی، زۆر جار لە خەونەکانیدا سیناریۆکە دەگۆڕا، کارەکتەرەکە دەگۆڕا، شوێنەکە، زۆر جاریش پیاوەکەی دەکوشت، هەزار چەقۆی لێ دەدا و پڕ بەدەنگی هاواری دەکرد تا لە هاواری خۆی بەخەبەر دەهات.

دواتر شەوێکی زۆر درەنگ پیاوەکە گەڕاندبوویەوە هەمان شوێن، زەرفێکی دیکە پارەی بە دایکی دابوو و گوتبووی، "ئەمە نیوەی دووەمی پارەکە." دایکیشی یارمەتی ئەمی دابوو لە ئۆتومبێلەکە دابەزێت و خێرا تاکسییەکی گرتبوو و لەوسەریش چووبووە ژێر باڵی و بردبوویە ژوورەوە، لە ژووریشەوە یەکسەر بۆ حەمام، جوان بیری نایەت چی ڕووی دابوو، لەوە گێژتر و هیلاکتر بووبوو بیری بمێنێت، بەڵام بیریەتی دایکی بەدەم گریانەوە ئەمی شتبوو، هەزار دوعا و جنێو و کفری کردبوو،

هەزار ماچی ناوچەوان و سەر و تەنانەت قاچی کردبوو، دواتر بیریەتی بەیانی لەناو جێگاکەی خۆیدا خەبەری بووبووەوە، سەری و هەموو گیانی ئێشابوو، دایکی نانێکی بەیانی شاهانەی بۆ هێنابوو، بەڵام ئەم هیچی پێ نەخورابوو، چەند ڕۆژ دوای ئەوەش بێهێز و نەخۆش بووبوو، پاشان گەڕابووەوە سەر شەقام و دوای هەفتەیەک کڕیارێکی دیکە هاتبوو، ئینجا هیی تر و هیی تر، تا ئیدی نەیتوانیبوو بیانژمێرێت، تا ئیدی فێر بوو چۆن خۆی دابڕێنێت لەوەی دەگوزەرا، چۆن مێشکی بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵ بکات تا هەمووی تێدەپەڕی، فێر بووبوو بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێت و هەڵبێت، لە کەسەکان، لە ڕوخسارییان، لە بۆنیان، جەستەی ناشیرین و قێزەونیان، لەو شوێنانەی بۆی دەچوون، ناو سەیارە، ماڵی سارد و چۆڵ، شوێنی ئیش، ناو دار و درەخت، هەر کەسە و بەگوێرەی پارە و پلە و پایەکەی، هەندێکیان ئەڵقەی هاوسەرگیرییان لە دەستدا دەبوو، هەندێکیان وێنەی منداڵ یان نەوەکەیان لەسەر شاشەی مۆبایلیان بوو، چەند قێزەون و هەندێک جار لە سووکیاندا مایەی بەزەیی بوون!

سەخترین شت ئەوە بوو نەیدەزانی لۆمەی کێ بکات، کێ بە تاوانبار دابنێت؟ باوکی کە ئەمانی هێنابووە دونیا و پاشان جێی هێشتبوون؟ یان دایکی کە ئەمی هێنایە ئەو جیهانەوە؟ یان خۆی کە بەو دۆخە ڕازی بوو؟ یان کڕیارەکان؟ دە با کڕیارەکان کە بۆ جارێکیش کەسێکیان دڵی بە منداڵی و لاوازیی ئەم نەسووتابوو، یەکێکیان بیگوتایە، "خوشکم، ئەمەم ناوێت، زۆر منداڵە، گوناحە!" چی دەبوو ئەگەر یەکێکیان میهرەبانییەکی بنواندایە و کە جەستەی منداڵ و ناکامڵی ئەمی دەدی دەستی بۆ نەبردایە و شتێک پارەی پێ بدایە و لێی بگەڕایە بڕوات؟ چی دەبوو ئەگەر لەو هەموو کەسەی کە زۆر باش دەیانزانی دایکی چ کارێک بەم دەکات، بهاتنایە و لەو ژیانە ڕزگاریان بکردایە؟ بیانگوتایە، "ها، دادە، ئێمە مانگانە یارمەتیتان دەدەین، بەڵام ئیتر ئەو ئیشە بەو کچە مەکە." چی دەبوو چی؟

لەو خەیاڵانەدا بوو، ترافیکەکە وەستا، لە چکەکەی توند کرد و چووە بەردەم یەکەم ئوتومبێل و گوتی، "مامە، کلینێکس ناکڕیت؟" کچێکی منداڵ بە جلی قوتابخانەوە لەتەنیشت پیاوەکەوە دانیشتبوو، کە چاوی کەوتە سەر چاوی ئەم، زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، هەر ڕێک لە فریشتە دەچوو. پیاوەکە بە لایەکی چاو سەیری منداڵەکەی کرد و لەژێر لێوەوە گوتی، "نا، کلینێکسم ناوێت، شتێکی ترم دەوێت، کەی بێمەوە بۆی؟" ئەم چاوی هەر لەسەر منداڵەکە بوو کە بێئاگایانە یاری بە قردێلە نیلییەکەی پرچە درێژەکەی دەکرد، پاشان بە نیگایەکی پڕ لە ڕقەوە سەیری پیاوەکەی کرد و بێ ئەوەی هیچ بڵێت، جێی هێشت و چوو بۆ لای ئوتومبێلێکی دیکە، ئەگەر ئەمشەو نان نەبووە بیخۆن، خیانەت لەو زەردەخەنە پاکەی ئەو منداڵە ناکات.

## ئازادتر

نەکەوتمە داوی خۆشەویستییەوە

بە هەنگاوی ڕێک بەرەو لای ڕۆیشتم

چاوەکانم تەواو کراوە بوون

من لە خۆشەویستیدا وەستاوم

نەکەوتووم

بە تەواوی ویستی خۆم

تۆم دەوێت

**- غادە سەمان**

"ناتوانم بەبێ تۆ بژیم." درۆیەکی جوانە عاشقان بە یەکی دەڵێن، بەڵام درۆ بێت زۆر باشترە لەوەی ڕاست بێت، چونکە ئەوە خۆشەویستی نییە، کۆیلایەتییە! خۆشەویستییەک وابەستەی خۆیت بکات، گیرۆدەت بکات و لە خۆتت بسەنێتەوە و وات لێ بکات لەنێوان خۆشەویستەکەتدا و شتە زۆر گرنگەکانی ژیانتدا هەڵبژێریت، خۆشەویستییەک لەبریی ئەوەی ئازادترت بکات و ڕێگەت بدات بەرزتر بفڕیت، سنووری زیاترت بۆ بکێشێت و باڵەکانت لێ بسەنێتەوە، خۆشەویستییەک لەبریی ئەوەی زیاتر بە خۆتت بناسێنێت بە خۆتت نامۆتر بکات، خۆشەیستییەک لەبریی ئەوەی لە ناخەوە دەوڵەمەندترت بکات، ئەوەی هەشتبووە لێت

بسەنێت، بەکورتی خۆشەویستییەک هێندە ژیان و بوونت داگیر بکات کە بێ ئەو نەتوانیت بەرگەی ژیان بگریت و مەرگت لەلا شیرین بکات، کۆت و بەندە و دەبێت تا زووە لێی هەڵبێیت!

هەموو خۆشەویستییەک سەرەتا بەبێ ویستی خۆمان دەست پێ دەکات، بێ ئەوەی بزانین چۆن و کەی، عاشقی کەسێک دەبین، ئەو کەسەش هەموو ساتێکی بەخەبەربوونمان و تانانەت خەونەکانیشمان داگیر دەکات، وامان لێ دێت لەم ژیانەدا لەو زیاتر گوێ بە هیچ و کەسی دیکە نەدەین و تەواو ئەقڵ و هۆشمان بە دڵمان ببەخشین، بەڵام لە کۆتاییدا، دەبێت هەموو خۆشەویستییەک لە قۆناغێکی دواتردا ببێت بە بژاردەیەک کە بە تەواوی ویستی خۆت بڕیاری لەسەر بدەیت، ئەگەر نا، ئەو خۆشەویستییە دەمرێت یان دەبێت بە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە و ستەملێکردن، چونکە ئەو قۆناغە شێتانەیە تا سەر نییە، وەک نەخۆشییەک وایە و تێی دەپەڕێنیت، ئەمەش شتێکی خراپ نییە، بەڵکو زۆر باشە، چونکە ئەوەی سەرەتا شتێکی تەندروست نییە و مرۆڤ بەرگە ناگرێت هەر بەو شێوەیە تا سەر بەردەوام بێت، بۆیە دواتر خۆشەویستییەکە دەبێت بە بژاردە، شتێک کە بە تەواوی قەناعەتەوە هەڵی دەبژێریت، لە ڕاستیدا، لە پەیوەندییە درێژخایەنەکانی وەک هاوسەرگیریدا، خۆشەویستی شتێکە کە هەموو ڕۆژ دەبێت بە ویستی خۆت هەڵی بژێریت، ئەوە هەڵبژێریت کە ڕۆتینەکانت خۆش بوێت و لەلات سەرچاوەی ئارامی بن، چاو لە شتە خراپ و بێزارکەرەکان بپۆشیت و بۆ شتە باش و دڵخۆشکەرەکان بگەڕێیت، یان لەوپەڕی ڕق و تووڕەییدا لە یادەوەریتدا بۆ ساتە پڕ سۆز و خۆشەویستییەکان بگەڕێیت و وەک بەلەمێکی فریاکەوتن پێیان بپەڕیتەوە بۆ کەنارێکی ئارام، ئەوە هەڵبژێریت کە مرۆڤبوونی ئەو و فریشتەنەبوونی خۆتت لەیاد بێت، یان بەکورتی لەگەڵ ئەوەی دەزانیت دەرگاکە هەمیشە

کراوەیە، بە ویستی خۆت مانەوە هەڵبژێریت، نەک لەبەر ئەوەی ناتوانیت بێ ئەو بژیت، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەتەوێت لەگەڵ ئەو بژیت، ئەمەیان ئازادی ڕەهایە لە خۆشەویستیدا و تەنیا ئەم جۆرە بەرگەی زەبری گەورەی ڕۆژگار دەگرێت.

٢٠١٨/٠٨/١٠

Scanned with CamScanner

## نەخۆشی

ڕۆژێک دێت و سەیری وێنە کۆنەکانت دەکەیت و دەڵێیت، "ئای، سەیر بکەن! چەند باریک و جوانم! ئاخ، خۆزگە ئاوام لێ دەهاتەوە!" بەڵام لەو ساتەدا لەبیرت نابێت کە ئەوساش چەند جەستەت لا ناڕێک و ناشیرین بووە و چۆن هەمیشە لە خەیاڵی ئەوە بوویت کامە ڕێجیم، یان وەرزش یان حەب و داهێنانی نوێ تاقی بکەیتەوە بۆ ئەوەی باشتر کێشت دابەزێت و چەند جار لە بەردەم ئاوێنەدا نوقورچت لە گۆشت و چەورییە زیادەکانی لەشت گرتووە و گوتووتە، "ئاخ، بەس ئەمانەم نەمانایە، لەشولارم زۆر جوان دەبوو!"

ڕۆژێک دێت و دەڵێیت، "بزانە لەو وێنەیەدا پێستم چەند ساف و ڕوونە! چەند گەنج و جوانم! سەد خۆزگەم بەو کاتە! خۆزگە دەگەڕایەوە!" لە کاتێکدا ئێستا هەر هەمان ئەو پێست و دەموچاوەیە کە لێی بێزاریت و لات ناشیرنە و بە چەند چین پاودەر و فاوندەیشن دای دەپۆشیت و هەزار جۆر ماسک و کرێمی لێ دەدەیت و لەلای ئەم دکتۆر و ئەو دکتۆر دەرزی بۆتۆکس و فیلەری لێ دەدەیت و چەندین شتی دیکەی لێ دەکەیت. لە ڕاستیدا، ئەگەر جوان بیری لێ بکەیتەوە و تۆزێک بگەڕێیتەوە دواوە، کەم تا زۆر هیچ کاتێکی تەمەنت نەبووە کە تەواو لە خۆت و ڕوخسار و لەشولارت ڕازی بوو بیت، هەمیشە شتێک لە خۆتدا هەبووە کە بە دڵت نەبووبێت و ویستبێتت بیگۆڕیت و وەک هیی ئەوسا یان هیی فلانی لێ بکەیت، بێگومان ئەو فلانەش کەسێک هەیە کە دەیەوێت وەک ئەوی

لێ بێت، بەڵام ئەمە کۆتایی نایەت و کاتێک دەزانیت ئەمەن تێپەڕیوە و تۆش ڕۆژێک نەبووە بە ڕاستی خۆتت لا جوان بوو بێت بەلەخۆڕازیبوونەوە لەئاوێنەدا تەماشای خۆتت کردبێت و زەردەخەنەیەکی پڕ شانازیی و خۆشەویستیت بە خۆت بەخشیبێت. بۆیە بەسە، ئەم ستەمە تا کەی؟ هەر لە ئێستاوە بڕیارێک بدە، بڕیار بدە ئەم جارە کە چوویتە بەردەم ئاوێنەکە لە دڵەوە و بە دەنگی بەرز و لەکاتێکدا سەیری ناو چاوی خۆت دەکەیت بە خۆت بڵێت، "تۆ زۆر جوانیت، من زۆر لە تۆ ڕازیم و دڵم پێت خۆشە، زۆر سوپاس کە هەیت و هیی منیت و زۆرم خۆش دەوێیت." ڕەنگە ئەوانەی دەتبینن بە شێتت تێبگەن، بەڵام گرنگ نییە، چونکە لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم هەنگاوی ئاڵبوون و چاکبوونەوەیە لە نەخۆشییەک کە دەشێت هەموو تەمەنت بەبا بدات!

## بۆ خۆتان جوان نییە!

چالاکوانێکی بواری ژنان، دەمی سووتابوو و باسی ئەوەی کردبوو چۆن لەگەڵ ئەوەشدا کە باڵاپۆشە، زۆر جار لە شوێنە گشتییەکان تانەی لێ دەدرێت و چەند جارێکیش تووشی گێچەڵی سێکسی بووە، ژنە چالاکوانەکە گوتبووی کە بابەتی تانەلێدان و گێچەڵی سێکسی پەیوەندیی بە جلوبەرگەوە نییە و تەنانەت ژنە باڵاپۆش و نیقاب لەبەرەکانیش تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن.

وەک چاوەڕوان کراوە، ژمارەیەکی زۆر نێرینە – وشەی پیاو شایەنی هەموو نێرینەیەک نییە – هێرشیان کردبووە سەر ئەو خانەمە و باسی ئەوەیان کردبوو کە مەحاڵە تانە لە کچی باڵاپۆش بدرێت و گیچەڵیان پێ بکرێت و ئەو ژنانەی باڵاپۆش یان نیقاب لەبەرن، کە پیاو دەیانبینێت یەکسەر لە ئاستیاندا شەرم دای دەگرێت و ناوێرێت سەیریشیان بکات، بێگومان کێشەکە ئەوە نییە کە ئەم شتە تا چەند دوورە لە ڕاستییەوە، خۆ هەموومان وێنە و ڤیدیۆی گێچەڵی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەر ژنی باڵاپۆش و نیقاب لەبەرمان لە میسر و سعودییە بینیوە، کێشەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمە ڕاست بێت و بە ڕاستی پیاوان گێچەڵ بە ژنی باڵاپۆش نەکەن و تانەیان لێ نەدەن، بەڵام بە ژنی ئاسایی یان ئەو ژنانەی بکەن کە جلەکانیان بەپێی بیری باو ڕووتن، ئەوە کارەساتە، لەوە کارەساتتریش ئەو ژمارە زۆرە پیاوەیە کە بەرگری و دەستخۆشی لەو بیرۆکەیە دەکەن و بۆ ئەو کەسانەیان نووسیوە، "زۆر ڕاستە براکەم، ئەوە قسەی هەقە!" چونکە ئەگەر بۆ چەند خولەکێک بیر لە بیرۆکەی پشت ئەم قسەیە بکەیتەوە،



Scanned with CamScanner

شتێکت بۆ دەر دەکەوێت کە زۆر خراپ لەسەر ڕەگەزی نێر دەکەوێت، بە جۆرێک من پیاو بم و ئەو قسەیەم لە بەردەمدا بکرێت، بە سووکایەتییەکی گەورەی دادەنێم، دەزانن بۆ؟ چونکە ئەو قسەیە تەنیا یەک لێکدانەوەی دروستی هەیە ئەویش ئەوەیە خەڵکی بە گشتی لە ڕێی ئەوە قسەیەوە بە ناڕاستەوخۆ دەڵێن کە پیاو وەک ئاژەڵ وایە و کۆنترۆڵی غەریزەکانی خۆی پێ ناکرێت و وەک چۆن سەگ یان پشیلە هەر گۆشت ببینێت پەلاماری دەدات، ئەمانیش هەر کچێکی ڕووت ببینن تانەی لێ دەدەن و گێچەڵی پێ دەکەن و دەستدرێژیی دەکەنە سەر، بۆیە چۆن گۆشت لە سەگ دەشاردرێتەوە، بۆ خۆپاراستن لەو کێشانە، دەبێت جەستەی ژنیش تەواو لە پیاو بشاردرێتەوە، چونکە بەو قسەیە بێت پیاو هەمووی ئەقڵی لە ناوگەڵیدایە و ناتوانن بە مێشک بیر بکەنەوە و ڕاست و هەڵە لێک جیا بکەنەوە، بە پێچەوانەوەشەوە، لەم هاوکێشەیەدا ژن بوونەوەرە ئاقڵەکەیە و دەبێت ئەو خۆی لە پیاوان بپارێزێت نەک ئەوان فێری ڕەوشت و ڕاست و هەڵە بن - ئەی پشیلەیەک چۆن تێبگات هەڵەیە لە خۆیەوە پەلاماری گۆشت بدات؟ وا بزانم ئێستا ڕوونە ئەو قسەیە چەند عەیبە! هەر بۆ ڕەگەزی پیاو شوورەییە قبووڵی بکات، چونکە بە قبووڵکردنی ئەوە تۆ دەڵێیت، بەڵی من وەک مێش وام، ئەگەر شیرینی سەردانەپۆشراو ببینم، داوەت کرابم بۆی یان نا، لێی دەئاڵێم و پێوەی دەنیشمەوە، بەڵام ئایا هەر بە ڕاست پیاو وایە؟ ئەگەر وایە، ئەوە با ئێمە ئیتر داوای یەکسانیی نێوان ژن و پیاو نەکەین، چونکە بەمەدا بۆمان دەر کەوت کە ژن مرۆڤێکی ئاقڵتر و باڵاترە لە پیاو، ئەگەر واش نییە، کەواتە لەمەودوا ڕێ بە کەس مەدەن ئەو قسەیە بکات، چونکە بۆ خۆتان جوان نییە!

٢٠١٨/٠٨/١٤

# بۆشایی

کات بەیانییە، ڕێکەوت، ساڵێک و سێ مانگ و پێنج ڕۆژ بەسەر لەدەستدانی تۆدا، بە ئازایەتییەک کە چەند خولەک لە مێشکمدا هێناومە و بردوومە، لە جێگەکەم ڕادەپەڕم، بەجوانی جێگەکە وەک خۆی ڕێک دەکەمەوە، چونکە نامەوێت شەو کە هاتم بخەوم شێواویی جێگەکە شێواویی خۆمم بەبیر بهێنێتەوە، هیچ نەبێت با ئەو یەک شتە لە جێی خۆی بێت!

بەلای ئەو ژوورەدا تێدەپەڕم کە شتی زیادەی تێدا هەڵدەگرین، ئەگەر تۆ بمایتایە، ئێستا ژووری تۆ دەبوو، بەڵام ئەگەر تۆ بمایتایە، هەر لە بنەڕەتدا نەدەهاتینە ئەم ماڵە نوێیەوە و ژووره خنجیلانە جوانەکەی خۆت، بە وێنەی هەورە سپییەکانی سەر دیوارە شینەکە و پەردە زەردەکانی کە وێنەی کەشتی و بەلەمیان لەسەر بوو، وەک خۆی دەمایەوە. جاری وایە پێکەنینم پێیان دێ، بەوانەی چواردەورم، ئەوانەی بێئاگان لە حاڵی دڵی من، کە دڵی تۆشە، ماڵیان پێ گۆڕیم و هەموو شتەکانی تۆیان پێ کردم بە خێر بۆ ئەوەی لە ئازاری ڕابردوو بمپارێزن، بەڵام، ئەی ئازاری داهاتوو؟ کێ لە ئازاری داهاتوو دەمانپارێزێت؟ داهاتوویەک کە تۆی تێدا نابیت، لەو هەموو ئەگەرانەی ئیدی نایەنە دی؟ لە ئازاری هەموو ئەوەی دەکرا ببێت، بەڵام هەرگیز نابێت؟ لەو یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیەی هەرگیز ناتبەم بۆی، لەو پارک و سەیرانگا و باخچانەی هەرگیز نایانبینیت؟ لەو یەکەم خۆشەویستەی هەرگیز بۆم باس ناکەیت؟ لەو ئاهەنگی دەرچوون لە زانکۆیەی نایەم و لە تەنیشتتەوە وێنەیەکت لەگەڵدا

بگرم و لەو فرمێسکانەی لە هەستکردن بە شانازیدا نایانڕێژم؟ ئەی ڕۆژی هاوسەرگیریت؟ ئەی یەکەم نەوەم کە هەرگیز نایگرمە باوەش؟ چی لەو داهاتووە بکەم کە تۆی تێدا نابیت، چی؟ هەموو باسی ڕابردوو دەکەن، باسی ئازاری شتێک کە لەدەست چووە، ئەی ئازاری ئەوەی هەرگیز نایەت چی؟

کەس باسی ئەوەی بۆ نەکردووم لەدەستدانی منداڵێک ڕێک چۆنە، وشەی "جەرگسووتان" بۆ لەدەستدانی منداڵ بەکار دێت، بەڵام ئەی لەدەستدانی دایکایەتی، ئەی ئەوە چی پێ دەگوترێت؟ ناوی ئەوە چییە کاتێک تا سەرئێسقان دایکم و سۆزی دایکایەتیم هەیە، بەڵام بەبێ منداڵێک، بە بێ تویەک، کە پێی ببەخشم؟ ئەو بۆشاییە چی پێ دەگوترێت کە لە هەموو بوونمدا جێت هێشتووە؟ ناوی چییە؟ ئەو کەرتە گەورەیەی کە لە دڵم بووەتەوە؟ ئەو نیوە دڵەی دەمێنێتەوە، ئەویش هەر دڵە یان ئیدی دڵ نییە؟ ئەی ئەو خامۆشییە چییە، کاتێک دەبینم هەموو جیهان لە جووڵەی خۆی بەردەوامە، بەڵام هێی من لەگەڵ وەستانی لێدانی دڵی تۆدا ئیدی نەکەوتووەتەوە جووڵە؟ ئەو ڕق و تووڕەیی و هەستکردن بەوەی زۆر خراپ پشتم تێ کراوە و لە بنا قوڵیان بڕیوم کاتێک دەبینم ژیان نامەردانە وەک خۆی بەردەوامە و وەک خۆی هەڵپەیەتی و وەک خۆی هێشتا شیرین و جوانە؟ هەموو ئەمانە چین؟ کەس پێم ناڵێت، کەس باسیان ناکات، کەس باسی یەکەم ساڵ ناکات چۆن وەک ئەوە وایە بەدەم خەوەوە بڕۆم، خەوێکی ناخۆش کە ناتوانم لێی بەخەبەر بێمەوە، چۆن ژیانم وەک فیلمێک بۆم لێ دەدرێت و ناتوانم بیوەستێنم، چۆن هەموو شتێک ئازارم دەدات، کەسەکان، وشەکان، شوێنەکان، خواردنەکان، ڕەنگەکان و بۆنەکان، هەموو شتێکیان لە تۆ تێدایە، تەواوی بوون شتێکی تێدایە تۆم بهێنێتەوە یاد و ئازارم بدات، تەنانەت هەناسەدانیش، چونکە کە هەناسەم دا مانای وایە زیندووم، بەڵام چۆن دەبێت من زیندوو بم و تۆ نا؟ چۆن دەبێت تۆ نەمابیت و من هێشتا هەبم؟ ئەوە ع

دادپەروەرییەکە؟ کەس باسی ئەمانەی بۆ نەکردووم، باسی ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە، ئەو ونییە، ئەو تەنیاییە قەرەباڵغە کە ئازاربەخشترین جۆری تەنیاییە، چونکە تەنیا لە ناخی خۆمدایە ئەمیش، چونکە هەموو خۆیان لەو بابەتانە دەدزنەوە کە تۆیان بەبیر دەهێنێتەوە، نازانن کە بۆ من چەند گرنگە تۆ لەبیر نەکرێت، کاتێک کە تۆم بیر دەکەوێتەوە، دەمەوێت ئەوانیش لەگەڵمدا تۆیان بیر بکەوێتەوە، ئەوانیش یادەوەریی خۆیان باس بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بم کە تۆ لەبیر نەکراویت، دڵنیا بم کە تۆ تەنیا ئازارێک نییت لە دڵی مندا، تۆ مرۆڤێک بوویت لە گۆشت و خوێن و ژیانێکت هەبووە، شتێک لە خۆتت جێ هێشتووە.

هەموو هەوڵ دەدەن "چاک"م بکەنەوە، بەڵام چاک نابمەوە، هەندێک لەدەستدان بۆ هەمیشە دەمانگۆڕن و ناتوانین لێیانەوە بگەڕێینەوە خاڵێکی سەرەتاتر، ئیدی ئەو کەسە نابین کە پێشتر هەبووین، ئەوە مەحاڵە، بۆ ئەو دایکەش کە منداڵێکی لەدەست دەدات هەمان شتە، لەگەڵ مەرگی ڕۆڵەکانماندا ئێمەی جارانیش دەمرین و ڕێی گەڕانەوەمان نابێت، ئیدی دەبێت چواردەورەکەمان ئەم کەسە نوێیە قبوڵ بکەن.

نازانم لەدەستدانی تۆ ناو بنێم چی و چۆن وەک میوانێکی ڕەزاتاڵ لەگەڵیدا هەڵکەم؟ یان ئایا پێویستە لەگەڵیدا هەڵکەم؟ لە ژیانمدا زۆر شتم لەدەست داوە و هەمیشە گوتوومە ئێمە زۆر جار شتێک لەدەست دەدەین بۆ ئەوەی جێگەکەی چۆڵ بێت بۆ شتێکی گرنگتر و باشتر، بەڵام ئێستا دەزانم هەندێک جار شتێک لەدەست دەدەین کە بۆشاییەکی هێندە فراوان جێ دەهێڵێت، کە پێمان وا نییە هیچ شتێک هەبێت جێی بگرێتەوە، بەڵام پێم وا بێت ئەو بۆشاییە گەورەیە بۆ خۆمان کراوەتەوە، ئەوە دەرفەتێکە کە زیاتر لە خۆماندا قووڵ ببینەوە و خۆمان و تواناکانمان بناسین و ڕەنگە پێویست بکات چاو بەتەواوی ژیانماندا بخشێنینەوە، بۆیە هەرگیز نابێت مرۆڤ بهێڵێت ئەو بۆشاییە گەورانە بەسەریدا تێپەڕن و بێهوودە هەوڵ بدات بە شتی پووچ پڕیان بکاتەوە، پێم

Scanned with CamScanner

وا بێت ئەو جۆرە بۆشاییانە تەنیا بە خوودناسی پڕ دەبنەوە، تەنیا ناسینی خۆت بۆشایی هێندە گەورەی پێویستە، بۆشایی دوای جەرگسووتانیش گەورەترین بۆشاییە، منیش وا ئێستا خۆم و ئەم بۆشاییە زەبەلاحە ماوینەتەوە، دەبێت جێی خۆمی تێدا بکەمەوە، بزانم من کێم، من ئەگەر دایک نەبم ئەی چیم؟ ئەگەر دایکی تۆ نەبم ئەی کێم؟ بۆ هەم؟ چی دەکەم؟ بۆچی باشم؟ دەبێت وەڵامەکان بدۆزمەوە، ڕەنگە هەرگیز نەیاندۆزمەوە، بەڵام دەبێت ئەو بۆشاییە بە گەڕان پڕ بکەمەوە، گەڕان بۆ خۆم، دەزانیت بۆ؟ چونکە شتێک پێم دەڵێت کە ئەوە تاکە ڕێگەیە دووبارە بمگەیەنێتەوە بە تۆ!

٢٠١٨/٠٨/١١

# نامۆ

لەنێوان ڕاکەڕاکی ئەرکە پیشەیی و کۆمەڵایەتی و جێندەرییەکانتدا (خۆ جوانکردن و موجامەلە و شێوازەکانی مومارەسەکردنی مێینەبوون) ئێستێک دەکەیت، وەک منداڵێک دەمێک بێت لە دایکی دابڕابێت و جار جارە و لە گەرمەی یاری و عەجولیدا خەمێکی نامۆ دای بگرێت، دڵت دەگوشرێت و هەست دەکەیت دیوارە نەبینراوەکانی زیندانی ئەم بوونە لێت نزیکتر و نزیکتر دەبنەوە و لەپڕ بیری سروشت دەکەیت، بیری بۆنی باران و پیاسەی ژێر باران و هەنگاونان بە پێی پەتی بەسەر گیای تەڕدا و پاڵکەوتن لەژێر هەتاوی بەسۆزی پاییزدا یان وەستان لە سەر چیایەکی بەرز و گوێگرتن لەو بێدەنگی و کپییەی کە جگە لە ئاوازی خوێندی باڵندەیەک و گڤەی با، هیچی دیکە نایشێوێنێت، یان تێرامان لەو دیمەنە پاک و ڕوونەی دوای باران جێ دەمێنێت، یان خۆشتنی چۆلەکەیەک لە جۆگەلەیەکدا یان خۆلێساندنەوەی ورد و پشوودرێژانەی پشیلەیەک، کە لەبەر هەتاودا خۆی هەڵخستووە، بیری هەموو ئەمانە دەکەیت و ئینجا تێدەگەیت چەند نامۆیت بەم جیهانەی دروستت کردووە، بەم زیندانەی بەدەستەکانی خۆت دیوارەکانیت بەرزتر و بەرزتر کردووەتەوە و ڕێی ماڵەوەت لەخۆت ون کردووە، خەمی دابڕان لەو ماڵە و لە ئامێزی ئەو دایکەی جگە لە سۆزی و ئەو بیرکردنە زۆرەی بۆی هەتە، ناو و ڕوخسار و هیچ شتێکی دیکەیت بیر نەماوە، بەڵام دەزانیت شتێک ونە و لە جێی خۆیدا نییە، دەزانیت ئێرە شوێنی تۆ نییە و تا قەرەباڵغتر و سەرقاڵتر و مێشک جەنجاڵتر بیت، جەرگبڕانە نامۆتر و تەنیاتریت!



Scanned with CamScanner

# فزووڵ

ده ساڵ زیاتر تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا جارجار دێتەوە خەیاڵی، ناتوانێت بڵێت بیری دەکات، چونکە بیری ناکات، چۆن بیری پەیوەندییەک دەکەیت کە بەئاستەم هەبووە و تا ئێستاش نازانێت ناوی بنێیت چی؟ چۆن بیری کەسێک دەکەیت کە هەرگیز بە ڕاستی نەتناسیوە؟ ناکرێت بیری بکات، بەڵام دەزانێت ئەگەر بیریشی بکات، تەنیا بیری وەهمێک دەکات نەک کەسێک یان پەیوەندییەکی ڕاستەقینە.

ڕاستە، کاتی خۆی، شتەکە زۆر ڕاستەقینە دەر دەکەوت، دەتگوت چیرۆکی ناو ئەفسانەکانە و ئەو کوڕەش یەکێک لەو کەسایەتییە سەرنجڕاکێش و تەلیسماوییانەی ناو هەندێک ڕۆمانی ڕۆمانسی فەنتازییە. ڕاستە، ئەوسا خۆشەویستییەکەی - ئەوەی ناوی نابوو خۆشەویستی - هێندە بەسوێ بوو، دڵی لەتلەت دەکرد، شەو خەوی لێ نەدەکەوت، ئەوەی چەند ساڵ ڕیجیم و وەرزش بۆیان نەکردبوو بە ماوەیەکی کەم بەم هەموو کەمخواردن و خەمخواردنە دەستی کەوت. بەڵام دواجار وەک دەڵێن، خۆشەویستیی کوێرانە کاتێک بینایی بۆ دەگەڕێتەوە، دەمرێت، ئەمیش لەپڕ ساتێک هات و هەموو ڕاستییەکەی بینی، بینی ئەو عەشقەی چەند ساڵ بوو لە ناخییدا گەورەی کردبوو و هەموو تەمەنی هەرزەکاری لەگەڵیدا ژیابوو تەنیا وەهمێک بوو، تەواوی چیرۆکەکە چیرۆکێک بوو کە خۆی پڕ بەدڵ حەزی دەکرد چیرۆکی لەو جۆرە بژی، بۆیە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردبوو و کردبووی بە چیرۆکی خۆی و ئەو، ئەو

ئەوەی کە تا ئەم کەمێک گەورە و جوان نەبوو بیری نەکردەوە پێی بڵێت، "خۆشم دەوێیت" و پەیوەندییی لەگەڵدا دروست بکات، ئەو ئەوەی کە چەندین ساڵ ئەم بەبێدەنگی خۆشی ویستبوو، ڕووبەڕوو نەیبینیبوو و قسەی لەگەڵدا نەکردبوو، بۆیە کە دواجار هەموو ئەمانە ڕوویان دا، سیحرەکە بەتاڵ بووەوە، بینی پەیوەندییەکی نەخۆشانە لەگەڵ کەسێکی نەخۆشدا دەژی کە تەنانەت بایی ئەوەندە مەیلی نەدەدایە وەڵامی نامەکانی بداتەوە، بینی ئەو کەسەی ئەم چەند ساڵ بوو خۆشی ویستبوو تەنیا لە خەیاڵی خۆیدا هەبوو، کوڕێک بوو ئەم خۆی بە ویستی خۆی و بە گێڕانەوەی خەڵکی و بە خوێندنەوەی ئاماژەکان دروستی کردبوو و ناو و ڕوخساری ئەمی پێ دابوو، بەڵام لە دونیای ڕاستیدا ئەو کەسە نەبوو و ئەمەی بەردەم ئەم کەسێکی دیکە بوو، کەسێکی تەواو جیاواز، کە جگە لە ئازاردان و کۆنترۆڵکردن و تاڵکردنی ژیانی هیچی دیکەی نەدەزانی.

زۆر هەوڵی دا بە زۆر هەم ئەو و هەم پەیوەندییەکە بکات بەوەی ناو خەیاڵەکانی، ماوەیەکی زۆر بە خەیاڵی ئەوەوەی کە دواجار شتەکان دەبن بەوەی ئەم دەیەوێن و دواجار ئەو دەبێت بەو کەسەی لە مێشکی خۆیدا دەیناسێت، بەو شێوەیە بەرگەی گرت و چەندین جار شەڕ و جیابوونەوە و دڵشکانی بینی، تا ڕۆژێک کە ڕەنگە هۆکارەکە کامڵبوون بووبێت یان ئەوەی بۆنی ناپاکی لێ کرد، بۆنی ئەوەی کچی دیکە لە ژیانیدا هەبوون – ئەوە خێراترین ڕێگەیە بۆ لەدەستدانی خۆشەویستی– دواجار لەو هەموو ئازار و دڵەڕاوکێ و نائومێدییە بێزار بوو و بۆ یەکەم جار شتەکانی بەڕوونی بینی، بینی ئەمە ئەو کەسە نییە و ئەو پەیوەندییەش نییە کە ئەم بیری لێ دەکردەوە، بینی ئەو خەونە شیرینەی چەند ساڵ بوو بەدوایدا ڕای دەکرد، ئێستا بووبوو بە دێوەزمەیەک کە لێی هەڵدەهات، ئیدی شتەکە وەک ڕۆژی ڕووناک ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەمە ئەو ژیانە نەبوو کە دەیویست و ئیدی نەیدەویست وا بژی، هەر ئەو ساتە بوو کە بڕیاری دا لە نزیکترین دەرفەتدا کۆتایی بە

هەموو شتێک بهێنێت، هەر واشی کرد، لە دەمەقاڵێی داهاتوودا – کە هەمیشە هیی ئەوان هەڕەشەی جیابوونەوەی لەگەڵدا بوو – گوتی "باشە، ڕاست دەکەیت، ئێمە ناگونجێین و جیا دەبینەوە." ئەوەش سەرەتای ئازادی بوو، ڕزگاربوون بوو لە بارێکی زۆر قورس کە دەمێک بوو شانی لەژێریدا داخزابوو، ئیدی هەموو شتێک تەواو بوو، ئەو غەڵبەغەڵب و هەرایەی ناو سەری خامۆش بوو، چ تامێکی هەبوو ئەو ئازادییە، ئازادبوون لە وەهم و گەیشتن بە حەقیقەت!

ئەی بۆ هێشتا هەندێک جار فزوڵی دەیگرێت هەواڵی بزانێت؟ سەیری لاپەڕە تایبەتەکەی لە فەیسبووک دەکات و بەدوای ئاماژەیەکدا دەگەڕێت؟ ئایا تەنیا بۆ ڕازیکردنی غروری مێینەیەتی، کە دڵنیا بێتەوە لەوەی ڕۆژێک کەسێک ئەمی بە ڕاست خۆش ویستووە، یان لەبەر ئەوەیە تا ئێستاش نازانێت ئەوەی هەیانبوو چی بوو؟ ناوی چی بوو؟ هەر بە ڕاست هەرگیز ئەو کوڕە ئەمی خۆش ویستبوو؟ هەر بە ڕاست ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمی بە جیاواز لە هەموو کچەکانی دیکە بینیبوو و ویستبووی بیکات بە هاوسەری خۆی؟ هەر بە ڕاست ئەو کوڕە کەسێکی درۆزن و نەخۆش و هیچ بوو، یان ئەم لێی تێنەگەیشتبوو؟ پرسیاری وەڵامنەدراوە ئەو جۆرە فزوڵیانە دروست دەکەن، بەڵام دواجار خۆشی دەیزانی گەڕانەکەی بەدوای وەڵامدا بێهوودە بوو، ئەو لەوە خۆبەزلزان و کەللەڕەقتر بوو هەرگیز ڕاستییەکە بدرکێنێت و هیچ ئاماژەیەک جێ بهێڵێت. هەرچۆنێک بێت، هەمیشە کاتێک لە فەیسبوکەکەیدا دەیبینی وا تەمەنی هەڵکشاوە و هێشتا هاوسەرگیریی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەم دەمێک ساڵ بوو هاوسەرگیریی بە کەسێک کردبوو، کە بە ڕاستی خۆشی دەویست و دوو منداڵیشیان هەبوو، دڵنیا دەبووەوە لەوەی پەیوەندییەکەیان و ئەوەی نێوانیان هەرچییەک بووبێت، لایەنە دۆڕاوەکە ئەم نەبوو!

٢٠١٨/٠٨/١٨

# بەهرە

دەیانشکێنیت،
ئەو شتانەی بە من چاک نابنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد دەشکێن،
دەیانشێوێنیت،
ئەو جوانییانەی بە من جوان نابنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد دەشێوێن،
زەوتیان دەکەیت،
ئەو خۆشییانەی دووبارە نابنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد زەوت دەکرێن،
لەباریان دەبەیت،
ئەو ئومێدانەی دروست نابنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد لەبار دەچن،
ژێر پێیان دەنێیت،
ئەو بەڵێنانەی نوێ ناکرێنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد لەژێر پێدا شەرمەزار دەمێننەوە،
بێمنەتیان دەکەیت،
ئەو دیارییانەی ناگەڕێندرێنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد دەبەخشرێن،
ونیان دەکەیت،
ئەو ڕێگایانەی جارێکی دی نادۆزرێنەوە،
ئەوانەی یەک جار بۆ ئەبەد ون دەکرێن و بۆیان ناگەڕێینەوە،
هەموو ئەوەی ویرانی دەکەیت ئەبەدییە،



Scanned with CamScanner

چ بەهرەیەکی ترسناکە!
وێرانکردنی ژیانێک،
تەمەنێک،
ئایندەیەک،
مرۆڤێک،
بوونێک،
منێک!
چ بەهرەیەکی نامەردانەیە!

٢٠١٨/٠٨/٢٤

Scanned with CamScanner

# هەڵە گەورەکە

"کێشەکە ئەوەیە، ژنان وا دەزانن پیاوان دەگۆڕێن، بەڵام ناگۆڕێن، هەڵەی پیاوانیش ئەوەیە وا دەزانن ژنان هەرگیز جێیان ناهێڵن، بەڵام جێیان دەهێڵن"

**- نووسەرەکەی نەزانراوە**

لەدەستت دا، مەگەر وات زانیبوو بۆ ئەبەد هیی تۆ دەبوو؟ بۆ وات زانیبوو هەموو جیهان و گەردوون لە جووڵە و گۆڕاندان ئەو نەبێت؟ بۆ وات زانیبوو ئیش و پارە و ناوبانگ و پلە و پایە و هەموو ئەوانەی ڕۆژ تا ئێوارە بەدوایاندا ڕات دەکرد، ڕایان دەکرد، ئەو نەبێت؟ هەڵەت کرد، کۆنترین هەڵەی پیاوانت کرد کاتێک وات زانی هەرچییەک ببێت و هەرچۆنێک بێت، ئەو هەمیشە دەمێنێتەوە و هەرگیز ناڕوات، ئاخر کێشەی پیاوان ئەوەیە مانەوەی ژنان و چاوەڕوانکردنیان هێندە لا شتێکی سروشتی و ئاساییە، هەرگیز بەهەند وەری ناگرن، وەک چۆن مرۆڤ هەناسەدان بەهەند وەر ناگرێت تا ئەو کاتەی خەریکە دەخنکێت، تۆش پێت وا بوو کاتێک هەموو ڕۆژێک هەموو قسەکردن، سوعبەتکردن، پێکەنین، زەردەخەنەکانت، توانای گوێگرتن، سەرنجدان، دڵراگرتن و وشە جوان و نەرمەکانت لە دەرەوە و بۆ ئەوانی دی کار دەکرد و خۆتووڕەکردن، ڕووگرژکردن، قسەی ڕەق، گوێنەگرتن و بێدەنگییەکەت بۆ ئەم هەڵدەگرت ئەمە ئاسایی بوو؟ ئاخر چونکە ئەوان لێیان قبوڵ



Scanned with CamScanner

نەدەکردیت بەلام ئەم دەیکرد؟ ئەوان دەرەنجان و کێشەیان بۆ دروست دەکردیت و ئەم نا؟ ئەوانت بەوانە لەدەست دەدا و ئەم نا؟ بۆ پێت وا بوو هەر جارێک بە بەڵێنێک هیوایەکت دەخستە دڵیەوە، هیوای ئەوەی کە شتەکان باشتر بن و تۆ باشتر بیت، پاشان بەڵێنەکانت نەدەبردە سەر و ئەو هیوایەت لەبار دەبرد، شتێک لە خۆشەویستیی تۆ لە دڵی ئەودا لەناو نەدەچوو؟ پێت وایە هەر جارێک لە دەمەقاڵێ و شەڕێکدا کاتێک بە هەڕەشەی کەسێک، کە لە خۆت زیاتر لە لەدەستدانت دەترسا دەیگوت، "لەمە زیاتر پێم نەماوە." کەچی تۆی ساویلکە لە هەڕەشەیەک زیاترت نەدەبینی و بە غرورە ناشیرینەکەی نێرینەیەکی شەرقییەوە بێمنەتانە پێت دەگوت، "جا کێ دەستی گرتوویت؟ دەتوانیت بڕۆیت!" شتێکت بۆ ئەبەد لەناو ئەودا نەدەشکاند؟ بۆ تۆ نازانیت ئەو بێمنەتییە چەندە کوشندەیە بۆ کەسێک کە بەویستی خۆیی و لەپێناو خۆشەویستیدا ماوەتەوە و بەرگەی زۆر شتی گرتووە؟ بەلام تۆش کەوتیتە هەمان تەڵەوە، تۆش وات زانی وازهێنان و دوورکەوتنەوە و جێهێشتن ئیشی پیاوە نەک ژن، ژنان بۆ هەتاهەتایە دەمێننەوە و دان بە خۆیاندا دەگرن و چاوەڕێ دەبن، چاوەڕێی سۆزێک، چاوەڕێی کەمێک بایەخ و خۆشەویستی و دڵڕاگرتن و نازهەڵگرتن، بە خۆیان دەڵێن ئەمڕۆ نا سبەی ئەو ڕۆژە دێت، بەو شێوەیەش تا مردن دەمێننەوە و نارۆن، بەلام لەبیرت نەمابوو کە چاوەڕوانی سنووری هەیە، بەخشینی بێبەرامبەر سنووری هەیە، بەرگەگرتنی ژیانێکی خاڵی لە سۆز و میهرەبانیی سنووری هەیە، وەرنەگرتنی ئەو بایەخەی شایستەتە سنووری هەیە، دڵشکان و هەموو شکانێک سنووری هەیە و لە خاڵێکدا ئیدی ئەوەی شکاوە چاک نابێتەوە، بیرت نەبوو قۆناغێک لە هەموو پەیوەندییەکدا هەیە کە تیایدا مرۆڤ شکستەکان و بردنەوەکانی، دڵئارامی و دڵشکانەکانی، خەم و خۆشییەکانی، خەندە و فرمێسکەکانی، هەر هەموویان دەکاتە تەرازووەوە و ئەگەر مایەپووچ دەر چێت ئیدی بڕیاری بەردەوام

نەبوون دەدات، لە هەموو هەڵەکانیشت گەورەتر ئەوە بوو کە وات زانی ئەو ساتەی ڕۆیشت، ئەو ساتە بوو کە لەدەستت دا، نەتزانی کە ئەو لەدەستدانە لەمێژ بوو دەستی پێ کردبوو، بێ ئەوەی درکی پێ بکەیت و پێش ئەوەی بە جەستە لەدەستی بدەیت، وردە وردە و پارچە لەدوای پارچە لەدەستت دابوو، نەگبەتیەکەشت ئەوە بوو ئەو پرۆسەیە زۆر درێژ بووبوو و بە درێژاییی ئەو چەند ساڵە دەرفەتت هەبوو ڕێ لە لەدەستدانی بگریت، بەڵام ئەو هەموو دەرفەتەی هەتبوون نەتقۆستبوونەوە، چونکە بە غروری نێرینەییی خۆتەوە وات زانیبوو ژنان بۆ ئەبەد چاوەڕێی پیاوان دەکەن!

٢٠١٨/٠٨/٢١

# ئەزموون

لەوسەری ئەو بەشەی مۆزەخانەکەوە بە خۆی و سێچارەکە سپی و تیشێرتە ڕەشەکەیەوە دەر دەکەوێت، ڕیشی هاتووە و هەتاوی ئەرمینیا و سەر دەریاچەی سیڤان باش سووتاندوویەتی، دەتوانم بڵێم لە قۆزترین و ڕێکپۆشترین حاڵەتەکانیدا نییە، من دەمێکە لە گەڕان هیلاک بووم و لەسەر یەکێک لەو کورسیانەی بۆ حەوانەوە دانراون، دانیشتووم، پێشتر قسەیەکی ئەو وای لێی کردم لێی دوور بکەومەوە و بەخێرایی و بەتەنیا ئەوەی لە مۆزەخانەکە مابوو، سەیری بکەم و تەواو ببم، نەنووسینی زۆربەی زانیارییەکانی سەر شتە نمایشکراوەکانی ئەو بەشە بە زمانی ئینگلیزی لەمەدا یارمەتیدەرم بوو، چونکە تەنیا سەیرم دەکردن و هیچ کاتم بە خوێندنەوەوە نەبرد، بەڵام ئەو هێشتا بەشێنەیی بەسەر هەموو شتەکاندا دەگەڕێت و بەوردی تەماشای پارچە و دۆکیومێنتە نمایشکراوەکان دەکات، دڵنیام لە سەرە جەنجاڵەکەیدا هەزاران لێکدانەوە و پرسیار دروست بوون.

ئەو جارێ منی نەدیوە، یان ڕەنگە بینیبێتمی بۆیە وا بێخەم دەگەڕێت، چونکە دڵنیایە کە ون نەبووم، من لێی ورد دەبمەوە و دەبینم هێشتا ئاوازێک لە دڵمدا لە کاتی سەیرکردن و وردبوونەوە لێی دەژەنرێت، هێشتا وزەیەک لە ناخمدا بەرەو لای ئەو شەپۆل دەدات، ئەمەش دڵخۆشم دەکات و ئومێدم پێ دەبەخشێت، ئومێدی ڕۆژگاری زیاتر و گەڕان و گەشت و سەفەر و سەرکێشی و ئاسوودەیی زیاتر، خەڵک زۆر سەرقاڵن بە هەوڵدان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئایا هەستی بەرامبەرەکەیان

هێشتا وەک جاران ماوە یان نا، بەڵام پێم وا بێت دڵنیابوونەوە لەوەی هەستی تۆ بۆ ئەوان وەک خۆی ماوە و هێشتا هەموو شتێک لە ناختدا لە جێی خۆیەتی، ئەگەر لەوەی یەکەم گرنگتر و دڵخۆشکەرتر نەبێت کەمتر نییە، دواجار مردنی خۆشەویستی لە پەیوەندییەکدا گەورەترین کارەساتە، جا گرنگ نییە لە دڵی کاممانندا دەمرێت!

لێم نزیک دەبێتەوە و بەخۆشییەوە پێی دەڵێم، "ئەو دەرگایەت بینی؟ زۆر جوان و تایبەتە!"

ئەویش دەڵێت، "نا، جارێ نەمدیوە"

پێی دەڵێم، "برۆ، ئەوەتا لەو سەرە."

ئەو بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێت و منیش سەرنجم دەچێتە سەر ئەو ژن و پیاوە بەتەمەنانەی پێکەوە هاتوون و بەردەوام قۆڵیان لە قۆڵی یەکدایە و لە پارچەکان ورد دەبنەوە و بیروڕا دەگۆڕنەوە، بیر دەکەمەوە، ئەمان دوای ئەوەی تەمەنێک پێکەوە ژیاون و ئەو کاتەی ماویانە کەمترە لەوەی تێیانپەڕاندووە، هەڵبەت شتێک لەسەر گرنگیی پێکەوە بەسەربردنی کات و نزیکی دەزانن؟ هەڵبەت شتێک لەسەر بەهای ئەم ساتانە دەزانن، پێ دەچێت ئەم ساتانە زۆر بەنرخ بن و ئێمە جارێ درکمان پێیان نەکردبێت، بۆیە هەڵدەستمە سەر پێ و بەرەو لای ئەو دەڕۆم، لە کاتێکدا پشتی لێمە، قۆڵ دەکەم بە قۆڵیدا و دەچمە تەنیشتیەوە دەوەستم، ئەویش بێ ئەوەی چاو لەسەر ئەو پارچە نمایشکراوەی بەردەمی لا ببات خێرا دەکەوێتە قسە و سەرسامیی خۆی دەر دەبڕێت، منیش بەرەو لای دەرگاکەی دەبەم، ئەوەی بۆم باس کردبوو، ئینجا سەرلەنوێ بەو خاوییەی ئەو دووبارە لێی ورد دەبمەوە و ئەم جارە ئەو ئەو پرسیارانە دەکات کە لەلای دروست بوون، منیش دوای باشتر خوێندنەوەی ئەو وردەکارییانەی بە ئینگلیزی نووسراون و بیستنی پرسیارەکانی ئەو، دەرگاکە بە چاوێکی نوێوە دەبینم و زیاتر پێی سەرسام دەبم.

Scanned with CamScanner

بەم شێوەیە بەسەرسامیی دوو منداڵ بەناو مۆزەخانەکەدا دەگەڕێین و بە زمانی کوردی و دەنگێکی تا ڕادەیەک بەرز سەرسامیی خۆمان بۆ شتەکان دەر دەبڕین و پرسیاری بێ وەڵام دەکەین، دەبینم ژنە چاودێرێک بە تیلەی چاو سەیرمان دەکات، ڕەنگە ئەم ڕەفتارەمانی لا سەیر بێت یان زۆری بە دڵ نەبێت، بەڵام من زۆرم بە دڵە و نامەوێت ئەم ساتانە وا زوو تەواو بن، چونکە نازانم تەمەن یان خۆشەویستی، دەرفەتی چەند ساتی دیکەی لەو جۆرەمان پێ دەدەن.

٢٠١٨/٠٩/٠٣

Scanned with CamScanner

# لەکۆتاییدا

لە کۆتاییدا ئەویش ماندووە، ماندووە لە هێز، لە بە پێوە وەستان و خۆڕاگری و نەکەوتن، لە نەگریان، لە نەترسان، لە بایەخنەدان، لە هەستنەکردن، لە نەبینین و نەبیستن، لە هەڵوێست وەرگرتن، لە بەغیرەتبوون، لە توورەبوون، لە دڕندەبوون، توندوتیژبوون و نەبوونی لێبووردەیی، لە پەلەقاژێ و ڕاکەڕاک و چاڵهەڵکەندن و داونانەوە، لە نانپەیداکردن و بەرگریکردن و پاراستن و پشتوپەنابوون، هیلاکە لە یاسا و ڕێساکانی خۆی، لە مەرجەکانی ئازایەتی و شەهامەت، لە دەبێت و نابێتەکانی، مەگەر تۆ نازانیت چەند ناخۆشە ئەو بێت! چەند سەختە! سەختە هەر خۆت قوربانی و جەللاد بیت، هەر خۆت ستەمکار و ستەملێکراو بیت، خۆت بار بیت و هەڵگری بارەکەش هەر خۆت، باری کەسایەتیت، گوناه و تاوان و بیرکردنەوەی چەوت و نائاگاییت، باری درۆ و تاریکی و بوودەڵەیی دەمامکدارت، باری پیاوەتیی و شەرەف بە شەرتی چەقۆ، من پێت دەڵێم، دواجار ئەویش هیلاکە، ماندووە، شەکەتە، شەکەتە لە پێناسەکان، لە چاوەڕوانییەکان، لە خۆی، لە ڕەگەزی خۆی، لەنێرینەبوون، لە پیاوبوون، لەو مەودا دوورەی نێوان تۆ و خۆی، هیلاکە، زۆر هیلاک! بەڵام چاوەڕێ مەبە دان بەمەدا بنێت، چونکە خۆشی کەم تا زۆر درکی بەمە نەکردووە، مەگەر پێت نالێم زۆر گوناحە!

٢٠١٨/٠٩/٠٤

Scanned with CamScanner